

# سەرۆکی کوردستان
#ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان پیرۆز دەکات

بەبۆنەی تێپەڕبوونی ١٧ ساڵ بەسەر دەرچوونی گۆڤاری گوڵان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی ئاراستەی ستافی گۆڤارەکە دەکات و هیوای بەرەوپێشچوونی بەردەوامی بۆ دەخوازێ، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

**بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان**

**بەڕێزان سەرنووسەر و ستافی گۆڤاری گوڵان**

**سڵاو و ڕێز**

بەبۆنەی تێپەڕبوونی حەڤدە ساڵ بەسەر دەرچوونی گۆڤاری گوڵان، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی یەکەیەکەی ئێوەی خۆشەویست دەکەم.

هیوادارم گوڵان وەك گۆڤارێکی سیاسی تەمەن درێژ، هەر چۆن رۆڵی لە ڕێڕەوی رۆژنامەنووسیی ئازادی کوردیدا دیارو بەرچاو بووە، لە دەسپێکی ساڵی نوێی تەمەنیدا زیاتر خەمخۆری تەواوکردنی پەیامە پیرۆزەکەی بێت.

ئێستا گوڵان گەشەکردنێکی دیاری بەخۆیەوە بینیوەو لە ناو گۆڤار و رۆژنامە سیاسییەکاندا سەنگێکی تایبەتی بۆخۆی پەیدا کردووە و چووەتە قۆناغێکی نوێوە و بووەتە سەرچاوەیەکی باش بۆ زانیاری و بڵاوکردنەوەی ڕای جیاواز، سەبارەت بەپرسە ناوخۆ و دەرەکییەکان و لە هەمووشیان گرنگتر بەرز راگرتنی پرەنسیپ و ئەخلاقیەتی رۆژنامەنووسییە کە ئەمەیش جێی ئەوەیە دەستخۆشی لە سەرنووسەر و ستافەکەی بکرێ.

**لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم**

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

# سەرۆکی کوردستان ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پیرۆز دەکات




سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی سەدوسێزدەمین ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە، پیرۆزباییەکی گەرمی ئاراستەی سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرد، ئەمەش دەقەکەیەتی:

**بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان**

بەبۆنەی یادی سەدوسێزدە ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە، لە قووڵایی دڵەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم و ئومێدی سەرکەوتن و گەشەکردنی زیاتریان بۆ دەخوازم لە جێبەجێکردنی ئەرکە هەستیار و گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەیاندا.

بێگومان ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان چ لە قۆناغی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و چ لە سەردەمی ئازادی و هاتنە کایەی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و ڕۆژگاری دیموکراسیی، ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە، هەر بۆیە ئەمڕۆش کە گەلەکەمان لە بەردەم ئەو پێشهات و بارە هەستیارەدایە، دیسان ڕۆژنامەنووسان ئەرکێکی پڕ لە لێپرساوێتیان دەکەوێتە سەرشان و دەتوانن ڕۆڵی باڵاتر و کاریگەرتر بگێڕن و بەشێوەیەکی پیشەیی و لە سۆنگەی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان ببنە بەشێك لە جوانترکردنی ئەزموونەکەی گەلی کوردستان و بە ڕەخنەی بەجێ و خەمخۆرانە کەموکوڕیی و ناتەواوییەکان دەستنیشان بکەن و چارەسەری گونجاویان بۆ پێشنیاز بکەن، هەروەها بەشدارییەکی چالاکانە بکەن لە گەشەپێدان و قووڵترکردنەوەی نەریتی دیموکراسیی و لێبوردەیی و گیانی یەکتر قبووڵکردن و بەیەکەوە ژیانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان و پتەوکردنی هاوچارەنووسیان.

ڕۆژنامەنووسان مافی خۆیانە تا ئەو پەڕی ئازاد بن و دەسەڵاتیش پێویستە کار بۆ زیاتر فەراهەم کردنی ئەو ئازادییە بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە ڕۆژنامەنووسانیش لە سنووری ئەتەکێتی ڕۆژنامەوانی دەرنەچن و سنووری ئەو ئازادییە نەبەزێنن کە بۆیان دابین کراوە و دەبێ ئەخلاقیەتێکیش هەبێ کە هەموومان پێکەوە کۆبکاتەوە.

ئێمە خاوەن کیانێکی سەربەخۆ نین، لە هەرێمێکداین کە تا ئێستا هەڕەشەیەکی زۆری لەسەرە، بۆیە ئەرکی هەموو ڕۆژنامەنووسانە کە بە ئەرکی نیشتمانی خۆیان هەڵستن و ئەم هەقیقەتە لەبەرچاو بگرن.

لە کۆتاییدا جارێکی تر جەژنی ڕۆژنامەنووسیی لە هەموو ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پیرۆز دەکەم و هیوادارم کە ئەم یادە بۆنەیەك بێت بۆ پێداچوونەوە و داڕشتنی پلان و بەرنامەی گونجاو بۆ پێشخستنی کاروانی ڕۆژنامەنووسیی لەسەر بنەمایەکی نیشتمانی و نەتەوەییدا.

**لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم**

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

# ئیسلامی سیاسی
# چ تەجرەبەیەک دووبارە دەکاتەوە


ئاسۆ کەریم

ئیســـلامی سیاســـی، دیاردەیەکی هاوچەرخی جیهانی عەرەب و موســـڵمان نشینە. نکوڵی لەوە ناکرێ کـــە ئـــەم دیاردەیـــە، چ پۆزەتیف و چ نێگەتیف، رەنگی خۆی بەسەر هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەو دەوڵەتدا ڕشتووە. ئەم رەنگڕشتنە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە.

هەنـــدێ لەچاودێـــران و لێکۆڵـــەران پێیانوایە سەرهەڵدان، نەشونماو خورتبوونی ئیسلامی سیاسی، بە توندڕەو و میانڕەوەوە، لەجیهانی عەرەبنشیندا، بۆ شکستی ئایدیۆلۆجیا و بزاڤی ناسیۆنالیستی عەرەب و بۆ شکســـتی ئایدیۆلۆجیاو بزاڤی مارکسیستی دەگەڕێتەوە. نەخوازەڵڵا ناســـیۆنالیزمی عەرەب لە دوای شەڕی دووەمی جیهانەوە، پاش پاکتاوکردنی کۆلۆنیالیزم و راگەیاندنی سەربەخۆیی، لەزۆرینەی هەرەزۆری وڵاتانی عەرەب، ســـوکانی حوکمڕانیی کەوتۆتەدەست و نەشیاوە کێشەو گرفتە بنەڕەتییەکان: نەخوێندەواری، هەژاری و نەداری و دەستکورتی، ستەم و زۆر، بێ خزمەتی چارەسەر بکات...

بـــەو مانایـــە، زەوینە هەبووە، یـــان یاریدەدەری هەبووە بۆ ئەوەی ئیســـلامی سیاســـی دروشمی «ئیسلام چارەســـەرە» بەرزبکاتەوە و، خەڵکێکیش وەکو پەناگەیەك ڕووی تێبکەن...

دیارە بـــۆ بەربەرەکانێی بلۆکی کۆمۆنیســـتی و رێگەگرتـــن لەهەڵکشـــان و پەلوپۆهاویشـــتنی ئەو بلۆکەوگەیشـــتن بەناوچەی کەنداوو جیهانی عەرەب و موسڵمان نشین، بەتایبەت پاش غەزووی ئەفغانســـتان لەلایـــەن یەکێتیـــی ســـۆڤییەتەوە، خورتبوونی ئیسلامی سیاسی، نەمازە باڵە پەڕگیرو جیهادییەکەی، پێخۆشـــبوون و دنەدان و کۆمەکی راستەوخۆ و ناراســـتەوخۆی رۆژئاوا و ئەمریکای لەپشـــت بووە. ئەو باڵـــە جیهادییە توندڕۆیەی کە تا برانـــەوەی شـــەڕی ســـارد، «هاوپەیمانێکی ڕانەگەیەندراوی رۆژئاوای سەرمایەدارو لیبراڵ و دیموکـــرات» بوو، پاش ئەو قۆناخە بووە خەتەر بۆ سەر «ئەمریکا و رۆژئاوا و ڕژێمە دەستچنەکانی» و ١١ی سێپتمبەری ٢٠٠١ نموونەیەکی بەرچاوی ئەو خەتەرە بوو...

لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردودا، ئیسلامی سیاسی، بەسوننگەراو شـــیعەگەراوە، لەو وڵاتانەی هاتۆتە ســـەر حوکم، نموونەیەکی حوکمڕانیی بە ئەمن و ئەمانەت، دادپەروەر، خزمەتگوزارو تا رادەیەك جێ پەسندی کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی، تورکیا و مالیزیای بەکەمێ ئیستیسنائاتەوە لێ دەرچێت، نەهێناوەتـــە ئاراوە. هەنـــدەی کارو تێکۆشـــانی لایەنەکانی ئیسلامی سیاسی لە وڵاتانی عەرەب و موسڵماننشیندا، نهێنی و نیمچەنهێنی و متوربەکراو بووە بە توندوتیژی نواندن و تەکفیرکردنی ئەوی تر بـــووە «بەتەنیا ئەوی تری غەیرە دین نا، بەڵکە لە هەندێ جومگەدا ئەوی تری خاوەن ئایدیۆلۆجیا و بیروباوەڕی تری سیاسی»، کەمتر رووی لە خەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانەی ئاشکراو و هەڵکردن بووە لەگەڵ لایەنە سیاســـییەکانی تـــر لە چوارچێوەی شـــەرعییەتدا...تەنانەت ئەو بەیەکەوە هەڵنەکردنە، نێوانی باڵەکانی کاری سیاســـیی ئیسلام خۆیشی گرتۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئیسلامی سیاسی بۆ

**ئیسلامی سیاسی کە لە سەرەتای پەنجاکانەوە، چ بە شێوەی تاك- تاکە و چ دواتر بەشێوەی رێکخراو ڕووی لەکوردستان کردووە، ئاکارو لاساییکردنەوەی «ئیسلامی سیاسیی دنیای عەرەبی» پێوە دیاربووەو تەنانەت هەندێ لەتوێژەران بەدرێژکراوەی ئەویشی دەزانن لە «قاڵبێکی کوردی»دا...**

خۆی واقیعێکی حاشالێنەکراوی دنیای سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێمەیە...

دیارە کوردســـتانی عێراق، لە رووی نەتەوەییەوە بەشێك نەبووەو نییە لە جیهانی عەرەب، لێ چونکە لە رووی سیاسی، ئابووری و تەنانەت کولتووریشەوە لکێنـــدراو و پاشـــکۆ و هاوئایینی عێـــراق بووە، ئیسلامی سیاسی کە لە سەرەتای پەنجاکانەوە، چ بە شێوەی تاك- تاکە (فردی) و چ دواتر بەشێوەی رێکخراو رووی تێکردووە، ئاکار و لاساییکردنەوەی «ئیسلامی سیاسیی دنیای عەرەبی» پێوە دیاربووە و تەنانـــەت هەندێ لـــە توێـــژەران بەدرێژکراوەی ئەویشی دەزانن لە «قاڵبێکی کوردی»دا...

لەکاتێکدا، لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١و هاتنەئارای دەسەڵاتی خۆبەخۆی کوردییەوە، وەکو چۆن ڕێگەو دەرفەت بۆ لایەنە غەیرە ئیسلامییەکان هەبووە هەڵبسوڕێن، ئاواش بۆ لایەنە ئیسلامییەکان هەبووە. بەو مانایە بە پێچەوانەی وڵاتانی عەرەب، لەوانە میسر کە بە بێشکەی ئیسلامی سیاسیی «ئیخوان» دادەنرێ، ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، ناچار نەکراوە پەنا بۆ کاری نهێنی و نیمچە نهێنی ببات، بەڵکە بەگوێرەی قانوونی ئەحزاب، ئەگەر گەرەکیان بووبێت، خۆیان ڕێکخستووە و بەشداریی پرۆسەکانی هەڵبژاردن و تەنانەت حوکمڕانیشیان کردووە بەگوێرەی قورسایی خۆیان چ لە ساتەوەختی حکومەتی هاوبەش و چ لە ساتە ناخۆشەکانی دوو ئیدارەییدا. هەڵبەت ئەوانەیان نەبێت کە لە بنەڕەتدا توندوتیژو پەروەردەکراوی دەستی عەرەبی ئەفغانی و قاعیدە بوون کە هەر لە زووێکەوە کەوتنە سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی کوردی و لە ئەدەبیاتی خۆیاندا ئەو دەسەڵاتەیان بە «کافر و هەڵگەڕاوەو بەکرێگیراو» ناو بردووەو جیهادیان لە دژی ڕاگەیاندووەو بەکردەوەش زەرەرو زیانێکی زۆریان لە کورد داوە...

بەو مانایە، ئیسلامی سیاسیی شەرعی: «یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە»، لە چوارچێوەی قانوونی کارپێکراودا کاری سیاسی خۆیان دەکەن و بەشداری لە گەمەی دیموکراسی دەکەن و لەناو پەرلەماندا نوێنەرایەتی خۆیان هەیە. «بزووتنەوەی ئیسلامی» بەشداری لە حکومەتدا کردووە و، دوو تەرەفەکەی تر «یەکگرتوو، کۆمەڵ» لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆندان. ئیسلامی سیاسی چ لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆن دابێ و چ لەبەرەی دەسەڵات، بەشێکە لە سیستەمی سیاسیی کوردستان و لە دەرەوەی سیستەم نییە. لێ چاوەڕوان دەکرا، ئیسلامی سیاسی، وردە-وردە لە هەلومەرجی کراوەی کوردستاندا، ڕەنگوڕووێکی تر، یان ئەزموونێکی تر، کولتوورێکی تری کاری سیاسیی ئیسلامی، بێنێتە کایەوە کە زێتر رووی لە نموونەی ئاق پارتی تورکیا (وێرای کەموکورتییەکانی ئەو حزبەش)، بایە و خۆی لە نموونەی ئیسلامی سیاسیی وڵاتانی عەرەبی وەربگێڕایە. من بەیەک بەبارە خۆم، زێتر هزرم بۆ ئەوە دەچوو، ڕەنگە زێتریش لەبەر ئەوە بووبێت کە چەند دۆستێکی نزیکم هەن لەناو سەرکردایەتی یەکگرتوودا، کە یەکگرتوو زێتر بە لای «سەمت و ئاڕاستەی ریفۆرمیستانەو سەرئاوالآی ئاق پارتی» دا دەشکێنێتەوەو وردە- وردە، نموونەیەکی تری مەندی ئۆپۆزیسیۆنی بەرانبەر «ئەزموونی خۆنەگرتووی سیاسیی کوردستان» دێنێتە ئاراوە کە بەلانی کەمەوە «کۆمەڵی ئیسلامی»یش ناچار دەکات لە پاشخانە توندو چەکدارییەکەی، دوور بکەوێتەوەو بەلای خۆیدا بکێشێت... ئەوەی وای لێدەکردم، ئەو هزرە بکەم، بەتایبەتی هاوهەڵوێستی نوێنەرانی یەکگرتوو بووە چ لە ساتەوەختی ئەنجوومەنی حوکم لە بەغداو چ لە (٢٠٠٥-ەوە تا ٢٠١٠/٣/٧)، ئەوە سەرباری خیتابی ریفۆرمیستانەی بەردەوام لەبەرنامەو کاری ڕاگەیاندنی ئەو حزبەدا تا ٢٠٠٩/٧/٢٥. بەڵام دوای ئەوەی کە یەکگرتوو، چووە ناو بەرەی ئۆپۆزیسیۆنەوە، بەداخەوە، هەر سێ تەرەفی ئۆپۆزیسیۆن کەوتنە کێبەرکێی ئەوە کە کێهەیان داهێنەری ئۆپۆزیسیۆنە لە تەجرەبەی سیاسیی کوردستاندا و ڕەنگە ئەو وەهمەش وای لێکردبن، کە کێهە لایەن زۆر توندتر بێت لە دوو لایەنەکەی تر، ئەوا دەنگدەران بەلای ئەودا دەکەونەوە...لەسەرینی ئەمەوە، وردە-وردە کێڕقی نەسازان، ڕەقەکاری، پێچەقاندن و تەنانەت تەماهی و دنەدانی جادەش، بەتایبەتی لە دوای ١٧ی شوباتەوە، لە خیتابی سیاسیی یەکگرتوودا بەرەو ژوور هەڵکشاوە لە پێشبڕکەدایە لەگەڵ «گۆڕان و کۆمەڵ»دا. کە ئەوە دەڵێم وەنەبێت، ئۆباڵی ئەم ڕەوشە، هەمووی بکەوێتە سەر ئۆپۆزیسیۆن، بەڵکە پارتی و یەکێتیش لەبەر دەسەڵات و حوکمڕانێتیان، بەشێکی زۆری بەرپرسیارەتیی پاراستنی سیستەم و تەناهی و سەقامگیری و هێورکردنەوەی ڕەوشی هەنووکەی کوردستانیان دەکەوێتە ئەستۆوە...لێ ئەوەی من زێتر لەم وتارەمدا رووی دەمم لێیە، ئیسلامی سیاسی و باڵە «نەرمڕەو و ئیصلاحخوازەکە»ی بوو کە بە داخەوە ئەگەر لەسەر ئەم ڕەوتەی بمێنێتەوە، بەرەو تەجرەبەی ئیخوانیی عەرەبی بادەداتەوە نەک تەجرەبەی ئەردۆگان- گوڵ، سەبارەت بە هەڵکردن و قبوڵکردنی ئەوی دیکەو دەستگرتن بەدیالۆگ و ریفۆرمی هەنگاو بە هەنگاو لە چوارچێوەی ڕێوشوێنی دەستووریی و قانوونیی ئارادا....


**ئەگەر باڵە «نەرمڕەو و ئیصلاحخوازەکە»ی ئیسلامی سیاسی لەسەر ئەم ڕەوتەی ئێستای بمێنێتەوە، بەرەو تەجرەبەی ئیخوانیی عەرەبی بادەداتەوە نەک تەجرەبەی ئەردۆگان- گوڵ، سەبارەت بە هەڵکردن و قبوڵکردنی ئەوی دیکەو دەستگرتن بەدیالۆگ و ریفۆرمی هەنگاو بە هەنگاو لە چوارچێوەی ڕێوشوێنی دەستووریی و قانوونیی ئارادا....**

# ئایین کۆڵەگەی کۆمەڵگەیە.. نـەک بۆدی حزبێکی سیاسیی

## پیرۆزیی ئایین ڕەهایە و لەگەڵ سیاسەت



# تێکەڵاو ناکرێت



((د.محەمەد عەبدولموتەلیب ئەلهۆنی)) لەکتێبی (تەڵەزگەی عەرەبی) پەرەگرافێکی جوانی ئاماژە پێکردووە و تێیدا دەڵێت(گرنگترین ئاستەنگ لەبەردەم بونیادی دیموکراتی لە وڵاتانی عەرەبیدا خراپ حاڵیبوونی موسڵمانانە، لەبەرئەوەی ئایین یەکێک نییە لەئاستەنگەکانی بەردەم پەرەپێدانی کۆمەڵگەکەیان، بەڵکو ئەو کاتە دەبێتە ئاستەنگ کە لەلایەن گرووپ و حزبەکانەوە، ئایین وەک ئایدلۆژیەتێکی سیاسیی بەکاربهێنرێت..


هەروەها جیهاد فەرزێکی غائیب نییە وەک حزبە سیاسییە ئیسلامیەکان بەردەوام دەیلێنەوە، بەڵکو فەررزێکی بەسەرچووە، بەحکومی ئەوەی سەردەمی دابەشکردنی لاهووتیانەی جیهان بۆ ماڵی شەڕو ماڵی ئاشتی کۆتایی پێهاتووە) ئەم پەرەگرافەی ئەلهۆنی(جیهادوەک فەرزێکی بەسەرچوو) دڵی هێورکردمەوە، هەروەک چۆن زارەوەکەی جەمال بەناش( کە ئەویش موسڵمانێکی میانرۆی ئاقڵمەندە) هەمان کاری تێکردم، کاتێک پێی وتم (فەرزی غائیب، فەرزی پەرەپێدانە نەک فەرزی جیهاد! پێویستە پەرەپێدانی کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکان کە تا بنباڵیان لەهەژاری نقووم بوون، ببێتە کارو سەرقاڵیمان و بیکەینە فەرزی غائیبی حازری ئێستامان، ئیتر بەسە هاندان و شێتێتی و ئاژاوەنانەوە)

هاشم ساڵح



جەمال بەدەوی بۆ گوڵان:

# ئەگەر بەشێوەیەکی تەواو لەئیسلام تێبگەین دەبێت ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ و ئاینەکانی دیکەش بگیرێت



## مەترسییەکانی دابەشکردنی جیهان بەسەر ماڵی خێرو شەڕدا

گەڵێکجار کە دەمانەوێت باسی پێگەو بەهای ئایین لەکۆمەڵگەدا بکەین، وەك حزبە ئیسلامییەکان یان خەڵکانێکی ئیسلامیزم، دەکەوینە ئەو هەڵەیەوەو ئایین و لاهووتیەت تێکەڵاو دەکەین، بێگومان مەبەستیشم لەلاهوتیەت تەنیا زاراوەیەك نییە تایبەت بەئایینی مەسیحی بێت، بەڵکو لاهووتیەت وەك زاراوەیەك بۆ تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت و بۆ ئایدلۆژیەتکردنی ئایین و دابەشکردنی جیهان بەسەر ماڵی خێرو شەڕدا، هەر بۆیە لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا سەدەکانی هەژدەو نۆزدەو، لەدەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیشەوە لەسەدەی هەژدەو نۆزدەوە تا ئێستا، دەستەبژێری هەردوو کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و ئیسلامی لەدوو بەرەدابوون، بەرەیەکیان لەهەوڵی ئەوەدا بوون،ئایین بەشێوەیەکی لاهوتی بۆ بەسیاسیکردنی کۆمەڵگە درێژە پێبدەن و بەرەیەکی دیکەش دژی ئەو سیاسەتە لاهوتیە ڕاوەستاونەتەوە، هەربۆیەشە کاتێك باسی سەردەمی ڕێنیسانس و مۆدێرنەی ئەورووپا دەکەین، دەبینین ڕۆشنفکران لەبەرەی دژایەتی ئایین و کەنیسە و پیاوانی ئایینی لەبەرەی پارێزگاری کردن لە ئاییندا بوون کە لەبنەڕەتدا بەرگریکردن بووە لە لاهوتیەت نەك ئایینی پیرۆزی مەسیحی، بەهەمان شێوە لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیش، لەبەر ئەوەی هەردوولای دەستەبژێر لە ژێرکاریگەرێتی ڕۆژئاوا بوون، ئەوا بەشێکیان کە خەریکی بەسیاسی کردنی ئایین بوون وەك گرووپی حەسەن بەنا لەمیسر کە ئیخوانی موسلمینیان لەکۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو پێ دروستکرد، پابەند بوون بە پارێزگاریکردن لە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیەتی خۆیان بەڵام لەناو بۆدی ئایینی ئیسلامیدا، ڕاشکاوانەتر وەك د.محەمەد شەریف فەرجانی لە کتێبی ( کێشەی نێوان ئایین و سیاسەت لە ئیسلامدا) سەبارەت بەسیاسیکردنی ئایینی ئیسلام لەلایەن دامەزرێنەری گرووپی ئیخوان موسلمینەوە دەڵێت: ( ئەو پیاوەی ئوسوڵیەتی بەمانای وشەی تۆتالیتاری و شمولی دارشتەوە، ئەوە بێگومان حەسەن بەنا بوو کە لەساڵی ١٩٢٨ گرووپی ئیخوان موسلمینی لەمیسر دامەزراند، پرۆژە ئایدیۆلۆژی و سیاسیەکەی حەسەن بەنا،

**ئایین یەکێك نییە لەئاستەنگەکانی بەردەم پەرەپێدانی کۆمەڵگە، بەڵکو کاتێك دەبێتە ئاستەنگ کە لەلایەن گرووپ و حزبەکانەوە وەك ئایدلۆژیەتێکی سیاسی بەکار بهێنرێت..**

مەترسییەکانی لە پرۆژەکەی تاڵیبان کەمتر نەبوو کە ویستیان لە ئەفغانستان لەناو کەشێکی تاریك و ترسناکدا جێبەجێی بکەن، هەر بۆیە ناکرێت حەسەن بەنا بە درێژەپێدەری پرۆژە چاکسازی و ئیسلاحیەکەی شێخ موحەمەد عەبدە و جەمالەدینی ئەفغانی دابنێین، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بانگێشەیەی تاریق ڕەمەزانی نەوەی حەسەن بەنایە کەئێستا لەسویسرا دادەنیشێت و بەوجۆرە تەفسیری بۆدەکات، لەبەر ئەوەی حەسەن بەنا ئەو کەسە بوو کە داوای لە مەلیك فاروقی پادشای میسر کرد کە پارتە سیاسییەکان لەمیسر ڕەتبکاتەوە و قەدەغەیان بکات، ئەمەش بە بیانووی ئەوەی فرەیی دەبێتە هۆکاری لێکترازان و لێکترازانیش لەئیسلامدا وەك بنا دەڵێت قبوڵ نییە))

### تەکفیرکردن و فەتوادان لەسەر ڕووناکبیران

ساڵانێك لەمەبەر گرووپی ڕۆشنبیرانی وڵاتانی عەرەبی بەپلەی یەکەم و دەوڵەتانی ئیسلامی بەپلەی دووەم لەهەوڵی ئەوەدا بوون کۆمەڵگە لەو فیکرە تۆتالیتاری و شمولییە ڕزگار بکەن، بۆیە کەوتوونەتە بەرەی دژایەتیکردن لەوسیاسەت و ئایدۆلۆژیەتەی گرووپی ئیخوان موسلمین و لەبەرامبەریشدا گرووپی ئیخوان لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تائێستا ئەوانەی وەك ( حامید ناسر ئەبو زەید و نەجیب مەحفووز و فەرج فۆدە و مەحمود محەمەد تەها و حەیدەر حەیدەر و دەیانی دیکە) فەتوای تەکفیریان لەسەر دراوە و بەشێکیان وەك فەرەج فۆدە تیرۆر کراون و ئەوانی دیکەش کە نەیانتوانیوە تیرۆریان بکەن وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتووە، ئەمەش ئەو مەترسییەیە کە جان جاك ڕۆسۆ خاوەنی تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە سیاسەتی لاهوتی لێی ترساوە و لەمبارەوە وتوویەتی(هەر یەکێك لەسەر بنەمای مەزهەب و تائیفە پێشوەختە خەڵك تەکفیر بکات، ئەوا دەبێت لەگۆڕەپانی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش دووربخرێتەوە) ئەم مەترسیەی جان جاك ڕۆسۆباسی دەکات مەترسی نییە لە ئایین وەك ئایینی مەسیحی یان هەر ئاینێکی دیکە، بەڵکو مەترسییە لەو ئایدۆلۆژیەتە سیاسییەی کە ئایینی کردۆتە ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی خۆی و بردنی سیاسەت بۆ سەرووی مێژوو نەك خوێندنەوەی سیاسەت لە سیاقی مێژوودا، بەرزکردنەوەی سیاسەت بۆ سەرووی مێژوو واتە هاوتاکردنی سیاسەتە بەئایین کە ئەمە نەك موسڵمانان بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی ڕەتیدەکەنەوە، لەکاتێکدا سیاسەت بریتی دەبێت لەخوێندنەوەی سیاسەت لەسیاقە مێژووییەکەی خۆیدا، ئەم حاڵەتە تەنیا کێشەی بۆ گەلانی عەرەبی و ئیسلامی دروست نەکردووە بەڵکو بۆتە کێشەی بیرمەندانی ئیسلامی خۆیان کەهەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە ئەو ڕووە جوانەی ئیسلامی سیاسی

(ئیسلامەوی یان ئیسلامیزم) دروستیکردووە دیانەوێت ئایین لە بێشکەوە بۆ قەبر تێکەڵاوی ژیانی کۆمەڵگە نەبێت تێکەڵاو بکەن و کاروباری ڕۆژانەی موسڵمانان و داهێنان و کارکردنیان پەکبخەن.

### بەحزبیکردنی ئایینی ئیسلام

پرۆفیسۆر محەمەد ئەیوب کە یەکێکە لەبیرمەندەکانی ئیسلام و بەراوردکاری نێوان ئایینەکان، لە دیراسەتێکیدا بەناونیشانی (ئیسلامی سیاسی:وێنەو واقیع: Political Islam: Image and Reality)، ڕاشکاوانە ئاماژە بەوەدەکات، لەدوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەرەوە سێ بیروبۆچوون سەبارەت بەئیسلام لە ڕۆژئاوا خۆی سەپاندووە کە بریتین لەوەی(ئیسلامی سیاسی وەك ئیسلام وایە و هاوشێوەی یەکن، ئیسلام وەك ئایین خۆی ئایینێکی توندوتیژە، تێکەڵاوکردنی ئیسلام و سیاسەت حاڵەتێکی دەگمەنە)) محەمەد ئەیووب لەگەڵ ئەوەی ئەم سێ بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە، لەهەمان کاتتدا بەرپرسیاریەتی ئەم تێروانینەی ڕۆژئاوا بۆ ئایینی ئیسلام دەخاتە ئەستۆی ئەو حزبە سیاسیانەی کە ئایینی ئیسلام دەکەن بە ئایدلۆژیایی حزبەکانیان، لەم ڕاستەوە ئاماژە بەوەدەکات بۆ ئەوەی هەموو ڕووەکانی ئیسلامی سیاسی (The Many Faces of Political Islam) بخەینە ڕوو ئەوا دەبێت لەپێناسەی زاراوەی ئیسلامی

**هەندێك گرووپ و ڕێکخراوی ئایینی وشەو دەستەواژەکان لە سیاقی خۆیان دەردەهێنن و دواتر بە چەشنێك بەکاری دەهێننەوە کە خزمەت بەئامانجە سیاسییەکانی خۆیان بکات.**

سیاسیی یان ئیسلامەوی ( Islamism) دەست پێبکەین، لەم حاڵەتەدا ئیسلامی سیاسیی بریتیە لەبونیادێکی ئایینی نەك خودی ئایینەکە، لەسادەترین ئاستتدا، هەڵگرانی ئایدلۆژیەتی ئیسلامی سیاسیی پێیان وایە، ئیسلام بریتیە لە بۆدییەکی ئیمانداریی، ئەوەی لایان گرنگە ئەوەیە کە کۆمەڵگە و سیاسەت تێکەڵ بکەن و پێکەوە بیکەنە سیستمێك و بۆ جیهانی ئیسلامی هاوچەرخ و بەهاوشێوەی یەکێتی ئەوروپا دەوڵەتێکی ئیسلامی بونیاد بنێن)) بۆ ئەم ڕاپۆرتە پرسیاری زیاترمان لە پرۆفیسۆر مەحمود ئەیوب کردووە، کە دواتر لەدرێژەی ئەم ڕاپۆرتەدا دەیخەینەڕوو، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، کە نەمێژووی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلامی سیاسیی دەبێتە بەشێك لە مێژووی ئێمە، نەمێژووی خەبات و قوربانییەکانی سەردەمی ڕێنیسانس و مۆدێرنە سەبارەت بەرووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی لاهووتی دەبنە مێژووی ئایینی ئیسلام لای نەتەوەی کوردو خەڵکی کوردستان، لەم چوارچێوەیەدا دەشێت خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ پێوەندی نێوان ئایین و کۆمەڵگەی کوردستان بکەین و ڕازیش نەبین کە فیکری هاوردە ئەو مێژووە ڕەسەن و پاکەی موسڵمانییەتی کورد لەگەڵ ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەیەتی لەکەدار بکات.

## لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ئایین پیرۆزە بەڵام سیاسەت پیرۆز نییە

جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت بەمانای ئەوە نییە، ئایین هێڵە گشتییەکانی حکومڕانی و سیاسەتی دیاری نەکردووە، بەڵکو بەو مانایەی ئایین تێکەڵاوی وردەکارییەکانی سیاسەت نابێت و ڕێگر نییە لەوەی موسڵمانان لەکاتی خۆی و بۆ چارەسەری کێشەکانیان بڕیاری گونجاو بدەن، ئەم دیاردەیە کە دەبێتە هۆکاری دروست بوونی لێبوردەیی نێوان ئایین و بۆچوونە جیاوازەکان، پێش هەردوو نامەکەی ڤۆڵتێر و جۆن لۆك بۆ لێبوردەیی؛ لە کوردستان و لەناخی هەر تاکێکی کوردستاندا بوونی هەبووە و مێژووی دێر و کەنیسەو مزگەوت و پەرستگاکانی کوردستان کە تائێستاش بوونیان هەیە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن،کە لێبوردەیی و پێکەوەژیان بەرهەمی شەڕێکی قورسی نێوان شاعیران و ڕۆشنبیران و حزبە سیاسییە ئیسلامییەکانی کوردستان نییە، بەڵکو بەرهەمی تێکەڵاونەکردنی ئایین و سیاسەتە لەکاتێکدا هەموو سەرکردە و کەڵەپیاوەکانی مێژووی نەتەوەکەمان

**بۆیە ئەوەی برنار لویس نووسیوویەتی رەفتاری گرووپ و حزبە سیاسیە ئیسلامییەکانە، نەك ئایینی پیرۆزی ئیسلام**



ستیڤن بلاکبورن بۆ گوڵان:

# تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەت دەبێتەهۆی کاڵکردنەوەی هەر پەیامێکی ئایینی و هۆکاری ژەهراویکردنی لایەنی ئایینی هەر پەیامێکە

هەموویان پەروەردەی حوجرەی مزگەوتەکان بوون و لەمزگەوتەکانەوە فێری خوێندەواری بوون و هەر لەمزگەوت و قورئانی پیرۆزەوە هێڵە گشتییەکانی مقاوەمەت و ڕووبەڕووبوونەوە بەگژ زوڵم و زۆرداری فێربوون، بەڵام ئەو مافەیان بەخۆیان نەدا حزبێکی سیاسیی ئیسلامی دروست بکەن و لێبوردەیی و پێکەوەژیانی نێوان ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بشێوێنن، بەپێچەوانەوە ڕێگرتن لە تێکەڵاو کردنی ئایین و سیاسەت بۆ هۆکاری ئەوەی ئایین وەك میتۆدو ڕێگا نیشاندەرێك بۆ کۆمەڵگە و بنەمای یاسا ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە لەسەروو هەموو شتێکەوە سەیر بکرێت و بوار نەدرێت لە سیاقی مێژووی سیاسەتتدا وەك سیاسەت ڕەخنەی لێبگیرێت، ئەمە هۆکاری ئەوە بووە کە هەموو کات پیاوان و زانایانی ئایینی ئیسلام پشتگیری سیاسەت و شۆڕشەکانی کوردستان بێت کە لەدژی داگیرکەرانی کوردستان هەڵگیرساون، کەواتە ئەو ڕاستیەی لەم چەند دێڕە بەدیار دەکەوێت ئەوەیە کە ئایین ئیسلام بێت یان مەسیحی یان یەهودی، بودی بێت یان هیندۆسی، هیچیان سەرچاوەی توندوتیژی نین، بەڵکو ئەوەی ئایین دەکاتە سەرچاوەی توندوتیژی ئەو لایەن و گرووپانەیە کە ئایین دەکەنە ئامێرێکی سیاسی بۆ ئامانجە سیاسیەکانیان، لەمبارەیەوە د.محەمەد شەریف فەرجانی خاوەنی کتێبی تەڵەزگەی عەرەبی، سەبارەت بە ناشرینکردنی ڕووی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەڵێت : ( وەك دەبینن گەوهەری ئایینی ئیسلام لێبوردنە نەك تۆڵە سەندنەوە، ئەوا هەرنابێت باسی دوژمنداری بکرێت کە لە ئایینی ئیسلام دوورە، بەڵام وەك دەبینین لەسەرانسەری جیهاندا وێنای ئەم ئایینە بۆتە وێنایەکی دوژمنداری و ترسناك، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەزیحانەی کە حکومەتی تالیبان لە ئەفغانستان

ئەنجامیداوە . هەروەها نابێت ئەو ڕەفتارە دڕندە و نامرۆڤایەتیانە لەبیر بکەین کە ئیخوانی موسلمین لە سۆدان ئەنجامیانداوە، هەروەها وەهابیەکان لە نیمچەدورگەی عەرەبی و نەیجیریا ئەنجامیان داوە. تاد، ئەم کارانە و ئەوانەشی بەدوای ئەم کارانەدا دێن، جیهانی گەیاندۆتە ئەو قەناعەتەی کە ئایینی ئیسلام ئایینێکی دوژمندارانەیە))، ئەوەی پرۆفیسۆر محەمەد شەریف فەرجانی ئاماژەی پێکردووە، نووسینی تۆژەرێکی ڕۆژئاوایی وەك برنار لویس نییە کە کتێبی ( ئیسلامی ئوسوڵی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا و لەروانگەی ئەمریکیەوە) نووسیبێتی، بەڵکو پرۆفیسۆر فەرجانی دەڵێت ئەوەی گرووپ و حزبە سیاسییە ئیسلامیەکانی وڵاتانی عەرەبی پیادەی دەکەن دەقاو دەق ئەوەیە کە تۆژەرێکی وەك برنار لویس نوسیوویەتی، بۆیە ئەوەی برنار لویس نووسیوویەتی ڕەفتاری گرووپ و حزبە سیاسیە ئیسلامییەکانە، نەك ئایینی پیرۆزی ئیسلام. لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ واقیعی سیاسیی کوردستان هەست بەچەند جیاوازییەك دەکەین کە لێرەدا بەخاڵ دەستنیشانی دەکەین:

١- بەدرێژایی مێژووی ئیمارات و بزووتنەوە و شۆڕشەکانی کوردستان، لەهیچ کام لە وێستگەکانی ئەم مێژووەدا هەست بەبوونی ئەو مەترسیە ناکەین کە لە جیهانی مەسیحی و ئیسلامی و یەهودی هەبووە، واتە بەرهەمهێنانی توندوتیژی لە ڕێگەی ئایینەوە، بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئەوەی داگیرکارانی کوردستان هەوڵیانداوە بەرێگەی ئایین و مەزهەبە جیاوازەکانی ئیسلامەوە دەستدرێژی بکەنە سەر گەلی کوردستان کە زۆربەی موسڵمان بوون، بەڵام لەناو گەلی کوردستاندا ئایین هۆکاری لێبوردەیی و پێکەوە ژیان بووە.

٢- ئەگەر سەیری پەیدابوونی هێز و بزووتنەوە و حزبی سیاسیی ئیسلامی لەکوردستاندا بکەین، دەبینن مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەراستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، بەڵام وەك هێزێك کە بتوانن کاریگەری سلبی لەسەر بارودۆخی کوردستان دروست بکەن، لەدوای ڕاپەرینی گەلی کوردستان و دەسپێکی پرۆسەی ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستانەوە بە تەواوەتی هەست بەبوونیان دەکرێت.

٣- ئەوەی کە زۆر جێگەی تێبینیە دەبینین

**هیچ کام لەم حزبە ئیسلامیانەی ئەمرۆ لەکوردستان بوونیان هەیە، هەڵقوڵاوی هەناوی موسڵمانییەتی کورد یان تێگەیشتنی کورد بۆ ئیسلام نیین**

کام لەم حزبە ئیسلامیانەی ئەمڕۆ لەکوردستان بوونیان هەیە، هەڵقوڵاوی هەناوی موسڵمانییەتی کـــورد یان تێگەیشـــتنی کورد بۆ ئیســـلام نیین، بەڵکو هەموویان فیکری هـــاوردەی ئایدلۆژیەت و سیاســـەتی عەرەبی ئیســـلامین و دەیانەوێت لە کوردستاندا بەزۆر پیادەی بکەن، راشکاوانەتر وەك ئەوەی گومانیان لە موســـڵمانییەتی کورد هەبێت هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە بەشێوازی ئایدلۆژیەتی ئیخـــوان و وەهابییەکان و لەســـەر ریتمی عەرەبی ئیسلامیان لاســـایی بکەنەوە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئایینی ئیســـلام خـــۆی بەزمانی عەرەبی بۆ پێغەمبەر ( ص) نەهاتۆتە خـــوارەوە، ئەی نابێت هەر بەوشێوازە موسڵمانبوونی خۆمان بسەلمێنین؟ لەوەڵامی ئەم پرســـیارەدا دەڵێین راســـتە هەموو ئایینە ئاسمانییەکان بۆ هەموو مرۆڤایەتی هاتوونە خـــوارەوە، بەڵام هەر نەتەوەیـــەك لەناو ئایینەکاندا مافی خۆیەتی ناسنامە و بوون و جیاوازی خۆی بســـەلمێنێت و لە مەسەلەکانی ئیمان و باوەڕهێنان و بەندایەتێتی پیشاندان بۆ پەروەردگار هەموومان وەك یەك ئەو پێوەندییانـــە پیادە دەکەین، بەڵام بۆ ســـوود وەرگرتن لە قورئان وەك دوایین مەرجەع بۆ کۆمەڵگە، ئەوا هـــەر نەتەوەیەك مافی خۆیەتی بەوجۆرە ســـوود لە قورئـــان وەربگرێت کە لەگەڵ بـــاری تایبەتی خۆی دەگونجێت، لەلایەکی دیکە خـــۆ ئەگەر پەروەردگار مەبەســـتی بوایە هەموو نەتەوەکان یەك نەتەوە بوونایە و جیاوازی لەنێوانیان نەمابایە ئەوا وەك لە سوورەتی نەحل فەرموویەتی (ولو شـــاء الله لجعلكم أمة واحدة ولكن يضل من يشاء ويهدي من يشاء ولتسألن عما كنتم تعملون )، ئەمە مانای ئەوەیە پەروەردگار خۆی مەبەستێتی کە ئیســـلام کۆمەڵێك نەتەوەی جیاواز بێت، بۆیە کاتێك حزبە ئیســـلامییەکانی کوردستان دەیانەوێت ئـــەم جیاوازییانە نەهێڵن و ســـیماو تایبەتمەندی موسڵمانی کورد بگۆڕن بۆ سیمای موسڵمانێکی دیکەی عەرەبی، ئـــەوا بمانەوێت یان نامانەوێت، چۆن حزب و گرووپە ئیســـلامییەکانی تاڵیبان و ئیخوان موســـلمین ڕووی ئاینی ئیسلامیان لای

**نەمێژووی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئیسلامی سیاسیی دەبێتە بەشێك لە مێژووی ئێمە، نەمێژووی خەبات و قوربانییەکانی سەردەمی رێنیسانس و مۆدێرنە سەبارەت بەرووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی لاهووتی دەبنە مێژووی ئایینی ئیسلام لای نەتەوەی کوردو خەڵکی کوردستان**

جیهان ناشـــرین کـــردووە، بەهەمان شـــێوە ڕووی خۆشیان لای گەلی کوردستان ناشرین دەکەن.

فەرزکردنی هەندێك دابو نەریت لەسەر ئافرەتان وەك حیجـــاب و جبـــە لەســـەر کچـــان و ژنانی کوردســـتان، ئەم دیاردەیە لەگەڵ ئـــەوەی فەرز نییە و حزبە ئیسلامیەکان وەك فەرز بەسەر کچ و ژناندا دەیســـەپێنن، بۆتە هۆکاری ئەوەی سیمای جوانی کچان و ژنانی کوردســـتان ناشرین بکەن، ئەدۆنیس شـــاعیری گەورەی عەرەب لەوتارێکیدا بەناونیشانی ( حجاب على الراس ام على العقل؟ ) نووســـیوویەتی: ( بۆچوونـــەکان هەر چەندێك بن ســـەبارەت بە دیـــاردەی فەرزکردنی حیجاب لەسەر ئافرەتی موســـڵمان، دەتوانین بڵێین هەموو تەئویلاتن، هیچ کەســـێك مولـــزەم ناکات بێجگە لەوەی خۆی جێبەجێی دەکات، هیچ دەقێکی قاتیع نییە بەو شـــێوەیە حیجاب فەرز بکات وەك ئەوەی ئوســـوڵیەکان داوای دەکەن. زۆرجـــار بەتایبەتی لەرۆژئاوا ئوسولیەکان دەڵێن ئافرەتان بە ئارەزووی خۆیان حیجاب دەکەن، بەڵام دەبینن کچێکی چوار ساڵانە حیجابی کردووە، پرسیار ئەوەیە ئایا کچێکی تەمەن چوارساڵە چی دەزانێت تا بە ئیرادەی خۆی حیجاب بپۆشێ یان نە ؟) ئەوجا بۆ ئەوەی خوێنەر لەم دێرانە بەهەڵە تێنەگات کە ئێمەش دەمانەوێت بەزۆر حیجاب لەســـەر خانمان فڕێبدەین، سەبارەت بەم پرسە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر جەمال بەدەوی بیرمەندی ئیســـلامی لەزانکۆی سانت ماری لە کەنەدا کـــردوو بەڕێزی لە لێدوانێکی تایبەتتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە سەبارەت بەم پرسە راشکاوانە رای

خۆی دەربڕی و وتـــی : ( ئەگەر بێت و ئایینی ئیسلام بەشـــێوەیەکی دروست پیادەبکرێت ئەوکات مافی هەموو لایەن و کەســـێك دەستەبەردەکرێت، لەبەرئەوەی ئایینی ئیسلام رێگەچارە و شێوازەکانی بەڕێوەچوونـــی لایەنەکانـــی ژیان دەستنیشـــان دەکات، لەبەرئەوەی ئیســـلام میکانیزمی هەیە کە رێگەنادات بە ســـەپاندنی شت بەسەر هاووڵاتیان. ئایا ئیسلام چی لەســـەر هاووڵاتیان دەسەپێنێت؟ حیجـــاب؟ تەنانەت پێغەمبـــەر «محەمەد د.خ» هەرگیز بـــە بەکارهێنانی فشـــار و هێز حجابی لەســـەر ئافرەتـــان نەســـەپاندووە. زۆر لە خەڵکی ئایین و شـــەریعەت وەکو دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و

**ئەو پیاوەی ئوسوڵیەتی بەمانای وشەی تۆتالیتاری و شمولی دارشتەوە، ئەوە بێگومان حەسەن بەنا بوو کە لەساڵی ١٩٣٨ گرووپی ئیخوان موسلمینی لەمیسر دامەزراند. پرۆژە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکەی حەسەن بەنا، مەترسییەکانی لە پرۆژەکەی تاڵیبان کەمتر نەبووە**





ستەمدار تێدەگەن و پێیانوایە شتەکان بەزەبری هێز دەسەپێنێت. پێغەمبەر «محمد د.خ» دەستیپێکرد بە پاککردنەوەی دڵی مرۆڤـەکان و پێوەندییەکی دروستکرد لەنێوانیان لەگەڵ خودای گەورە، پاشان کە باوەڕی تەواویان لادروســتبوو، ئەوکات بەبێ دوودڵی هەڵســتان بە پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکان. پێغەمبــەر بە باوەڕدروســتکردن و قەناعەتپێهێنان شتەکانی دەچەسپاند نەك بەزەبری هێز. ئایا پاش دابەزینــی ئایەتی «حیجاب» پێغەمبەر «د.خ» هەڵســتا بە ناردنی پۆلیســی ڕەوشت بۆ شاری «مەدینە» بۆ دەســتگیرکردنی ئەو ئافرەتانەی کە سەریان بە حیجاب نەپۆشییە؟ - شیکردنەوەی ئاییــن بە هەڵــە و گرتنەبەری میتــۆدی هەڵە خەڵکی لە ئایینەکە دووركردۆتەوە و ســیمایەکی ناشیرینی بە ئایینی ئیسلامی بەخشییە)) کەواتە ئەوەی ئەدۆنیــس لەوتارەکەی باســی دەکات و ئەوەی پرۆفیســۆر بەدەوی ئامــاژەی پێدەکات، ئایینی ئیســلام نەك هەر حیجــاب بەڵکو هیچ شتێك بەسەر کەســدا فەرز ناکات و ئەوەی حزبە ئیسلامیەکان بەناوی ئیســلامەوە فەرزی دەکەن، ئەوە حیجاب نییە بۆسەری مرۆڤ بەڵکو حیجابە بۆ شاردنەوەی ئەقڵی مرۆڤ.

٤-لایەنێکــی دیکــە کەحزبــە ئیســلامییە سیاســییەکانی کوردستان بەپێی قۆناخ هەنگاوی بۆهەڵدەگرن و ناوێرن بەئاشــکرا باسی لێوە بکەن، گۆڕینی مێژووی کوردو کوردســتانە بۆمێژووی عەرەبی بەناوی مێژوو و فتوحاتی ئیســلامیەوە، بەناوی ژیاننامەی ئەسحابەو پیاوچاکانی کاروانی ئیســلامەوە، ئەمە دیســان لەوانەیــە لەقاڵبێکدا ئەو پرســیارە بوروژێنێت، ئایا نابێت موســڵمانان بەمێژووی ئایینەکەی خۆیان ئاشنا بن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشــدا دەڵێین بەڵێ و گرنگە مێژووی ئایینی خۆمان بزانین، بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا موسڵمانانی کورد نەیانتوانیوە ببنە بەشێك لەو مێژووە؟ بێگومان بەدرێژایی مێژوویی ئیسلام زانای گەورە و ســەرکردەی گەورە لە کاروانی ئیسلامدا هەڵکەوتوون، بەڵام با خوێنەرانی ئەم دێڕانە خۆیان شــاهیدو حاکم بــن، ئایا حزبە ئیســلامییەکانی کوردســتان بایــەخ بەســەرکردە و زاناکانی کورد بەهاوشێوەی ســەرکردە و زاناکانی عەرەب دەدەن، لای حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان پێیان خۆش بێت یان پێیان ناخۆش بێت، دروستکردنی هەستی خــۆ بەکەمزانییــە لای کورد،هەوڵێکە بۆ دووبارە سڕینەوەی مێژووی کوردوکوردستان و سەر لەنوێ گرێدانەوەی بە مێژووییەکی دیکەی بێگانەوە کە هیچ پێوەندییەکی بەئیســلامەوە نییە، کە دەڵێین پێوەندی بەئیســلامەوە نییە، چونکە ئەو مێژووە بۆ ئەوە بایەخ پێنادرێت لەبەرئەوەی ئیسلام پایەی بەرز بێت، بەڵکو بایەخــدان بەو مێژووە بۆ ئەوەیە بەناوی ئایینــەوە برا گەورەیــی گەلێکی دیکە بەسەر نەتەوەی خۆیان فەرز بکەن، بێگومان ئەمە ڕووکاری لێنەهاتوویــی و ناتێگەیشــتوویی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە سەرکردایەتی حزبە سیاسیە ئیســلامییەکان لەکوردســتاندا دەکەن و هەســت بەبوونــی خۆیان ناکەن و شــانازی بەکوردبوونی خۆیانــەوە ناکــەن، بۆیە هەندێك جــار لابەلا وا پیشــاندەدن ئەوانیش وەك حزبی دادو گەشەپێدانی تورکیــا هەنگاو بۆ پێشــکەوتن و چاکســازی لەکۆمەڵگە هەڵدەگرن، بەڵام لەباری واقیعدا ئەوان نەدەبنە حزبی دادوگەشەپێدانی تورکیا، نەدەشتوانن بوێرانــە وەك ئــەو حزبــە خۆیان لەپاشــکۆیی گرووپەکانی ئیخــوان موســلمین و وەهابییەکان جیابکەنەوە، پرسیارێك کە ڕووبەڕووی یەکگرتووی ئیســلامی دەبێتەوە ئەوەیە، ئایا کاتێك تۆدەتەوێت هاوشــێوەی حزبی دادوگەشــەپێدان لەکوردستان ڕۆڵی خۆت بگێــڕی، فەرموو تۆش ئەوەندە ئازا بە وەك ئەو حزبە بەئاشــکرا بانگێشەی ئەوە بکە و بڵێ من دەمەوێت دەستووری کوردستان هاوشێوەی دەســتووری فەرەنســا و هۆڵەندا بێت و ئامادەم هەموو ئەو پێوەرانە جێبەجێ بکەم کە دەســتوری کوردستان دەباتە ئەو ئاستەوە، بەڵام بەداخەوە تازە بەتازە یەکگرتووی ئیســلامی بە بەخشــینەوەی حیجاب بۆ ســەر ئەقڵی ژنان و کچانی کوردستان دەیەوێت سەردەمی جاهلییەت لەکوردستان دووبارە دروست بکاتەوە.

## مەترسی بەسیاسیکردنی ئایین تێکشکاندنی کۆڵەگەکانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان

**لەدوای ڕاپەرینی گەلی کوردستان و دەسپێکی پرۆسەی ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستانەوە بەتەواوەتی هەست بەبوونی هێز و بزووتنەوە و حزبی سیاسیی ئیسلامی دەکرێت کە بتوانن کاریگەری سلبی لەسەر بارودۆخی کوردستان دروست بکەن**

**سەرکردەو کەڵەپیاوەکانی مێژووی نەتەوەکەمان لەمزگەوت و قورئانی پیرۆزەوە هێڵە گشتیەکانی مقاوەمەت و ڕووبەڕووبوونەوە بەگژ زوڵم فێربوون. ئەو مافەیان بەخۆیان نەدا حزبێکی سیاسیی ئیسلامی دروست بکەن و لێبوردەیی و پێکەوەژیانی نێوان ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بشێوێنن**

کاتێك دەڵێین بەسیاسیی کردنی ئایین دەبێتە هۆکارێك بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی، لەوانەیە هەندێك لە کادرە سیاسەکانی کۆمەڵ و یەکگرتوو وا لە هەوادارانی خۆیان تێبگەیەنن، کە ئێمە مەبەستمان ئەوەیە ئایینی ئیسلام توندوتیژی دروست دەکات، ئەوجا بۆ ئەوەی لەسەرەتاوە ئەو نییەتە خراپەیان پوچەڵ بکەینەوە دەڵێین نەخێر ( ئایینی ئیسلام ئاینێکی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانە و تۆی نەزان کاتێك دەیکەیتە ئایدلۆژییەت و سیاسەتی پێدەکەیت ڕووی ئەم ئایینە لێبوردەیە دەگۆڕیت بۆ توندوتیژی و یەکتری ڕەتکردنەوە و تەکفیری پێشوەختە و جاڕدانی جیهاد لەسەرای ئازادی بۆ ئاژاوەنانەوەو یەکترکوشتن) لەوانەیە کادرانی سەر بە کۆمەڵ و یەکگرتوو بڵێن باشە جیهاد چۆن مانای کوشتن و توندوتیژی دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر جیهاد ١٠ مانای هەبێت تەنیا یەك مانای پەنابردنە بەر توندوتیژی و کوشتنە، لەوەڵامی ئەو کادرانەی حزبە ئیسلامیەکانیش دەڵێین، زۆر مانای وشە هەیە چەند ماناشی هەبێت بەڵام یەك مانای دەبێتە مانای مەبەستدارو بەکار دەهێنرێت، لەمەش گرنگتر بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزانە بزانن کە فاووڵەکانیان پینە ناکرێت، ئێستا وشەی جیهاد لەزمانی ئینگلیزدا تەرجەمە ناکرێت و هەر بەجیهاد( Jihad) دەنووسرێت ئەمەش مانای ئەوەیە جیهاد بریتییە لەومانایەی کە ڕۆژئاوا بە پراکتیکی دەیبینێت، نەك لەزماندا بەچ شێوەیەك هاتبێت، سەبارەت بەم پرسە پرۆفیسۆر مایکل ئەی ناپ ئوستادی زانستی سیاسەت و شرۆڤەوانی سیاسەتی ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی واشنتۆن لەدیراسەتێکدا بەناونیشانی ( چەمکی جیهاد و پراکتیزەکردنی لای ئیسلامی سیاسیی ) بەدەق فەتواکەی بن لادنی نووسیووە کەلە ٢٣ شوباتی ١٩٩٨ ئاڕاستەی سەرجەم موسڵمانانی کردووە بەمجۆرەیە(هەموو ئەو تاوان و هەڵانەی کە ئەمریکییەکان ئەنجامیانداوە، ڕاگەیاندێکی ئاشکرای شەڕکردنە لەگەڵ خوا و پێغەمبەر و موسڵمانان.......هەر بۆیە جیهاد واجیبی هەر تاکێکە کاتێك دوژمن وڵاتی موسڵمانان تێکدەدات . سەبارەت بەشەڕکردنیش

**داگیرکارانی کوردستان هەوڵیانداوە بەڕێگەی ئایین و مەزهەبە جیاوازەکانی ئیسلامەوە دەستدرێژی بکەنە سەر گەلی کوردستان کە زۆربەیان موسڵمانن. بەڵام لەناو گەلی کوردستاندا ئایین هۆکاری لێبوردەیی و پێکەوە ژیان بووە.**



مەحمود ئەیوب بۆ گوڵان:

# ناتوانیت لە ئیسلامدا کەسێکی بێتاوان بکوژیت، بەڵام ئیسلامیە توندڕەوەکانی ئەم ڕۆژگارە، وەک ئەل قاعیدە بە بێ جیاوازی و دەستپاراستن خەڵکی دەکوژن

بۆ بەرچەرچدانەوەی دوژمن، ئەوا ئامانجێکە بۆ بەرگری کردن لە پیرۆزی ئایین، ئەمەش واجیبە . لەسەر ئەم بنەمایە و بۆ پیادەکردنی فەرمانی خوا ..ئەم فەتوایە بۆ هەموو موسڵمانان دەردەکەین. بریاڕدەدەین هەموو ئەمریکییەك و هاوپەیمانێکیان ( سەربازی و مەدەنی )ی بکوژرێت، ئەمە ئەرکی هەرتاکێکی موسڵمانە و لەهەر وڵاتێك ئەگەر بۆی کرا دەبێت بیکات)لێرەدا بەتەواوەتی بەرواری ئەو مەلا بەرێزەم لانییە لە چ بەرواریك لەبەر دەرکی سەرا فەتوای جیهادی داوە، بەڵام بەپێی ڕووداوەکانی ١٧ی شوبات پێدەچێت هەر نزیکی ئەو بەروارە بێت کە ئوسامە بن لادن فەتوای جیهادی ئاڕاستەی موسڵمانان کردووە کە ڕۆژی ٢٣ی شوباتی ١٩٩٨ە. لەوانەیە ئەو مەلایە لەسەر ئەو بنەمایە یادوەری فەتواکەی بن لادنی کردبێتەوە کە وەك دەڵێن ( ئەگەر زانیان ئەزم ..ئەگەر نەشیان زانی دزم) لەمەشدا واتە ئەگەر زانییان ولێیان کردم بە هەڵڵا ئەوا وەك چۆن ئەمجارە پینەی کرد و وتی جیهاد مانای زۆرە، بەڵام ئەگەر هەستی پێنەکرایە ئەوە هەمان فەتواکەی بن لادن بوو، لێرەوە ئەگەر بپرسینەوە ئایا بۆچی ئەم وشەیەش ( جیهاد ) کە وشەیەکی جوانە بەو جۆرە ناشرین کراوە، بێگومان لەبەر ئەوەی وشەی ( جیهادیش) کراوە بە ئامێرێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی سیاسیی، با پرسیار لێرەدا ئەوە بێت ئایا کاتێك مەلای سەر بەو حزبە سیاسییە دێت بانگێشە بۆ جیهاد دەکات، نییەتی ئەوەبووە چاکسازی بکرێت، یان دامەزراوە شەرعیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕووخێنرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە

بەیاننامەکەی لیژنەی کاتی بەردەرکی سەرا کە کوێرانە ناویان لێنابوو (سەرای ئازادی ) دەیداتەوە، قۆناخی ئینتیقالی دوای ڕووخانی دامەزراوە شەرعییەکانی ئێستای کوردستان دیاری دەکات، باشە ئەو دامەزراوە شەرعییانە چۆن دەڕووخێن؟ لەوانەیە هەندێك بڵێن بە شێوەیەکی ئاشتیانە؟ بەڵام واقیع دەریخست هەوڵەکان بۆ ئەوەبوو بەشێوازی توندوتیژی بڕووخێنرێن، کەواتە جیهاد ئەگەر ١٠٠٠ ماناشی هەبێت و تەنیا یەك مانای هاندانی توندوتیژی و کوشتن بێت، ئەوا مەبەستی مەلاکەی بەردەرکی سەرا کوشتن و توندوتیژی بووە نەك چاکسازی بەشێوەیەکی ئاشتییانە و بەناوی جیهادەوە، سەبارەت بەچۆنییەتی پەنابردنی ئیسلامی سیاسیی بۆ ئەم چەمکانە پرۆفیسۆر جۆلیان دینۆکس ( Guilian Denoeux) بەمجۆرە پێناسەی ئیسلامی سیاسیی دەکات و دەڵێت(ئیسلامیی سیاسیی فۆرمێکە لە سیاسەتکردن کە تاك و گرووپ و ڕێکخراوەکان، ئایینی ئیسلام دەکەن بە ئالەتێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکانیان) سەرنج بدەن بەکارهێنانی ئایینی ئیسلام بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئەم پێناسەیەی پرۆفیسۆر جۆلیان لەگەڵ وتەکەی نیکۆلا ماکیاڤیلی بەراورد بکەین کە دەڵێت( ئامانج پاکانە بۆ هۆکارەکان دەکات) دەبینین لێرەدا کاتێك ئایینی ئیسلام دەبێتە هۆکار بۆ ئامانجێك کە گەیشتنە بە دەسەڵات بەشێوازی ناشەرعی و توندوتیژی، با خوێنەری بەڕێز خۆی بڕیار بدات، ئایا ئایینی ئیسلام هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بەشێوەیەکی ناشەرعی ؟ ئایا کاتێك حزبە سیاسیی ئیسلامییەکان بەمجۆرە بێ ویژدانییە لەگەڵ ئەو ئایینە پیرۆزە مامەڵە بکەن ؟ ئایا سبەی بەچ جۆە ویژدانێك مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگە دەکەن؟ بۆیە لەم حاڵەتەدا وەك جان جاك ڕۆسۆ دەڵێت و لەپێشەکی ئەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەمان پێکرد پێویستە لەمەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکرێنە دەرەوە، بێگومان ڕۆسۆ لە وتەکەیدا مەبەستی ئایینی مەسیحییە کە بەوجۆرە بەسیاسەت ناشرین دەکرێت، لەکاتێکدا بەدەق لە ئینجیلدا هاتووە(ئەوەی بۆ خوایە بۆ خوا و ئەوەی

**ئایا کاتێك مەلایەکی سەر بەحزبێکی سیاسیی دێت لەبەردەرکی سەرا بانگێشە بۆ جیهاد دەکات. نییەتی ئەوەبووە چاکسازی بکرێت. یان دامەزراوە شەرعییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕووخێنرێت؟**

بۆ قەیسەر بۆ قەیسر) هەروەها ئاستی لێبوردەیی لەئایینی مەسیح و لەسەر زاری حەزرەتی مەسیحەوە لەو ئاستەیە کە دەڵێت(ئەگەر یەکێك زللەیەکی لێدای، ڕوومەتت وەرگێڕە با زللەیەکی دیکەشت لێبدات) بەڵام کاتێك دەگۆڕێت بۆ سیاسەت، ئەوە ئەو مێژووە ڕەشەیە کە لە ئەوروپا پێی دەڵێن مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەو قەسابخانەو کۆمەڵکوژییەیە کە ئەورووپای دوای سەدەکانی ناوەڕاستی پێ دەناسرێتەوە، لەم چوارچێوەیەداو سەبارەت بە ناشرینکردن و بە سیاسییکردنی ئایین پرسیارمان لە پرۆ فیسۆر ستیڤن بلاکبۆرن تۆژەری باڵا لەسەنتەری ماکدۆناڵد بۆ دیراساتی ئیسلام و مەسیحی و پێوەندی نێوان ئەو دوو ئایینە و لە لێدوانێکی تایبەتتدا بەمجۆرە سەبارەت بە تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەت هاتە ئاخاوتن و وتی( پێمولیە تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەت دەبێتەهۆی کاڵکردنەوەی هەر پەیامێکی ئایینی و لەڕاستیدا دەبێتەهۆی ژەهراوییکردنی لایەنی ئایینی هەر پەیامێك، کەواتە جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت کارێکی زۆرگرنگە. ئەمەش لەبەرئەوەیە ئەو سیاسییانەی هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات دەدەن، ئایین دەکەنە ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، کەواتە کەڵك و سوودی خراپ لە ئایین وەردەگرن، ئەمەش دەبێتەهۆی شێواندنی پەیامی ئایینی، چونکە ئەو کاتە ئایین دەبێتە شتێکی لاوەکی بە بەراورد بە ئامانجە سیاسییەکان، لێرەوە ئەگەر سەرنج لەهەندێك گرووپ و ڕێکخراوی ئایینی بدەین، دەبینین وشە و دەستەواژەکان لەسیاقی خۆیان دەردەهێنن و دواتر بەچەشنێك بەکاری دەهێننەوە کە خزمەت بەئامانجە سیاسییەکانی خۆیان بکات. ئەو کاتە مانا ڕاستەقینەکانی وشە ئایینییەکان بزر دەبن، لەبەر ئەوەی بەهۆی بەکارهێنانی خراپی ئەم وشانەوە لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوە ماناکانیان دەشێوێت، ئەو ڕێکخراوانەی ئایین بۆ بەدەستهێنانی مەرامە سیاسییەکانی خۆیان بەکار دەهێنن. ئەمەش کۆمەڵگە بەرەو داخراوی دەبات نەك کراوەوە، بەڵام لێرەدا ئەوە بزانین کە کۆمەڵگەی داخراو نەك تەنیا لە ڕێگای ئایینییەوە، بەڵکو دەکرێت لە ڕێی

**ئایا ئایینی ئیسلام هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بەشێوەیەکی ناشەرعی ؟ ئایا کاتێك حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان بەمجۆرە بێ ویژدانییە لەگەڵ ئەو ئایینە پیرۆزە مامەڵە بکەن ؟ ئایا سبەی بەچ جۆرە ویژدانێك مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگە دەکەن؟**



جەیمس مارتن شرام بۆ گوڵان:

# کاتێک گرووپە توندڕەوەکانی هەر ئایینێک تێکەڵ بە ژیانی سیاسی بن، ئەوکات دەبنە هۆی سەرهەڵدانی نالێبوردەیی و توندوتیژی

سەپاندنی هەر ئایدۆلۆژیایەکی سنووردارەکەرەوە، بە چەشنی ئایدلۆژیایی مارکسی- لینینیەوە کۆمەڵگەکان بنە کۆمەڵگەی داخراو. مەرج نییە هەموو ئایینێك کۆمەڵگە بەرەو داخران ببات. چونکە دەکرێت هەندێ فۆرمی بیروباوەڕ کراوەوبەرفراوان و لێبوردە بن. هەروەها هەندێ لە پارتە سیاسییەکان کە لە کەلتوری ئایینییەوە گەشەیان کردووە، بەچەشنی پارتی دیموکراتی مەسیحی لەئەڵمانیا، بانگەشەی سەپاندنی ڕێسا ئایینییەکان ناکەن بەسەر کۆمەڵگەی ئەڵمانیدا (ئەگەرچی بانگەشەی پیادەکردنی ئەخلاقیاتی مەسیحی دەکەن لە بواری سیاسیدا).

### هێشتنەوەی بوار بۆ گفتوگۆ

لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بەتێکەڵکردنی ئایین و سیاسەت و ئاستەنگ دروستکردن لەبەردەم دیالۆگدا،پرۆ فیسۆر جەیمس مارتن شرام ئوستادی ئایین لە زانکۆی(لۆسەر) لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن و وتی(پێویستە ئاماژە بەو ڕاستیە بدەم کە بەسیاسەتکردنی ئایین پێشتر ڕوویداوە لە کۆمەڵگەکانی کرستیانییەت، هاوکات لە ئایینەکانی تریش ئەم شتە ڕوویداوە، تەنانەت گەر ئایینی ئیسلام بێت یان یەهوودییەت و ئایینەکانی تر. هەربۆیە، بەڕای من دیاردەی بەسیاسەتکردنی ئایین تەنیا تایبەت بەئایینێکی دیاریکراو نییە، لەهەمان کاتیشدا پێموایە کە نالێبوردەیی و توندوتیژی-ش تایبەت بە ئایینێکی دیاریکراو نییە. بەڕای من لێرەدا کێشەکە بریتیە لەوەی کە لەهەموو ئایینە جیاوازەکاندا توندڕەوی هەیە، بۆیە کاتێك گرووپە توندڕەوەکانی هەر ئایینێك تێکەڵ بە ژیانی سیاسی بن، ئەوکات دەبنە هۆی سەرهەڵدانی نالێبوردەیی و توندوتیژی. ئەمەش بابەتێکی مشتومڕ لەسەرکراوە لەبواری دیراساتی ئایینی، بەتایبەتی لەڕووی پێناسەی ئایین و جیاکردنەوە یان جیاوازییەکانی لەگەڵ سیاسەت. ئەگەر تۆ موسڵمان بیت یان کرستیان، ئەوە لە گۆشەی ئایینەکەتەوە سەیری جیهان دەکەیت. ئێمە لە ڕۆژئاوادا بەتایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توانیمان ئاستەکانی توندوتیژیی ئایینی کەمبکەینەوە لەڕێگەی قسەکردن و هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی «کڵێسە» لە دەوڵەت، یان جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت. لەلایەنێکی ترەوە، بەپێویستی دەزانم بڵێم کە ئەگەر بێت و مرۆڤ لە گۆشەی ئایینەکەیەوە سەیری جیهان بکات مەرج نییە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی توندوتیژی و نالێبوردەیی، لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و لەم ڕوانگەیەوە سەیری جیهان بکرێت کە تیایدا خودا و کتێبە پیرۆزەکانی تاکە سەرچاوەی دەسەڵات بن و پیادەکردنی بەشێوەیەکی دروست، ئەوکات کۆمەڵگە ئایینییەکان دەبن بەمایەی بڵاوکردنەوەی لێبوردەیی و پێکەوەژیان.بەڵام ئەم سەردەمەی کە ئێمە ئەمڕۆ تیایدا دەژین سەردەمێکی زۆر ئاڵۆز و سەختە و پڕە لە پشێوی و بۆ زۆربەی خەڵکی مایەی نیگەرانییە. هەربۆیە، بەڕای من ئەرکی سەرەکیی ئوسوڵییەکان، لەهەموو ئایینەکان، بریتیە لە ئاسانکردنەوەی شتەکان. لایەنێکی تر بریتیە لە «پیاوسالاری» و زاڵبوونی لەسەر ئافرەت، هەموو گرووپێکی ئایینی ئوسوڵی بە نایەکسانی مامەڵەدەکات لەگەڵ ئافرەتان و جیاواز لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ پیاوان. هەر بۆیە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری ڕێکخراوێکی وەك بزووتنەوەی تاڵیبان بکەین،دەبینین جگە لە بۆچوونەکانی خۆیان گرنگی بەهیچ بۆچوونێکی تر نادەن. ئەگەر بێت و ڕێکخراوی «تاڵیبان» دەسەڵات بەسەر ناوچەکە بسەپێنن، ئەوکات پێموایە کە گرووپەکانی تر فەرامۆش دەکەن و ناتوانن باس لە باوەڕو ئایینەکانی خۆیان بکەن بەتایبەتی ئەگەر ئایینەکەیان جیاواز بێت لەگەڵ ئایین و باوەڕی «تاڵیبان». بەڵام ئەم دیاردەیە تەنیا تایبەت

**چەندین سەدەیە کریستیانەکانی ڕۆژهەڵات ئازادن لەڕۆیشتن بۆ دادگاکانی تایبەت بەخۆیان لەبارەی مەسەلەکانی هاوسەرگیری و تەڵاقدان و لایەنەکانی تری ژیان لەبەرئەوەی ئەم مەسەلانە پەیوەستە بە باوەڕ و ئایینی خۆیانەوە**

بە «تاڵیبان» نییە، بەڵکو زۆربەی گرووپە موحافیزکار و ئوسوڵییەکان-یش دەگرێتەوە. هەربۆیەش، بەڕای من زۆر گرنگە هەوڵدان هەبێت بۆ دەستەبەرکردنی ئازادییەکانی ئایینی و سیاسی لە هەر نەتەوەیەکدا، هەڵبەتە ئەم کارەش زۆر زەحمەتە بەتایبەتی کاتێك کە گرووپە ئایینییەکان تێگەیشتنێکی توندیان هەیە لەسەر «حەقیقەت». تاکە رێگە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەوەیە کە پێویستە مرۆڤەکان گفتوگۆ لەگەڵ یەکتری بکەن بەشێوەیەکی نافەرمی، هەروەها بەشێوەیەکی فەرمی لەپێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە ئایینییەکان لەڕووی سیاسییەوە بۆ کەمینەکانی کۆمەڵگە.))

سەبارەت بە شێواندنی رووی لێبوردەیی ئایین و ئاستەنگ دروستکردنیش بۆ دیالۆگی نێوان ئایینەکان، پرۆفیسۆر مەحمود ئەیوب بیرمەندی ئیسلامی و راوێژکاری فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ ئیسلام لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن(لە ڕاستیدا تۆ ناتوانیت لە ئیسلامدا کەسێکی بێتاوان بکوژیت بەڵام ئیسلامییە توندڕەوەکانی ئەم ڕۆژگارە، وەك ئەلقاعیدە بەبێ جیاوازی و دەستپاراستن خەڵك دەکوژن و ئەمەش کارێکی ناقانوونیە لەئیسلامدا، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە بزانین ئەلقاعیدە لەبۆشاییەوە دروست نەبوو بەڵکو کاردانەوەبوو بۆ شەڕی ئەفغانستان و عێراق، لە بنەڕەتدا ئامانجی ئەم ڕێکخراوە دەرپەڕاندنی ئەمەریکا بووە لە خاکی موسڵمانان، بەڵام من پێم وایە لەبەر ئەوەی زۆرینەی موسڵمانەکان دەیانەوێت بە ئاشتی بژین، ئەوا ئەم ڕێکخراوە ناتوانێت سەرکەوتوو بێت. من پێشتر ئاماژەم بەوەکرد کاتێك کەسانێك دەسەڵات لەدەست دەدەن، وەك موسڵمانەکان، ئەوا پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، ئێستاش ئەلقاعیدە دەسەڵاتی نییە و ئەم کارە دەکات، ئەم ڕێکخراوە ناتوانێت لە ڕێی دیبلۆماسیەوە، یاخود فشاری ئابوورییەوە دەسەڵات بەدەست بهێنێت، ئەوا پەنا بۆ توندوتیژی دەبات، توندوتیژیش خراپە و دژی ئیسلامە،سەبارەت بە دیالۆگی نێوان ئایینەکانیش لەڕاستیدا چەند هەوڵێك هەبوونە لەم ڕووەوە کە تەواو سەرکەوتوو بوونە، بۆ نموونە سەرۆکی پێشوی ئێران، محەمەد خاتەمی بانگەشەی گفتوگۆی نێوان شارستانیەتیەکانی دەکرد، لەبری پێکدادانی شارستانییەتیەکان کە هانتیگتۆن بانگەشەی بۆ دەکرد. من نازانم ئێوە بەڵگەنامەی «وشە-باوەڕی- هاوبەش» تان بینیبێت، کە لەلایەن ١٣٨ زانای ئیسلامییەوە ئیمزا کرا و ڕەوانەی پاپا و وڵاتە ئەوروپییەکان کرا و چەندین کۆنفرانس لە ئەوروپا و ئەمەریکا ئەنجامدران لەم بارەیەوە، لە ڕاستیدا ئەمەش لە قورئاندا هاتووە « قل یا اهل الکتاب تعالوا الی کلمە سواء بیننا و بینکم الا نعبد الا الله». کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە گفتوگۆ لەنێوان ئایینە جیاوازەکاندا بکرێت،ئەمە پێویستی بەوە هەیە ئەم ڕێگەیە هەڵبژێرین و قوربانی بەهەندێ بەرژەوەندی خۆمان بدەین.

هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەناشرینکردنی ڕووی ئایین لەلایەن گرووپ و ڕێکخراوە ئیسلامیەکانەوە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر جەمال بەدەوی کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (هۆکاری ناشیرینکردنی سیمای ئایین

**پێغەمبەر بە باوەڕدروستکردن و قەناعەتپێهێنان شتەکانی دەچەسپاند نەك بەزەبری هێز. ئایا پاش دابەزینی ئایەتی «حیجاب» پێغەمبەر «د.خ» هەستا بەناردنی پۆلیسی ڕەوشت بۆ شاری «مەدینە» بۆدەستگیرکردنی ئەو ئافرەتانەی کە سەریان بە حیجاب نەپۆشییە؟**



دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵکردنێکی زۆر خراپ لەنێوان پێوەری ئاسـایی (پێوەری نموونەیی) ئایینی ئیسلام کە پەیوەستە بەسەرچاوە سەرەکییەکان لە قورئان و سوننەت، لەگەڵ سەرچاوە لاوەکییەکان لە وەرگێڕان و شیکردنەوەی وتەی زاناکان. بەڵام زۆرجار ئەم سـەرچاوانە تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ رەفتارەکانی موسـڵمانەکان. بۆ نموونە ئەگەر بێت و «جوو»یەك هەڵسوکەوتێك ئەنجامبدات، ئەوکات ناکـرێ بڵێین کە ئـەم تاوانە تاوانی «جووەکان»ە، هەمان شـت بۆ کریستیانەکان و موسڵمانەکان. بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ میدیاکانی رۆژئاوا لـە ڕوومالّکردنی ڕووداوەکاندا، ئەگەر بێت و هەر کەسـێك لە هـەر ئایینێکی تر هەر تاوانێك یان هەر کارێکـی هەڵە ئەنجامبدات، هەرگیز ناڵێن «ئەمڕۆ کریسـتیانێك هەڵسـتا بەئەنجامدانـی تاوانەکە یـان کارەکە»، بەڵام بەداخەوە کاتێك کە مەسـەلەکە بگاتە ئیسلام و هەر موسـڵمانێك، تەنانەت گەر لەلایەن ئیسلام و موسـڵمانەکان-یش مەحکوم کرابێت، ئەگەر هەڵسـتێت بەئەنجامدانی هەر کارێکی خراپ، ئەوکات میدیاکانی رۆژئاوا یەکسەر دەڵێن ئەمە موسـڵمانێکی تیرۆریسـتە، لەوانەشە زاراوەی «ئیسلامی تیرۆریستی» بەکاربێنن.

خاڵی دووەم: ئەگەر بێت و ئێمە بەشێوەیەکی تەواو لە ئایینی ئیسـلام تێبگەیـن، ئەوکات پێویستە ڕێز بنوێنین بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی هەمـوو کەمینەکان و ئایینەکانی تر، تەنانەت گەر مرۆڤ لە دەسەڵات بێت و یان سەرۆکیش بێت، ئەمەش ئەرکی هەموو حکومەت و دەوڵەتە ئیسلامییەکانە، پێویستە مافی هەموو کەمینـەکان بە یەکسـانی بپارێزێت و ڕێگە بە خـاوەن ئایینە جیاوازەکان ببەخشـێت بۆئەوەی ئایین و نەریتەکانیان بە ئازادانە مومارەسەبکەن، نەك هەڵسـتێت بە پێشێلکردن و چەواشەکردنی مافەکانیان. ئیسلام ئایینێکی چەواشەکار نییە، ئەگەر بێت و ئایینی ئیسلام بەشێوەیەکی دروست پیادەبکرێت ئەوکات مافـی هەموو کەمینە و ئایینەکانی تـری غەیرەئیسـلام دەپارێزرێت، بـۆ نموونە چەندین سـەدەیە کرسـتیانەکانی رۆژهەڵات ئازادن لە رۆیشـتن بۆ دادگاکانی تایبەت بـە خۆیان لەبـارەی مەسـەلەکانی هاوسـەرگیری و تەڵاقدان و لایەنەکانی تری ژیان، لەگەڵ پیادەکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بەخۆیان بۆنمونە لەبارەی دابەشکردنی موڵکـەکان پـاش تەڵاقدان، لەبەرئـەوەی ئەم مەسـەلانە پەیوەستە بە باوەڕ و ئایینی خۆیان. لەکاتێکدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تەنیا یـەك دادگا هەیە بۆ تەڵاقـدان و تەنیا یەك یاسای سێکیولار هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. بەواتای ئایینی ئیسلام بەشێوەیەکی فراوانتر ئازادییەکانـی بەتاکەکانی کۆمەڵگە بەخشـییە. مەبەسـتی سـەرەکی و بـاڵای «شەریعەت» بریتیە لە پاراستنی باوەڕ و ژیان و مێشـك و شەرەف و خێزان و موڵك، ئەمانەش پرەنسـیپی هەموو سیسـتەمێکی حوکمڕانییە ئەگەر سـێکیولار بێت یان نـا. ڕۆژئاوا دەڵێت ئازادیی ئایینی هەیـەو هەموو مرۆڤێك ئازادە لەمومارەسەکردنی نەریتەکانی، هەربۆیە دەبینین ٥ کۆڵەگە سەرەکییەکانی شەریعەت هاوتەریبن لەگەڵ سیستەمی عەلمانی)).



**گەر یەکگرتووی ئیسلامی دەیەوێت هاوشێوەی حزبی دادوگەشەپێدان لەکوردستان ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، فەرموو بائەوەندە ئازابێت هەر وەك ئەو حزبە بەئاشکرا بانگێشەی ئەوە بکات، بڵێ من دەمەوێت دەستووری کوردستان هاوشێوەی دەستووری فەرەنسا و هۆڵەندا بێت**



ئەسعەد ترکی سەرۆکی دامەزراوەی سەدرەین بۆ گوڵان:

# ئەوانەی سیاسەت بە سیاسەتی ئیلاهی ناودەبەن ئاستی نزمی فیکر و ئیفلاسی سیاسیی خۆیان پیشاندەدەن

**ئەسعەد ترکی سەرۆکی دامەزراوەی سەدرەین بۆ دیراساتی ستراتیژی، یەکێکە لە تۆژەرەکانی زانســتی ئیسلام و شەرعیەتی ئیسلام و چەندین دیراســەت و لێکۆڵینەوەی لەسەر رۆڵ و پێگەی ئایین هەیە، بۆ قســەکردن سەبارەت بە جیاوازی نێوان دەســەڵاتی تیۆکراتی کەنیســە لە ئەوروپا و سیاسەتی حزبە ئیسـلامیەکان، لە لێدوانێکی تایبەتــدا بەمجــۆرە بۆ گوڵان هاتــە ئاخاوتن:**

(دەســەڵاتی «تیۆکراســی» چەندین شـێوەی جیاوازی هەیە، یەکێك لەوانە دەسەڵاتی «کڵێسە» بوو لە ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست. خراپی لە حوکمڕانیی «کڵێســە» لەو سەردەمانەدا لەگەڵ ئەو زوڵم و ستەمەی کە «کڵێسە» دەیکرد، بووە هۆی ســەرهەڵدانی نارەزایی و پاشان شۆڕش و ڕاپەڕینــی لێکەوتەوە، یەکێك لە درووشــمەکانی ئەو سەردەمە، درووشــمێکی زۆر بەناوبانگە کە خەڵکی هاواریان دەکرد و دەیانوت: «بە ریخۆڵەی دوایین حاکم دوایین قدیس لەســێدارە دەدەین»، ئەویش بەهۆی تێکەڵکردنی ئایین بە سیاســەت لەو ســەردەمانەدا. ئــەوە بوو دوایــی خەڵکی ئەمەیان کرد بە پاســاوێك بۆئــەوەی بەتەواوەتی لــە «کڵێســە» دووربکەونــەوە، لەبەرئــەوەی تێگەیشــتنی ئەوان بەرامبەر «کڵێسە» ئەوە بوو کە «کڵێســە» خاوەن دەسەڵاتی «تیۆکراسی» بوو و مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە تەنیا لەگەڵ ئەو جۆرە حوکمڕانییە ئاشنابووبوون. هەربۆیە هەڵستان بە گشــتگیریکردنی ئەم حوکمە لەســەر هەموو جۆرە حوکمڕانییەکانی «تیۆکراســی»، ئەمەش هەمان پاســاو بوو کە دەســتەبژێرە رۆشنبیری و رووناکبیری و تەنویرییەکان دیانهێنایەوە، تەنانەت تاکو دوای شۆڕشــی فەرەنسی لەساڵی ١٧٨٩، ئەم هزرە بڵاوی کردەوە و گەیشــتە دەستەبژێری رۆشــنبیری و رووناکبیرەکانــی رۆژهەڵاتیش، هەربۆیە دەستەبژێری رۆشنبیری و رووناکبیرانی رۆژهەڵاتیش هەڵسان بە لەباوەشگرتنی بیرۆکەی عەلمانییەت «ســێکیۆلاریزم»، کــە بریتییە لە جیاکردنەوەی ئایین لە سیاســەت، بەڵام لەبیریان چوو کە قۆناغێکی پرشنگدار هەیە لەسەرەتاکانی پەیامی ئایینی ئیســلامی پیــرۆز، کە تیایدا ئیسلام بە قورئانی پیرۆز و ئەحکامە خوادییەکان حوکمڕانی دەکرد و بووە مایەی دابینکردنی هەموو حەز و ئارەزوو و ئاوات و خەونەکانی مرۆڤایەتی. راستە کە پاش سەردەمی «خیلافەی راشدینە» کودەتــا روویدا، هەروەها چەندین لادان و لەرێگە دەرچوون روویاندا کە دەوڵەتی ئیسلامیی گۆڕی و کردی بە دەوڵەتێکی «قەیسەری».

لەلایەکی دیکە و ســەبارەت بــەوەی ئایینی ئیســلام ئایینی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانە، بەڵام هەندێك گروپ و تاقمی سیاسی ئەم سیما جوانەی ئایینی ئیسلامیان ناشرین کردووە و کردوویانە بە توندوتیژی، ســەرۆکی دامەزراوەی سە دەرین لە درێــژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (زاراوەی «سیاســەت» چەندین واتا و پێناســەی هەیە، هەر پێناســەیەك پەیوەستە بە کۆڵەکەی فیکری و فەلســەفی و ئایدیۆلۆژیای ئەو کەســەی کە پێناسەکە پێشکەش دەکات. بۆنموونە «ئەفلاتون» دەڵێــت «سیاســەت هونــەری حوکمڕانیــە»، لەکاتێکدا «سوقرات» دەڵێت «سیاسەت هونەری حوکمڕانییە بە رەزامەندیی تاکەکان»، لەلایەنێکی ترەوە «دزرائیلی» دەڵێت «سیاســەت بریتییە لە حوکمڕانی لەرێگەی هەڵخەڵەتاندنی مرۆڤ»، هەروەها «میکیاڤیللی» لە وتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێــت سیاســەت بریتییــە لــە هێشــتنەوەی دەسەڵات لەدەستی حاکمەکان بەپشتگوێخستنی رێگەچارەکان کە بۆ ئەم مەبەســتە دەیگرنەبەر، کاتێك کە «میکیاڤیللی» لــە کتێبی «میر» لە وتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: «ئامانج پاســاو بۆ رێگەچارەکان دێنێتەوە»، کە ئەمڕۆ زۆربەی سیاســەتوانەکان لەم کتێبــە مەعریفە وەردەگرن، زۆربەی دەستەبژێرە سیاسییەکان لەم روانگەیەوە مامەڵە لەگەڵ تاکەکانــی کۆمەڵگە دەکەن کە پەیوەستە بە بنەمای قازانجکردن و سوودوەرگرتن و هەلپەرســتی و بەرژەوەنــدی. ســەبارەت بە سیاسەت لە روانگەی ئیسلامیشەوە ئێمە دەزانین کــە قوتابخانــە ئیســلامییەکان بیروبۆچوونی جیاوازییان هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کاروباری سیاسی. بۆ نموونە وێڕای جیاوازییەکان لەرووی عەقائیدی و فیکری بەشێوەیەکی گشتی چوار تیۆر هەن کەبریتین لە:

- تیۆری یەکەم لەلایــەن «گروپی دەرەوەی ئیمامی» پیادەکراوە، کە حاکمی سیاسی قبووڵ دەکەن تەنانەت ئەگەر بەسەرکوتکاری و بەزەبری شمشێریش نەتەوەکەی هاتبێتە دەسەڵات.

- لە «گروپــی ئیمامی» بەشــدا٣ تیۆری هەیــە، یەکێك لە تیــۆرەکان دەڵێت: (ئێمە هیچ پێوەندییەکمان بە سیاسەتەوە نییە لەبەرئەوەی ئێمە

**ئایینی ئیسلام ئایینی لێبوردەیی و پێكەوە ژیانە، بەڵام هەندێك گروپ و تاقمی سیاسی ئەم سیما جوانەی ئایینی ئیسلامیان ناشرین كردووە و كردوویانە بە توندوتیژی**


خاوەن ویلایەتێكی تایبەتین، بەواتای مامەڵەكردن لەگەڵ نەتەوە تەنیا لەڕووی فێركردنیان لەبارەی ئایینەكەیـــان و چۆنیەتی مومارەســـەكردنی و نەریتەكانیان.

- تیۆری ســـێیەم كە لەلایـــەن «مەحەمەد باقر ســـەدر» و «ســـید روح الله موسەوی ئەل خومەینـــی» دروســـتبوو، بریتییە لـــە تیۆری «ویلایەتـــی فەقـــێ»، كە ئـــەم گرووپە دەڵێن ویلایـــەت تەنیا بۆ خودایـــە، هەروەها دەڵێن خوا لـــە لوتف و رەحمەتـــی خـــۆی پێغەمبەرەكانی ناردووە، پاش پێغەمبـــەرەكان «ئیمامەكان» دێن كە درێژەپێدانی سروشتیی پێغەمبەری خاتەمن، هەروەها مەرجەعی ئایینی لە نەبوونی سەركردەی «مەعصـــوم»ی دوانزەیەمین، بەپێی كۆڵەگەی فیكری و عەقائیدیی بۆ گرووپی ١٢ ئیمامەكان، ئەو نوێنەری شەرعیی ئیمام-كردنە.

- تیـــۆری چـــوارەم كـــە لەلایەن شـــەهید «مەحەمەد سەدر» دانراوە، دەڵێت پێویستە لەسەر سەركردەی ئایینی باوەش لەهەموو پێكهاتەكانی نەتـــەوە بگرێت بە هەموو توێـــژە كۆمەڵایەتییە جیاوازەكانیانـــەوە و بەشـــێوەیەكی راســـتەوخۆ دەســـتێوەردانی سیاسەت نەكات، ئەویش پاساوێك بوو دەیهێناوە بەهۆی حوكمڕانییە ستەمدارەكەی رژێمی بەعسی بەدناو.

- تیۆری پێنجەم بەشـــانازییەوە باس دەكەم، كە لە كتێبی «حزبی ســـەدرینی ئیســـلامی» ئاماژەم پێـــداوە و لەچەندین بۆنە باســـمكردووە و بەنیازم بە ناونیشـــانێكی سەربەخۆ دایگرم لە كتێبـــی «تیۆری پێنجەم لە فیكری سیاســـیی ئیســـلامی»، ئەم تیۆریە دەڵێـــت، لەبەرئەوەی ئیســـلام ناتوانێت هەموو ئەو شـــتانە پێشكەش بكات كە ئاواتی بـــۆ دەخوازین، بەو هۆیەی كە زەوی بەگشتی حوكم ناكات، بەو ئیعتوبارەی كە هەرێمێكی دیاریكراو حوكم دەكات. بۆیە پێمولیە مەرجەعی ئایینی چوار هەڵبژاردنی لەبەردەمدا هەیە، یان ئەوەیە بەهیچ شـــێوەیەك دەستێوەردانی كاروباری سیاسی نەكات. یان هەڵبژاردنی دووەم بریتییـــە لەوەی دامەزراندنی پارتێكی سیاســـی ئیســـلامی، هاوشێوە لەگەڵ مەرجەعە ئایینەكان كە ئەمڕۆ هەن. هەڵبژاردنی سێیەم بریتییە لەوەی كە هەندێك جار دەستێوەردان بكات، ئەویش ئەگەر هات و بەپێویســـتی زانی دەســـتێوەردان بكات، یاخود ئەگەر دەســـتەبژێرە سیاســـییەكان داوایان لێكرد دەستێوەردان بكات. ئەم دەســـتێوەردانەش دوو ئەنجامی لێ دەكەوێتەوە، یەكێك لە ئەنجامەكانی ئەوەیە كە رێگە بۆ دەســـتەبژێرە سیاســـییەكان فەراهەم دەكات كە لەسەر پشتی مەرجەعییەتی ئایینی سەركەون لە وروژاندنی هەســـت و ســـۆزی جەماوەر و پاشان گەیشتن بە دەســـەڵات. ئەنجامی دووەم ئەوەیە كۆنترۆڵی لەســـەر شتەكان لەدەســـتدەدات، لەبەرئەوەی ناتوانێت حوكمڕانیی هەموو لایەنەكان بكات، بەڵام هەڵبژاردنی چوارەم بریتییە لەوەی كە پێویســـتە لەســـەر مەرجەعییەتی ئایینی هەڵبســـتێت بە خستنەڕووی كۆمەڵێك ناونیشان و ســـەردێڕی سەرەتایی و سەرەكی لە ئوســـوڵ و كۆڵێژەكان بەشێوەیەك كە دەستەبژێرە رۆشنبیری و فیكرییەكان ركابەری بكەن بۆ راكێشانی سەرنجی جەماوەر و بایەخدان بە ناونیشانی ئیسلامی و لەباوەشگرتنی فیكری سیاسیی ئیسلامی.

لایەنێكی دیكەی وتووێژەكەمان لەگەڵ سەرۆكی دامەزراوەی سەدرین، سەبارەت بەوەبوو، بۆچی لەلایەن هەندێك گرووپ و تاقمی سیاســـییەوە، سیاسەت لە كارێكی بەشـــەریەوە دەگۆڕن بـــۆ كارێكی ئیلاهی، ئایا تاچەنـــد ئەم گۆڕینە زیان بـــە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەگەیەنێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا ئەسعەد تركی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خســـتەڕوو: (ئەم چەمكە لەلایەن «میرەكانی جەنگ» و «ســـەركردەی تایفەكان» هاتەكایەوە. پێش هەموو شـــتێك دەمەوێت ئەوە بڵێـــم ئەم چەمكە گوزارشـــت لە ئاســـتێكی نزمی فیكر و ئیفلاســـێكی جەماوەری دەكات، بـــەو ئیعتوبارەی كە ئەمانە جگە لەڕێگەی وتاری «غەرائزی» هەرگیز ناتوانن سەرنجی شـــەقام بۆ لای خۆیان راكێشن. سیســـتەمێكی فیكری هەیە كە ئیســـلام بەجوانترین شـــێوە و بە بەرزترین بەها پێشكەش كـــردووە، بەڵام رۆژئـــاوا و هێزەكانی داگیركەر و ســـتەمدار و چەواشـــەكاری جیهان، پاش ئەوەی هەســـتی بە فراوانبوونی فیكری سیاســـیی ئیسلامی كرد لە رۆژئاوا، شتێكی دۆزییەوە بەنـــاوەی رێكخراوی «قاعیـــدە»، كە بـــەلای هەموومانەوە ئاشكرایە كە دروســـتكراوێكی بەریتانییە كە سەرچاوەكەی بۆ «بزووتنەوەی وەهابی» دەگەڕێتەوە، ئەگەر بێـــت و یادەوەرییەكانـــی «مســـتەر همفـــەر» بخوێنیـــن بۆمـــان دەردەكەوێت چۆنیەتی دروســـتبوونی ئـــەم بزووتنەوەیـــە، كـــە مەبەســـتەكەی بەســـتنەوەی ئایینـــە ئەسڵەكەی ئیســـلامی موحەمەدیە(د.خ) لەگەڵ ئیســـلامی توندڕەو كە بەتایبەتی دانرا بۆ تەكفیركردنـــی زۆربەی زۆرینەی بزووتنـــەوە موعتەدیلەكانـــی مامناوەند لە بزووتنەوە ئیسلامییەكان كە بانگەشە دەكەن بۆ بەمرۆڤایەتیكردنی مرۆڤایەتی و بە ئینسانكردنی مرۆڤ و پیادەكردنی ئایدیۆلۆژیای ئیســـلام نەك بەپێچەوانەوە. ئـــەم بزووتنەوانە دروســـتكران بۆ شێواندنی ســـیما جوان و راستەقینەكەی ئایینی ئیســـلامی پیرۆز و هەمـــوو كار و رەفتارەكانیان نە ئیســـلامە و زۆریش دوورە لە ئایینی ئیسلام. هەموو ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز لەگەڵ مێشكی مرۆڤ دەدوێت و هیچ شتێك بەزۆرەملێ ناسەپێنێت لەسەر مرۆڤەكان، بەڵام هێزەكانی جیهان و رۆژئاوا ژمارەیـــەك بزووتنەوەی توندڕەویان دروســـتكرد بۆ شێواندنی ســـیما راستەقینەكەی ئایینی ئیسلامی پیرۆز.





حوسێن ئەلعادلی سەرۆکی تەیاری دیموکراتی ئیسلامی بۆ (گوڵان):

# حزب و گرووپە ئیسلامییەکان، حزب و گرووپی ئایدلۆژین و ئایین بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی بگەنە دەسەڵات و بوارەکانی ژیان کۆنترۆڵ بکەن

**حوسێن ئەلعادلی یەکێکە لە رۆشنبیرەکانی عێراق و سەرۆکی تەیاری ئیسلامی دیموکراتی لەعێراق و یەکێکە لەو رۆشنبیرانەی لەسەر ئیسلام شارەزایی هەیە، بۆ ئەم راپۆرتە بەشداری کردین و سەبارەت بە هۆکاری تیکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:** ((بەڕای من سەرچاوەی ئەم تێکەڵکردنە دەگەڕێتەوە بۆ هۆی تێکەڵبوونی چەند چەمکێك، چەمکی یەکەم بریتییە لە تێکەڵبوونی ئایین لەگەڵ فیکری ئایینی و ئەزموونی ئایینی مێژوویی. بەڕای من زۆربەی چالاکییەکانی ژیان بەرهەمی فیکری ئایینی و ئەزموونی مێژوویی ئایینین نەك بەرهەمی ئایین-ەکە. پێموایە کە ئایین بانگەشە بۆ دروستبوونی «دەوڵەتی ئایینی» ناکات، بەڵکو زیاتر داواکارە بۆ دامەزراندنی «دەوڵەتی مرۆڤ»، کە تیایدا ئایین مرۆڤ بە بنەما و کۆڵەکەی سەرەکی دەژمێرێت، هەربۆیە من پێموایە کە بانگەشەی ئایین بریتییە لە داواکاری بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی، بەڵام فیکری ئایینی ( گۆڕینی ئایین بۆ ئایدلۆژیەتی سیاسیی ) هەوڵدەدات بۆ خستنەڕووی چەمکی «دەوڵەتی ئایینی»، ئەمەش هەر لە سەردەمەکانی «ئەبو ئەعلا مەوجودی» و ئیخوان موسلمین، لەسەر ئەم زاراوەیە کێشەمە کێش هەبووە، بەڵام من پێموایە تێکەڵکردتی ئایین و دەوڵەت ئشکالییەتێکی فیکری ئیسلامیە نەك ئشکالییەتێك بێت لە ئایینی ئیسلامدا. هەربۆیە من لەم موعادەلەیە تێناگەم و نازانم زاراوەی «سیاسەتی ئایینی» چ واتایەك دەگەیەنێت. بەڕای من ئایین لەڕووی پێوەر و بەهاکان و ستراتیژییەتەکان هیچ پێوەندییەکی نییە بۆ دەستێوەردان لە سیاسەت. هەربۆیە بەڕای من ئایین بریتییە لە ژمارەیەك لە پێوەری بەهادار و هەوڵ دەدات بۆ رێپیشاندان بە مرۆڤ)).

بەڵام وەك ئێستا دەیبینین بەهۆی بەکارهێنانی ئایینی ئیسلام وەك ئامێرێك بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی چەند گرووپ و تاقمێك کە ناویان لە خۆیان ناوە گرووپ و تاقمی ئیسلامی و سیمای ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان ناشرین کردووە، سەبارەت بەم لایەنە حوسێن ئەلعادلی لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: ((ئایین لەم جۆرە کارانە و بەرهەمهێنانی توندوتیژی بێتاوانە، هەروەها بێتاوانە لە رەتکردنە و هەوڵدان بۆ فەرامۆشکردن و ریشەکێشکردنی کەسانی بەرامبەر. لە قورئانی پیرۆزدا چەندین ئایەت هاتووە لەبارەی قبووڵکردنی بەرامبەر و فرەیی لە ژیان، بەڵام ئەو کەسانەی کە فرەیی و قبووڵکردنی کەسانی بەرامبەر رەتدەکەنەوە، ئەو کەسانەن کە پێیانوایە خۆیان خاوەن «حەقیقەت»ن، ئەم هزرەش لە دەرهاوێشتەکانی فیکری ئایینیە نەك ئایینەکە. هەر بۆیە ئەو تاقم و گرووپانە بەشێوەیەکی گشتی ئەمانە بزاوی ئایدیۆلۆژی ئیسلامین، کە هەوڵدەدەن بۆ لەدەستگرتنی دەسەڵات و شێواندنی کۆمەڵگە لەڕووی فیکر و رەفتار و لایەنەکانی ژیان. بەڕای من هەڕەشەی بزووتنەوە توندڕەوەکان لە هەڕەشەی خەڵکی «غەیرە موتەدەین»، زیاترە لەسەر ئایین، لەبەرئەوەی بزووتنەوە توندڕەوەکان هەوڵدەدەن بۆ دانانی ئایینی ئیسلام لەچوارچێوەیەکی توندڕەو و دژایەتیکردنی کەسانی بەرامبەر، تەنانەت گەر ئەو کەسانە هەرکێش بن. لەهەمان کاتیشدا ئەم جۆرە بزووتنەوانە بزووتنەوەی سیاسین زیاتر لەوەی کە بزووتنەوەی ئایینی بن، بەشێوەیەك کە مەبەستەکەیان گەیشتنە بۆ دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی رێڕەوەکانی ژیان. ئەوەشی بە ناوی ئایینەوە دەیکەن، پێوەندی بە ئایینەوە نییە و پاساوێکی ئایدیۆلۆژییە بۆ کوشتن و سەربڕین و ریشەکێش و پاکتاوکردنی کەسی بەرامبەر بەناوی ئایین. بەڕای من ئایین بێتاوانە لەم جۆرە کارانە و ئایین هەرگیز باوەڕ بەم رەفتارانە ناکات، هەموو ئایەتەکانی قورئان باس لە مرۆڤایەتی دەکات و دژی سەپاندنی ئایدیۆلۆژیایە لەسەر کەسانی بەرامبەر بە زەبری هێز و کوشتن. ئەم جۆرە رەفتارانە رەفتاری «بەربەری»ە و بەهیچ شێوەیەك لە بەها مرۆیی و ئایینیەکان نین)).

**بانگەشەی ئایین بریتییە لە داواکاری بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی، بەڵام ئیسلامی سیاسی داوای دەوڵەتی ئاینی دە کەن**



دکتۆر محەمەد شاکر پسپۆڕ لەبواری فیقهی بەراوردکراو بەیاسا (بۆ گوڵان):

# بەبۆچوونی حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان مرۆڤ گەر بەشداری لە ژیانی سیاسەت نەکات ئەوا ئیمانەکەی تەواو نییە، بەڵام نە لە قورئانی پیرۆز و نەلە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) وانییە

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام یەکێکە لە سیما جوانەکانی کوردستان و گەلەکەی کە بەشی زۆریان موسڵمانن، هەروەها ئەم ئایینە پیرۆزە بەدرێژایی سەدان ساڵ جیاواز لە ناوچەکانی دیکەی جیهان هەوێنی خۆشەویستی و پێکەوە ژیانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی گەلی کوردستان و هەوێنی فرەیی ئایینی بووە لەکوردستان، بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی ئەم ئایینە پیرۆزە و بەدیارخستنی ئەو هەوڵانەی کە هەندێك حزبی سیاسیی ئیسلامی ، دەیانەوێت ئەم سیما جوانە بشێوێنن، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز د.محەمەد شاکر پسپۆڕ لەبواری زانستی ئیسلامی کرد، کە ئەمە دەقی وەڵامەکانیەتی:**

**حزبە ئیسلامیەکان وا تەماشای سیاسەت دەکەن کە یەکێکە لە بنەما نەگۆڕاوەکانی ئایین**

**• هەموو ئایینەکان باس لە ئاشتی و لێبوردەیی دەکەن، بەڵام کاتێك هەر یەك لەم ئایینانە دەکرێنە بەرنامەی سیاسیی، دەبێتە سەرچاوەی توندوتیژی، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی کاتێك بە ئایین سیاسەت دەکرێت لێبوردەیی دەگۆڕێت بۆ توندوتیژی؟**

- پێوەندی ئایین بەسیاسەت بابەتێکی ئاڵۆزە و بۆچوونی جیاجیا لەمبارەیەوە هەیە، دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی ئایینی ئیسلام هێڵی پانی بۆ سیاسەت داناوە، بەڵام ئەگەر تەماشای قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د. خ) بکەین، دەبینین وردەکارییەکانی سیاسەت و تەفاسیلەکەی بۆ خەڵك بەجێ هێڵدراون، خەڵك بەپێی کات و سات تەماشای بارودۆخی خۆی دەکات و تەماشای هاوکێشەی نێودەوڵەتییەکان دەکات، لەم روانگەیەوە چارەسەر و یاسایەك هەڵدەبژێرێت کە گونجاو بێت لەگەڵ سەردەمەکە، بەمەرجێك لەگەڵ ئەو هێڵە پانانەی کە ئیسلام دایناوە پێچەوانە نەبێتەوە، هەربۆیە پێموایە ئیسلام سیاسەتی تێدایە، بەڵام ئەو سیاسەتە تەنیا پرەنسیپی گشتییە کە تێیدا هەندێك بیروباوەڕی ئەخلاقی داناوە لەوانە کە لە قورئانی پیرۆز دەبینین (دادپەروەری- (واذا حکمتم بین الناس ان تحکموا بالعدل) یا (وامرهم شوری بینهم)- راوێژکاری بەخەڵك بۆ حوکم کردن کە ئێستا دەتوانین بڵێین هەڵبژاردن یەکێکە لە جێبەجێکردنی بنەماکانی شورا) هەروەها گوێڕایەڵی وەلی ئەمر- (اطیعوا الله و اطیعوا رسول وأولي الأمر منکم) هەروەها رەچاوکردنی بەرژەوەندی خەڵك (عەدل و ئیحسان) ئەمانە بنەمای گشتی سیاسەتن لە ئیسلام، بەڵام وردەکاریی سیاسەت و تەفاسیلی سیاسەت وەکو هەندێك لە حزبە ئیسلامیەکان وا بۆی دەچن کە ئایینی ئیسلام هەموو وردەکارییەکانی سیاسەتی دیاریکردووە و لەسەر ئەو بنەمایەش ناوی خۆیان دەنێن بە حزبی ئیسلامی ( ئیسلامی سیاسی) ئەمە دوورە لە راستی.

گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە ئەو حزبە ئیسلامیانە وا تەماشای سیاسەت دەکەن کە یەکێکە لە بنەما نەگۆڕاوەکانی ئایین، ئێمە لە ئایین بنەمای نەگۆڕاومان هەیە و ئەرکانی ئیمانمان هەیە کە موسڵمانی ئاسایی دەزانێت ئەرکانی ئیسلام چییە و ئەرکانی ئیمان چییە، بەڵام ئەرکانی ئیسلام و ئیمان، نە لەدوور نە لە نزیك باسی سیاسەتی نەکردووە، هەربۆیە دەکرێت مرۆڤێك دوور لە جیهانی سیاسەت مرۆڤێکی ئیماندار بێت و موسڵمانێکی باوەڕپێکراو بێت، لەسەرەتاشەوە ئایینی ئیسلامیش هەر وای وتووە، بەڵام بەبۆچوونی حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان، مرۆڤ گەر بەشداری لە ژیانی سیاسەت نەکات، ئەوا ئیمانەکەی تەواو نییە، ئەمە شتێکە نەلە قورئانی پیرۆز وادەڵێت نەلە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) وا دەڵێت. بۆیە دەبینین ئەوانەی بە ئایین سیاسەت دەکەن

بەتەواوەتی لە ئایینەکە تێنەگەیشتوون.

وەکو هەموومان دەزانین سیاسەت واتا فرەیی هەر حزبێك داخڵ بە پرۆسەی سیاسی بێت، پێویستە بڕوای بە فرەیی و دیالۆگ و دەستاودەست کردنی دەسەڵات هەبێت، بەڵام حزبە ئیسلامیەکان چونکە دروستبوونیان وەك بیروباوەڕێکی جێگیرو نەگۆڕە، ئەوان ئەوەی خۆیان پێ ڕاست و واجبە بەپێچەوانەوە هی خەڵکی تریان پێ هەڵەیەو حەرامە، یان فیکری سیاسیی بکەیتە ئەوەی، ئەوەی لەگەڵت بێ ئەوە لەگەڵ ئایینە و ئەوەی لە دژت بێ دژی ئایینە، یان ئەوەی لەگەڵت نەبێت بە کافری لە قەڵەم بدەیت، ئاشکراشە گەر ئەمجۆرە بیروبۆچوونە هەڵەیە لە کۆمەڵگە بوونی هەبێت، بەتەئکید لە ئەنجامی ئەو بۆچوونانە تەکفیر و کوشتن و توندوتیژی دەکەوێتەوە، هەروەکو چۆن ئەو حزبانەی حوکمڕانییان کردووە روویان لە تەکفیر و کوشتن کردووە، کێشەکە لێرەدا لە بنەڕەتدا کێشەیەکی فیکرییەو توندڕەویی و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە.

**زۆربەی حزبە ئیسلامیەکان پسپۆرایەتی وردیان لە شەریعەتی ئیسلام نییە، بۆیە ئیسلام ناشرین دەکەن**

**• وەك سەلماندنێك بەوەی هیچ ئایینێك پێوەندی بە توندتیژیەوە نییە، بێگومان ئاگادارن هەتا لە ئەوروپا دەسەڵات بەدەست کەنیسەوە بوو، خەڵك لە ئایینی مەسیحی بێزار بوو، بەڵام کاتێك مەسیحیەت لە دەسەڵات جیاکرایەوە، دەبینین ئایینی مەسیحی جارێکی دیکە لای خەڵك ڕێزی لێگیرایەوە، ئایا بۆچی دەسەڵات و سیاسەت دەبێتە هۆکاری ناشرین کردنی ئایین لای خەڵکی؟**

- ئایینی ئیسلام بەرییە لەو حزبە ئیسلامیە توندڕەوانە و ئیسلام بەوانە ناشرین نابێت، کاتێك ئیسلام بۆ مەبەست و مەرامی سیاسی بەکار دەهێنرێت زیان لە ئایینی ئیسلام دەگەیەنێت، چونکە ئایینی ئیسلام لەگەڵ ئەو بیروباوەڕە توندڕەوە نییە، نابێت ئایینی ئیسلام ئیستغلال بکرێت، کاتی خۆی لەسەردەمی دەسەڵاتی مەسیحییەکان کۆمەڵگای ئەوروپی بێزار بوون و تەنانەت بوو بوونە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو، بەڵام کە سەردەمی ڕۆشنگەری دەستی پێکرد، خەڵکی ڕووناکبیر لەدژی دەسەڵاتی کەنیسە ڕاوەستانەوە، دەرکەوت ئەو کەسانەی بەناوی ئایینی مەسیحییەوە دەسەڵاتی کەنیسەیان بەکاردەهێنا نوێنەری ئایینی مەسیحیان نەدەکرد، کاتێك ئایین جیاکرایەوە لە سیاسەت، ئەوا ئایین بەڕێڕەوی خۆیدا دەڕوات و سیاسەتیش بە ڕێڕەوی خۆی دەڕوات، خوای گەورە سیستەمێکی دیاریکراوی کامڵی دانەناوە بۆ سیاسەت، ئێستا کە تەماشای مەسائیلی خواپەرستی بکەیت بەتەفاسیلی وردەوە، موسڵمان دەزانێت چۆن نوێژو عیبادەت دەکات، لە قورئانی پیرۆزدا کە شەش هەزار ئایەتە، تەنیا ١٠٠ ئایەتمان هەیە کە باس لە یاساکانی میرات و باری کەسێتی و یاساکانی مەدەنی و تاد.

**کاتێك ئیسلام بۆ مەبەست و مەرامی سیاسی بەکار دەهێنرێت زیان بە ئایینی ئیسلام دەگەیەنێت، چونکە ئایینی ئیسلام لەگەڵ ئەو بیروباوەڕە توندڕەوە نییە**

دەکات، دنیای سیاسەت زۆر فراوانەو بە ١٠٠ ئایەت چارەسەر ناکرێت و کەلێنی دەستووری زۆر گەورە بەجێ دەمێنێت. هەروەها هیچ حزبێك نایەتە گۆڕەپانی سیاسەت و بڵێت من بیروباوەڕو پەیامم زوڵم و ستەمە، واتا ئەو بیروباوەڕ و بنەما سەرەکیانەی سیاسەت کە قورئان باسی کردووە، هەموو حزبە سیاسییەکان لەسەری کۆکن، بەڵام کاتێك ئایین تێکەڵ بەسیاسەت دەکرێت و ئایین وەکو خۆی پیادە ناکەن لەبەر هەندێك مەرامی سیاسی ئیجتیهاداتی شەخسی تێکەڵ دەکەن هەر بۆیە ئایین ناشرین دەکەن، بۆ نموونە دەربارەی بابەتی جیهاد کە ئەمە شتێکە لە ناشرینکردنی ئایین، واتا ئەگەر دەقەکانی قورئانی پیرۆز وەکو خۆی بخوێنیتەوە کەباس لە جیهاد دەکات بۆ حاڵەتێکە بەرگری لەخۆت بکەی (وقاتلوا في سبيل الله الذين يقاتلونكم)، حزبە سیاسییەکان هەڵساون هەموو دەقەکان بەپچڕاوی باس دەکەن وەکو(وقاتلوا في سبيل الله ...) کە دەقە پیرۆزەکە تەواو ناکەن و مەرامیان لەمەدا هەیە بەهەڵە بۆخەڵکی باس دەکەن و وردەکاری و گشتییەکانی دەقەکانی قورئانی پیرۆز بۆ یەك ناگەڕێننەوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی حزبە ئیسلامیەکان پسپۆرایەتی وردیان لە شەریعەتی ئیسلام نییە، بۆیە ئیسلام ناشرین دەکەن. واتا شارەزایی تەواویان لەسەر ئایین نییە کەچی خۆیان بە نوێنەرایەتی ئایین دەزانن و بەناوی ئایینەوە قسە دەکەن. ئەگەر تەماشای ئەیمن زەواهری بکەین پزیشکی نەشتەرگەرییە و ئوسامە بن لادن بکەین دەبینین کەسێکە کارگێڕی بیزنسی تەواو کردووە، هەروەها عەبدولسەلام فەرەج زەعیمی کۆمەڵی ئیسلامی لەمیسر، ئەندازیاری کارەباییە، ئەحمەد شوکری موستەفا سەرکردەی کۆمەڵی تەکفیر و هیجرە

**کاتێك ئیخوان موسلمین لە میسر بێنە سەر کورسی دەسەڵات، وەکو حەماس ئامادە نابن کورسییەکە چۆڵ بکەن، پێیانوایە ئەگەر کورسی چۆڵ بکەن، ئەوا سەرپێچیان کردووە و کارێکی غەیری شەرعییان کردووە**

دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵە، ئەمانە کە بەناوی ئایین قسە دەکەن و لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز و ئایین بەتەواوەتی تێناگەن و شارەزا نیین، وادەکەن مەسەلەکان دەشێوێنن و لەدەرئەنجامدا سورەتەکانی ئایین لەلایەن خەڵکەوە دەشێوێنن.

**ڕەنگە ئەو لایەنگر و ئەندامانەی حزبە ئیسلامیە سیاسییەکان موسڵمانی دروست و بەبڕوا بن، بەڵام بۆی هەیە لەمەرامی ئەو حزبانە نەگەن و لەحەقیقەتی ئایینیش نەزانن**

**• لەدوای سەرهەڵدانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و بزووتنەوەی تاڵیبان، تیرۆر بووە ڕوویەکی ئایینی ئیسلام، ئەمە لەکاتێکدا ئیسلام دژی تیرۆرە، ئایا ئەو هۆکارانە چین کە ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان ئایینی پێ ناشرین دەکەن؟**

- ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیانەی کە بەناوی ئایینی ئیسلامەوە سیاسەت دەکەن، لەسەر بنەمایەکی هەڵە دامەزراون، ئایین نابێت تێکەڵ بەسیاسەت بکرێت، بەسیاسەتکردنی ئایین شتێکی هەڵەیە، واتا گەر بتەوێت پۆستی سیاسەت بەدەستبهێنیت یا بکەیتە قۆناغێکی دیاریکراو لە سیاسەت لەژێر چەتری ئایین یا بەناوی ئایین ئەمە شتێکی هەڵەیە، تەنانەت خۆیانیش ناشرین دەکەن.

تۆ سەیری ڕێکخراوی قاعیدە بکە کە ناویان دەهێنرێت لە دنیاو لەلای خەڵك واتای تیرۆر و کوشتن و سەربڕین دەگەیەنێت، هەیە وەکو خۆی لە ڕاستییەکان تێناگات، هەشە بۆ نموونە وەکو سەرانی حزبە ئیسلامیەکان لەحەقیقەتی ئایین تێگەیشتوون و دەزانن، بەڵام بۆ مەرامی خۆیان وەکو ئامانجی سیاسی بەکاری دەهێنن، بەڵام ئایین بەریئە لەبیروبۆچوونەکانی ئەوان، چونکە ئایینی ئیسلام ئایینێکی پیرۆزە. ئێستا لە کوردستاندا خەڵکانێك لایەنگر و ئەندامی حزبە ئیسلامیەکانە، بەڵام لە ڕاستیدا نازانێت دروستبوونی ئەو حزبە ئیسلامیە سیاسییانە لەسەر بنەمایەکی هەڵەیە، ڕەنگە ئەو لایەنگر و ئەندامانەی حزبە ئیسلامیە سیاسییەکان موسڵمانی دروست و بەبڕوا بن، بەڵام لەمەرامی حزبەکان نەگەن و لەحەقیقەتی ئایینیش نەزانن.

**بزووتنەوەی حەماس ..ئیخوان موسلمین بوو بەڵام کاتێک هاتە دەسەڵات بەرامبەر خەڵک توند بوو**

**• ئەو حزبە ئیسلامیانەی خۆیان بە میانرۆ دەزانن وەك گروپەکانی ئیخوانی موسلمین، هەر لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای توندوتیژی دامەزراون و بڕوایان بە تیرۆرو توندتیژی هەبووە، ئایا چۆن ئێستا ئەم گروپە داوای دیموکراتی دەکەن؟**

- ئەوەی بەناوی حزبی ئیسلامی داخڵی دنیای سیاسەت بێت، حزبی میانڕەوی تێدا نییە، ئەوانەی خۆیان بە میانڕەو نیشاندەدەن بیروباوەڕێکیان هەیە کە پێی دەڵێن: (عهد استضعاف)واتا کە ئێستا ئێمە لەسەر دەسەڵات نین بۆمان هەیە هەندێك شت بکەین و بەنەرمی مامەڵە لەگەڵ خەڵك بکەین،

خەڵكیش بە كافر لەقەڵەم نەدەین تا دەگەینە سەر دەسـەڵات، واتا پێی دەڵێن سەردەمی مەكی، ئەو كاتەی موسڵمانەكان كاتی خۆی لەمەكە كەمینە بوون بەشـێوەیەك مامەڵەیان دەكـرد نەیاندەتوانی هەموو جۆرە هەڵسـوكەوت و قەناعەتێكی خۆیان دەرببـڕن، ئێسـتاكەش پێیانوایە كە دەسـەڵاتی تەواویـان نییەو هەندێك نەرمـی دەنوێنن، بەڵام لەقەناعەتەوەو لەراستیدا بڕوایان بە تەعەددودیەت و دەستاوەدسـتكردنی دەسـەڵات نییە، ئەوانەی دژی ئەوانیشـن وا دەزانن دژی ئایینن، ئەوانەی نەرمونیان گەر بێنە سەر دەسەڵات بەتەئكید ئەو نەرمونیانە نامێنێت، نموونەشمان هەیە، بزووتنەوەی حەماس كە لقێكە لە ئیخوان موسـلمین بەحساب حزبێكی میانڕەوە، بەڵام هەموومان بینیمان كاتێك هاتنە سـەر دەسەڵات چۆن دەكوژن و توندڕەون و مامەڵەیان لەگەڵ خەڵك چەند توندە.

### ئەندامی كۆمەڵەی تەكفیر و هیجرە هەبووە دایكی خۆی بە مێرد داوەو باوكیشی لەژیاندا بووە

**● لەهەموو جیهانی ئیسلامیدا تەنیا دوو نموونەی دەسـەڵاتی حزبە ئیسـلامیەكان تا ئێسـتا هەن، ئەویش نموونەی ئیمارەتی تاڵیبان لە ئەفغانسـتان و رێكخراوی حەماس لەناوچەكانی فەلەسـتین، لێرەدا ئەگەر تاڵیبـان رێكخراوێكی توندڕەو بێت، ئەوا بەحساب رێكخراوی حەماس سەر بە گرووپی ئیخوان موسـلمینە و بەرێگەی هەڵبژاردن هاتنە دەسـەڵات، ئایا بۆچی حزبە ئیسـلامیەكان كە بەهەڵبژاردنیش بچنە دەسـەڵات دژی دیموكراتی رادەوەستنەوە؟**

- وەك باسـمكرد حزبە ئیسـلامیەكان هەموویان وەكو قەناعەت كە ناوی ئیسلامی لە خۆیان دەنێن، بەرامبەر بەكافر دەزانن. ناولێنانی حزبی ئیسلامی بـۆ ئامانجی گەیشـتنە بەدەسـەڵات هەروەكو بزووتنەوەی حەماس، هەروەها نموونەی تریشـمان هەیە وەكو ئیخوان موسلمین كە بەحساب حزبێكی میانڕەوە، بـەڵام كۆمەڵەی تەكفیـر و هجرە كە لەقاعیدە توندڕەوتر بوون یا بەهاوشێوەی رێكخراوی قاعیدە بوون، ئـەم كۆمەڵەیە هەموو كۆمەڵگەی میسـری و بگرە موسڵمانەكانیشـیان بەكافر ناو دەبردو دەیانوت نابێت لەناو ئەو كۆمەڵگایە بژین و دەبێت هیجرەت بكەین و لە چیا بژین و دوور لە وان هەر بۆیـە ناوی لێنان جەماعەتی تەكفیر و هجرە هەر فرسەتێكیان دەستكەوێت خەڵك دەكوژن. هەر بۆ نموونە سالم بەهنەساوی لە كتێبە میسرییەكان بـاس دەكات و دەڵێـت: گەنج هەبـووە دایكی خۆی بردووە قەناعەتی بۆ دروسـتكردووە لەسەر بیروباوەڕی خۆی بەمێردی داوە لەكاتێكدا باوكی لە ژیاندا ماوەو سـاخ و سەلامەت بووە تەڵاقیشی نەداوەو تەنانەت باوكی بەكافر لەقەڵەم داوە. حزبە ئیسلامیە توندڕەوەكان كە لەدنیادا هەیە هەموویان لەدایكبووی ئیخوان موسـلمینن. ئیسلام بڕوای بە سیاسـەتێكی مەدەنی هەیە وەكو ئەوەی ئێستا لەكۆمەڵگەی كوردسـتانی لەناو خەڵك جێبەجێ

**حزبە ئیسلامیەكان هەموویان وەكو قەناعەت كە ناوی ئیسلامی لە خۆیان دەنێن. بەرامبەر بەكافر دەزانن. ناولێنانی حزبی ئیسلامی بۆ ئامانجی گەیشتنە بەدەسەڵات هەروەكو بزووتنەوەی حەماس**

دەكرێت، بەڵام دەكرێت سیاسەتی كۆمەڵگە گونجاو بێت لەگەڵ ئیسلام

### حزبە ئیسلامیەكان بەرامبەر دیموكراسییەت وەكو یەك بیر ناكەنەوە

**● دوای گۆڕانكارییەكانی میسـر ئێستا هەست دەكەیـن گرووپی ئیخوان موسـلمین خۆیان بۆ هەڵبژاردن ئامادە دەكەن، هەندێك پێیانوایە ئیخوان موسلمین لەوانە حكومەتی داهاتووی میسـر پێكبهێنن، ئایا تاچەند مەترسی ئەوە هەیە هەمان ئەزموونی حەماس لە فەلەسـتین، لەمیسـریش دووبارە بێتەوە؟**

- پێشـتر واچاوەڕواندەكرا ئیخوان موسـلمین لە میسـر خەڵكێكی زۆریان لەگەڵ بێت، ئەوەی لەم دواییە دەركەوتووە ژمارەیان بەو شێوەیە نییە، بەڵام ئەگەر دەسـەڵات بگرنە دەست لە میسر، ئەوا من زۆر ڕەشبین دەبم، لەبەرئەوەی كاتێك دێنە دەسەڵات بڕوایان بە فرەلایەنی سیاسـی نییەو حزبەكانی تر دەسڕنەوەو خۆیان بەتەنیا بەئیسلام و راست دەزانن، كاتێك ئیخوان موسلمین لە میسر بێنە سەر كورسی وەكـو حەماس ئامـادە نابن كورسـییەكە چۆڵ بكەن، پێیانوایە ئەگەر كورسـی چۆڵ بكەن، ئەوا سـەرپێچیان كردووە و كارێكی غەیری شەرعییان كردووە. هەربۆیە زۆربەی حزبە ئیسلامیەكان وەكو یەك بیر لەدیموكراسـی ناكەنەوەو تەنانەت لە ناو ئەندامانی یەك حزبی ئیسـلامیش، ئەم جیاوازییە لـە بیركردنەوەیـان هەیە، حزبە ئیسـلامیەكانی كوردسـتانیش بەهەمانشـێوە وەكو یەك بەرامبەر دیموكراسـییەت بیر ناكەنەوە، هەیانە كراوەترەو وا بۆی دەچێت دەڵێت ئەو دیموكراسییەتەی جێبەجێ دەكرێت رۆحی ئیسـلامە، واتا دیموكراسییەت و ئیسـلام یەك شـتە، بەداخەوە ئەم جۆرە كەسانە

**ئیسلام لەبنەڕەتدا لەگەڵ دیالۆگی شارستانییەتدایە بەڵام حزبە ئیسلامیە سیاسییەكان لەگەڵ پێكدادانی شارستانییەتەكاندان**

لەناویانـدا زۆر كەمـە، زۆربەی هـەرە زۆریان دەڵێن دیموكراسـییەت دژی ئایینە، هەشیانە دەڵێن دیموكراسـییەت شتی باشـی تێدایەو خراپیشی تێدایە، بەگشـتی زۆربەیان دژی دیموكراسیەتن و تەنیا ئەو وردەكارییەی كە خۆیان مەبەسـتیانە جێبەجێی بكـەن. گەرچی دەزانین لە راسـتیدا ئیسـلام لەگەڵ دیموكراسـییەت و كۆمەڵگەی مەدەنییـە، لەگـەڵ ئەوەدا نییە كەسـێك بێت و بەنـاوی ئایین حوكم بـكات و بڵێت ئەمەی من راستەو ئەوەی ئێوە دەڵێن هەڵەیە. هەروەها ئیسلام لەگەڵ ئیجتیهاداتەو سیاسـەت شتێكی دونیەویە و پێغەمبـەر ( د.خ)فەرموویەتـی:( انتم اعلموا بامور دنیاكم) واتا ئێـوا كاروباری دنیای خۆتان باشـتر دەزانن، ئایا سیاسـەت داخڵی كاروباری خانـەی دونیەوییە یا داخڵی خانـەی كاروباری ئوخرەوییە؟ ئایا سیاسەت لە زەوابتە وەكو عەقیدەو خواپەرسـتی یا لە موتەغەیراتە لەو شتانەی كە دەكرێت بگۆڕدرێت بەپێی كات و سات. گەورەیی ئیسـلام لەوەدایە دەتوانرێت لەگەڵ هەموو كات و ساتێك بگونجێت، بەمەش ئیسلام دەتوانێت لەگەڵ هەموو سەردەمێكدا مواكبە بكات.

### حزبە كوردستانیەكان كەمتەرخەمن

**● لایەنێكـی دیكە لـە بەسیاسـیكردنی ئایین گۆڕینـی كۆمەڵگەیە بۆ كۆمەڵگەیەكی داخرا و سەپاندنی هەندێك یاسا بەناوی یاسای ئیلاهیەوە، ئایا چۆن رێگـە لە دروسـتبوونی كۆمەڵگەی داخراو دەگیرێت؟**

- حزبە ئیسـلامیەكان ئەگەر بگەنە دەسـەڵات بەتەئكید كۆمەڵگەی داخراو دروست دەبێت، چونكە ئەوان بڕوایان بە تەعەددوییەت و دەستاوەدستكردنی دەسەڵات و دیالۆگ نییە، بۆ هەرێمی كوردستان باش نییە حزبی ئیسـلامی بێنە سـەر دەسەڵات، چونكە لەلایەك زیان بەئایین دەگەیەن و لەلایەكی تـر زیان بەپرۆسـەی سیاسـی و نیشـتمانی و دیموكراسی هەرێمی كوردسـتان دەگەیەنن، بۆیە پێویستە پێوەندی نێوان ئایینی ئیسلام بە سیاسەت شیبكرێتەوە، بەداخەوە ئێستا من دەبینم ئەو لایەنە زۆر لەلایەن مامۆسـتایانی ئایینی ئیهمال كراوە و ئەو حزبە ئیسـلامییانەش سـوودیان لەو كەلێنە وەرگرتـووە. لەلایەكی ترەوە حزبـە نەتەوەییەكان و كوردییـەكان بەرامبـەر ناسـاندنی پێوەنـدی ئیسـلام بەسیاسـەتەوە كەمتەرخەمن، لەمەشدا كەمتەرخەمییەكـە بۆ كەناڵەكانـی راگەیاندنیان دەگەڕێتـەوە، لەكاتێكدا راگەیاندنەكانی ئەو حزبە ئیسـلامییانە زۆر بەفراوانی و چڕی كار لەسەر بیروبـاوەڕو مەبەسـتی خۆیان دەكـەن. ئەمەش زەمینەی دروست بوونی كۆمەڵگەی داخراو دروست دەكات، كاتێكیش كۆمەڵگەیەكی داخراو دروسـت بوو دیالۆگ نامێنێت لە نێوان شارسـتانییەكان، چونكـە لەكۆمەڵگەی داخراو شارسـتانییەتیش لەناودەچێت. ئیسلام لەبنەڕەتدا لەگەڵ دیالۆگی شارستانییەتدایە ،بەڵام حزبە ئیسلامیە سیاسییەكان لەگەڵ پێكدادانی شارستانییەتەكاندان.

# بەرەو دامەزراندنی سەنتەری توێژینەوەی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستانی عێراق



د: خەلیل ئیسماعیل محەمەد

لەژێر سایەی ئەو پەرەسەندنانەی بەسەر نەخشەی سیاسی جیهانیدا هاتوون، لەوانەش زیادبوونی ژمارەی یەکە سیاسییەکان و بایەخدان بەزۆربوونی دانیشتووان لەپاڵ بەرفراوانبوونی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە ڕێبازەکانی توێژینەوەی دیمۆگرافیدا..

لێکۆڵینەوەکانی لەسەر دانیشتووان ئەنجام دەدرێن لەزۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا بایەخی زۆریان پێدەدرێن بەتایبەتیش لەنیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە کاتێك دیموگرافیا کراوەتە بەشێکی سەربەخۆ لەزانکۆ پێشکەوتووەکانی دنیادا..

لێکۆڵینەوەکانی لەم بوارەدا تا ئێستا هەن بنەمان بۆ پرۆسەکانی پێوەندیدار بەپەرەسەندنەکانی کۆمەڵگەکان و مۆدێرنەبوونی دامودەزگا کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بەکارگێڕی و سیاسییەکانیشەوە؛ چونکە پابەندی کاروبارو ژیانی مرۆڤ و زەوین، هاوکوفیشن بەهەموو پلان و بەرنامە تایبەتەکانی لەوپرۆسانە دەکۆڵێتەوە، بووژانەوەی گشتی نەتەوەیی و کەرتەکانی کۆمەڵگە پێویستییان بەسیاسەتی بووژانەوەی دانیشتووانە کە لە لایەکەوە ئامانج لەو سیاسەتە باشکردنی بارودۆخ و حاڵ وگوزەرانی هاووڵاتیانە و لەلایەکی دیکەشەوە پەرەپێدانی ژێرخانەکانی هەموو کەرتەکانی بەرهەمهێنە..

لەراستیدا گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان پێوەندی بەتینیان هەیە بەهەموو پەرەپێدانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بۆیە پێویستە لەلایەن ئەوانەی گرنگی بەکاروباری پلاندانان و پەرەپێدان دەدەن بەهەندی وەربگرن و هاوسەنگی دروست بکەن لەنێوان ڕێبازگەکانی بووژانەوەی دانیشتووان و ئاڕاستەکانی ئابووری و شێوازە کۆمەڵایەتییەکاندا؛ لەلایەکی دیکەوە سەرکەوتنی بەرنامەو پلانی پەرەپێدان چ لەسەر ئاستی نەتەوەیی یان هەرێمایەتی پشتدەبەستێت بەڕاستگۆیی زانیارییە وردەکان و وبەیاناتەکانی لەسەر کەرتە گشتییەکان دەدرێن هەر نارێکی و کەموکورتییەك لەو سەرچاوانەوە لەسەر ڕێژەی جێبەجێکردنیان بەنەرێنی دەکەوێتەوە، هەرێمی کوردستانی عێراق کە بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو خەڵکەکەی بەهۆی هێرش و پەلاماری سەربازییانەی حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عیراقەوە لە بارودۆخی ناهەمواردا دەژیان و زۆربەی گوند و شارۆچکەکان سووتێنران و خەڵکەکەی دەکوژران و دووردەخرانەوەو بەمان بە سلبی کاری کردۆتە سەر ئەنجامەکانی ئەو ئامارانەی لەماوە زەمەنیەکانی ڕابردوو ئەنجام دراون دوایەمین سەرژمێری دانیشتووان لە ساڵی ١٩٨٧لەکاتی هەڵایسان و گەرمبوونی شەڕی نێوان عیراق و ئێراندا بوو،ئاماری دواتر لەساڵی ١٩٩٧ ئەنجام درا لەو کاتەیدا کە هەرێمی کوردستان کەوتبووە دەرەوەی دەسەڵاتی ناوەندەوە ..

ڕەنگە سەرەکیترین فاکتەری نزمبوونەوەو کەمی جێبەجێکردنی پرۆسەکانی پەرەپێدان لە کوردستان بگەڕێتەوە بۆ لاوازی بەهای ئەو ئەنجامانەی سەرژمێری لەلایەك و دووری زەمەنی دوایەمین سەرژمێریی لە هەرێمەوە کەپێداویستییەکی گرنگی پرۆسەی بووژانەوەو ئاوەدانییە بۆ ئێستاو داهاتووشمان، لەماوەی زیاتر لەو بیست ساڵەی کە ناوچەکە ئاماری لەسەر دانیشتووان تێدا نەکراوە زۆر ڕووداوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی قەوماون، بڕیار وابوو لەساڵی ٢٠٠٧ کە دەکاتە ١٠ ساڵێك دوای سەرژمێری پێشوو ئەنجام بدرێت، بەڵام حکومەتی ناوەندی سووربوو لەسەر دواخستنی، تا ڕادەی ئەوەی بکەوێتە کونجی فەرامۆشی !!

بەهۆی دوا گۆڕانکارییەکانی بەسەر هەرێمیشدا هاتن کەکاریگەر بوون لەسەر ڕێبازەکانی دیمۆگرافیای دانیشتووان، تازەکردنەوەو ڕێکخستنەوەی زانیاری و بەیاناتی دانیشتووان پێداویستییەکی هەنووکەییە گەر بێت و بویسترێت پەرەپێدانی تەواوەتی بەشێوەی سەرکەوتوو تێدا ئەنجام بدرێت، لێرەوە گرنگە حکومەتی هەرێم ئەم ئەرکانەی خوارەوە بەجێ بگەیەنێت:

١ــ دامەزراندنی دەزگایەك یان ئەنجوومەنێك کار لەسەر پێگەیاندنی کادرانی پسپۆر و شارەزای تایبەتمەند بەزانستەکانی دانیشتووان و ئامارو سەرژمێری دانیشتووان بکات ..

٢ـ دانانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی تایبەت بەگۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان ..

لەسەر ئەم بنەمایە ئەو پێشنیازەی لەکاتی کۆبوونەوەکانی عەمانی پایتەختی ئەردەن کە بەسەرپەرشتی سندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان(UNFPA) لە مانگی ئازاری ئەمساڵ پێشکەشمان کرد هەمان ئەو مەبەستەی دەگەیاند یەکێك لە ئامانجەکانی (UN) لەو کۆبوونەوانەدا دانانی پلانێك بوو بۆ پەرەپێدانی تواناو کەفائەتی عێراقییانە لە بوارەکانی توێژینەوەی دانیشتووان و دامەزراندنی بەشی تایبەت لە زانکۆکان بۆ بەرنامەسازی خوێندنی باڵا لە بواری دیمۆگرافیدا..

ئەو پێشنیازەی پێشکەشمان کرد بریتی بوو لە دامەزراندنی سەنتەری لێکۆڵینەوەی دانیشتووان لە زانکۆی سەڵاحەدین بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عیراق و لەوێشدا کادری پسپۆرو لەبوارەکانی دیمۆگرافی و ئامارو جوگرافیا و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبن و سەنتەرەکەش ئەرکی هەبێت بۆ ئەم دوو مەبەستە:

١ـ پێگەیاندنی کادرانی تایبەتمەند لە لێکۆڵینەوەی دانیشتووان و کاروباری سەرژمێری ..

٢ـ دانانی بەشی زانستی تایبەتمەند بە دیمۆگرافیا لە خوێندنی باڵادا

هەر لەو کۆبوونەوەیەی ناوم هێنا پرۆگرامی زانکۆی سەڵاحەدین ئەم خاڵانەی لەخۆگرت

١ـ دانیشتووان و پەرەپێدان

٢ـ سەرژمێری دانیشتووان

٣ـ سیاسەتی دانیشتووان

بڕیارەکانی کە تایبەت بوون بە خوێندنی باڵا بەم شێوەی دابەشکران

١ـ بووژانەوەی ئابووری

٢ـ بووژانەوەی کۆمەڵایەتی

٣ـ کۆچڕەو

٤ـ ژیاریی

٥ـ جوگرافیای دانیشتووان

٦ـ شرۆڤەیکاری دانیشتووان

٧ـ سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر دانیشتووان

٨ـ ڕێبازەکانی بەپیت وفەڕی

٩ـ ئاستی باشتری دانیشتووان

١٠ـ تیۆرەکانی دانیشتووان

بەهەرحاڵێك چ ڕێکەتن بکرێت لەسەر کردنەوەی سەنتەرەکە لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان یان لەدەرەوەی بەندە هاندەری زانکۆی سەڵاحەدینم تا دەسپێشخەرییەکە لای خۆیەوە بێت و کار بۆ دامەزراندنی سەنتەرەکە بکات تا ببێتە پاڵپشتێکی تۆکمەو بەهێز بۆ پرۆسەکانی ئاوەدانی و بووژانەوەی هەرێم و پێگەیاندنی کادرانی تایبەتمەندیشی بکەوێتە ئەستۆ لەو بڕوایەشدام ئێستا بایی هێندە کادرمان هەن تا ئەم دامەزراندنەی سەنتەرەکە سەربکەوێت .



ژمارە (٨٢٧) ■ ٢٠١١/٤/٢٥

# نەخشەڕێگەی بیرۆکەیەکی عێراقیانە بۆ دامەزراندنی حوکمڕانی باش



عامرحەسەن فەیاز

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

وابۆچەندیـــن ســـاڵ دەچێــت چەمکـــی حوکمڕانی بـــاش(good governess) لەلایـــەن نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان و دامودەزگاکانییـــەوە بۆ ڕاســـتاندن و ڕێکخســـتنەوەی دەســـەڵاتی سیاســـی لەبەڕێوەبردنی کاروباری گشتی کۆمەڵگەدا و بەئاراستەی پەرەپێدان و بووژانەوەو پێشکەوتن بەکاردەهێنرێت، لەناوەڕۆکیشدا ئەم چەمکە وا ناســـێنراوە بەوەی بریتییە لەو حوکمڕانییەی کـــە لەلایەن ســـەرکردە سیاســـییە هەڵبژێـــردراوەکان و کادرانـــی کارگێـــڕی پابەندبوو بە پەرەپێدانی ســـامان و توانـــای کۆمەڵگـــەوە جێبەجێ دەکرێـــن و ئەوەش لە پێناوی پێشکەشـــکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان و باشـــکردنی باروگوزەرانیان و ڕازیکردنیان بە شێوازەکانی هاوبەشییکردن و پشتگیریکردنیان..

واتـــا حوکمڕانـــی بـــاش بـــە دەلالەتی(حوکمێکی دیموکراتیانەی ئەکتیڤ)پێناســـە دەکرێت و کە گرێدراوە بـــە بانکـــی نێودەوڵەتی لە ڕێـــی کۆمەڵێك ڕێســـاوە لەوانە(نوێنەرایەتی، بەشداریکردن، کێبەرکێ، شەفافییەت، موسائەلەو لێپێچینەوە)هەروەها گرێدراوی چەندین ڕێسای دیکەی نەتەوەیەکگرتووەکانە کەتایبەتمەندن بە بووژانەوەو ئاوەدانییەوە لەوانەش (حوکمڕانی یاسایی، وەڵامدانەوەی بـــاش و دروســـت، یەکســـانی، ڕێککەوتن،ڕازیکـــردن، لێپرسینەوە، ڕوانینی ستراتیژی).

ڕەهەنـــدە فکرییـــە سیاســـییەکان بـــۆ دامەزراندنی حوکمڕانی باش پشـــت بەدروســـتکردنی پردی پێوەندی توندوتۆڵ دەبەستێت لەنێوان ســـێکوچکەی(هاووڵاتیی ـــ کۆمەڵگـــەی مەدەنی ـ دەســـەڵاتی دەســـتووری مەدەنیانـــە) ئەم پردەش توندوتـــۆڵ و تۆکمە نابێت گەر لەسەر دینگەکانی شەرعیەتی دیموکراتی دانەمەزرابێت، ئەو شـــەرعیەتەش گرێبەندە بە دوو ڕەگەزەوە؛ یەکەمیان ڕازیبـــوون و قبوڵکردنە دووەمیشـــیان بەرهەمهێنانە، کە لێرەدا مەبەســـت لە بەرهەمهێنانی دووشێوازە ڕێچکەی ســـەرەکییە، ڕێچکـــەی زامنکردن و ڕێکخســـتن و بە دامودەزگاییکردنـــی مافەکان و ئازادییەکان بەشـــێوازە دروســـتەکەی پیادەکردن، دووەمین ڕێچکەش وەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە بە شـــێوازی زاڵبوون بەســـەر هەژاری و بێکاری و گەندەڵیدا، کەواتە نەخشـــەڕێگەی بیرۆکەی ڕاست و دروست بۆ دامەزرانی حوکمڕانی باش مەرجدارە بەبوونی ڕێسای(بە بێ شەرعیەتی دیموکراتی، حوکمڕانی باش دانامەزرێت)

سەبارەت بە یاریزانە سەرەکییەکانی تیمی دامەزرێنەرانی حوکمڕانییەکی باشی دانراو لەســـەر بناغەی شەرعیەتی دیموکراتـــی پێکدێن لە : ـــ ئـــەو تاکانەی گۆڕدراون بۆ هاووڵاتی ـــ ئەو گرووپانەی گۆڕدراون بۆ دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ـ ئەو دەســـەڵاتەی لە دەســـەڵاتی کیانێکـــی سیاســـی گـــۆڕدراوە بۆدەســـەڵاتی دەوڵەتی دەستووری مەدەنیانە.

چۆن لە عیراقدا تاکەکان لـــە ڕەعییەتەوە دەگوازرێنەوە بـــۆ هاووڵاتیی. چۆن گرووپـــە تەقلیدییە هەمە جۆرەکان بـــە جیـــاوازی ئیتنـــی و مەزهەبـــی و کۆمەڵایەتییەوە دەگوازرێنەوە بۆ دامودەزگای هەمە چەشنەی کۆمەڵگەی مەدەنی سیاسی و پیشەیی ڤ دواجاریش چۆن دەسەڵات لە عیراقدا لە دەسەڵاتێکی کیانی سیاسییەوە دەگوازرێتەوە بۆ دەسەڵاتی دەوڵەتی دەستووری مەدەنییانە؟؟؟

لێرەوە پێویستمان بە کۆمەڵێك میکانیزم و سیاسەت هەیە تا وەڵامی ئەو سێ پرسیارەی پێ بدەینەوە:

١ـــ میکانیزمـــی سیاســـی بـــۆ گەیشـــتنە قۆناغی گواســـتنەوەی دیموکراتـــی لە ڕێگـــەی مامەڵەتکردنی دیموکراتیانەوە(پابەندبوون بە دەســـتوورـ هەڵبژاردنەکان ـ پلۆرالیزمی سیاســـی بە هـــەردوو لەکەکانییەوە واتە لکی فرەحزبی و لکی فرەڕاوبۆچوون ـ ســـەربەخۆیی دادوەری ـ دەساودەستکردنی ئاشـــتییانەی دەسەڵات ـ زامنبوونی مافـــەکان و ئازادییـــە دەســـتوورییەکان و ڕێکخســـتنیان بەچەندین یاساوە کە لە دامودەزگاکاندا پێڕەوبکرێن.

٢ـ میکانیزمـــی ئابووری بۆ گەیشـــتنە ئەنجامدانی دادپـــەروەری کۆمەڵایەتی ئەوەش لـــە ڕێگەی ئابووری هاوســـەنگ و ســـەقامگیرەوە کە بتوانێت بـــە بەردەوامی پەرەپێدان مسۆگەر بکات بۆ لەناوبردنی هەژاری و بێکاری و گەندەڵی..

٣ـــ میکانیزمـــی کۆمەڵایەتـــی بـــۆ گەیشـــتن بە هاوســـەنگبوونی کۆمەڵایەتـــی لە پێناوی نەهێشـــتنی ناڕەزایەتـــی کۆمەڵایەتی و میللی ئـــەوەش بە بووژانەوەو پەرەپێدانی بارو گوزەرانی چینی بەرفراوانی ناوەند مەیسەر دەکرێت..

٤ـمیکانیزمی ڕۆشنبیری بۆ گەیشتن بە سەروەربوونێکی ڕۆشنگەری هاوبەشـــیکردن و دوورخستنەوەی ڕۆشنبیری باوی تەقلیدی ئەمەش بە پتەوکردنی بیرورای عەقلانی و سیکۆلاریزمی ئەنجام دەدرێت..

بەم شـــێوازانەوە گەر میکانیزمەکانمان دەستنیشان کرد و گەیشـــتینە تیـــم و گرووپی ســـێکوچکەی حوکمڕانی باش(هاووڵاتـــی و کۆمەڵگـــەی مەدەنی و دەســـەڵاتی دەستووریانەی مەدەنییانە)ئەوکاتە ئەدای ناسەقامگیری لە حوکمڕانیدا کە بە میرات بۆ عیراق ماونەتەوە تێدەپەڕێنین، لەوانە تێپەڕاندنی( ئەدای حکومەتە پاشـــایەتییەکانی کە ناســـەقامگیربوون) و (ئەدای حوکمی کۆماریی قاسمی هەڵشەو شپرزە) و (ئەدای حوکمی لاوازی کۆمارییانەی عارفـــی) و( ئەدای حوکمـــی توندڕەوو فاشـــی بەکر ـ سەدامی) و (ئەدای حوکمی ئاڵۆزکاوو پێکداپژاوی دوای ٢٠٠٣)

# پرۆسەی بەتایبەتکردن..



# گواستنەوەی ئابووری دەوڵەت بۆ ئابووری بازاڕ

((بەتایبەتکردن (Privatization) پەیوەستە بە بوونی میکانیزمی گونجاوەوە بۆ خستنەگەڕی سەرمایە و سەرچاوە لەو بوارانەدا، کە لەدەرئەنجامدا قازانجی لێدەکەوێتەوە. یەکێکی دیکە لەئایدیاکان بریتییە لەوەی ئەگەر پیشەسازی لەلایەن کارمەندە حکومیەکانەوە بەڕێوەببردرێت، ئەوا هیچ پاڵنەرێکیان نابێت بۆ برەوپێدانی، لەبەر ئەوەی ئەو کارمەندانە هەرچۆنێك بێت مووچەی خۆیان وەردەگرن، کەواتە ئەمە دەبێتە هۆی خنکاندنی داهێنان و تازەگەری، لەهەمان کاتدا دەبێت سەیری لایەنە مرۆییەکەی ئەم پرۆسەیە بکەین. بەتایبەتکردن بریتییە لەکردنە دەرەوەی حکومەت لەپرۆسەی بەرهەمهێنان و خاوەندارێتی. کەواتە ئەمە هۆکاری ئەوەیە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بەدەست هەمان ئەو کێشانەوە دەناڵێنن کە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت بەدەستیەوە گرفتاربوون، کە سەرەڕای ئەوەی نەیانتوانی وەك پێویست سەرچاوە و سەرمایە بۆ گەشەپێدانی ئابووری بەکاربهێنن، ئەوا گەندەڵیش لەئارادابوو، ئێمە دەزانین گەندەڵی زۆر بەربڵاو بوو لەوڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت و لەهەمان کاتدا گەندەڵی لەوڵاتە تازە گەشەکردووەکانیشدا تەشەنەی کردووە. کەواتە بەتایبەتکردن چەند شتێکت پێدەبەخشێت، یەکەم پێت دەڵێت لەچ بوارێکدا وەبەرهێنان بکەیت، دووەم پاڵنەری ئەوەت دەداتێ کە برەو بە کارەکەت بدەیت و سێیەم دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی گەندەڵی)).

پرۆفیسۆر عەتیات ئۆت



# سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خاوەنی ئابووریەکی تێکەڵ بوون، نەک بەتایبەتکردن

مایکل هادسۆن بۆ گوڵان:



ئەگەر قۆناغی ئینیقالی بەرەو دیموکراتی لەسەر ئاستی سیاسیی خۆی لەدیاردەی فرەلایەنی سیاسیی و هەڵبژاردنی ئازاد و ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەگەری و هەڵبژاردنی ئازاد خۆی ببینێتەوە، ئەوا لەسەر ئاستی گواستنەوە لەئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ دەست پێدەکات، ئەمە بەو مانایەی دەوڵەت چیدیکە خاوەنی هەموو سەرچاوەیەکی ئابووری نەبێت بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی تەخشان و پەخشان بە داهاتی وڵات بکات، یان سوپا و چەک و جبەخانەی گەورەی پێ دروست بکات، پێش جەنگی جیهانی دووەم دەوڵەتان بەشێکی زۆری داهاتی وڵاتەکەیان بۆ ئاشتی و ڕەتکردنەوەی دوژمنداری دەوڵەتانی دیکە تەرخانکردبوو، هەر بۆیە کاتێک شەڕیش هێندەی دیکە ژێرخانی هەموو وڵاتانی کاولکرد، ئەوا لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕەوە زۆربەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا کە هەموویان دەوڵەتی دوای شەڕ و کاولکاری بوون، لەپێناوی ئەوەی بەشێوەیەکی خێرا ژێرخانی ئابووری وڵاتەکانیان بونیاد بنێنەوە، کەوتنە بەکارهێنانی شێوازی بەتایبەتکردن، هەربۆیە بەتایبەتکردن ڕوانگەی ئابووری و سیاسیشی هەیە، لەڕوانگەی ئابوورییەوە، پرۆسەی بەتایبەتکردن ئامانجی ئەوەیە کە هەموو سەرچاوە مرۆیی و سروشتییەکان بەتوانایەکی بەرز بخاتە گەڕ، ئەمەش بەرێگەی بازاڕی ئازاد و ڕێگرتن لەدەستێوەردانی دەوڵەت بێجگە لەحاڵەتی زۆر تایبەت نەبێت، هەروەها هەموو هەوڵێک دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بازاڕ سەقامگیر بێت و لەهەڵکشان و داکشانی لەناکاو بەدوور بێت، ڕوانگە سیاسییەکەشی بریتییە لەبچووک ردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت، بە ئاستێك کە تەنیا بوارە بنەڕەتییەکان بگرێتەوە وەك بوارەکانی بەرگری و ئاسایش و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، هەربۆیە بەتایبەتکردن ئەو جوغزە تەسکە تێدەپەڕێنێت کە تەنیا بریتی بێت لەفرۆشتنی سەهم و یان گواستنەوەی موڵکداریەتی.

بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر پێناسەی بەتایبەتکردن وەك پرۆسەیەك کە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لەقۆناغی ئینتقالیدا پەنای بۆ دەبەن، پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر عەتیات ئەوت ئوستادی ئابووری و تۆژەری باڵا لەسەنتەری سیاسەتی ئابووری لەزانکۆی کلارک کرد، بەڕێزی لەوڵامدا بەمجۆرە باسی لەپرۆسەی بە تایبەت کردن و وتی: (لەڕاستیدا من کتێبێکم هەیە دەربارەی بەتایبەتکردن، هەروەها ئەم پرسە زیاتر لەدوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە زیاتر باسی لێوەکرا، کە حکومەتی ئەو وڵاتانەی پێشتر لەژێر نفوزی یەکێتی سۆڤیەتدا بوون نەیانتوانی سەرچاوەکان بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی تەرخان بکەن، بەڵکو بەشێکی گەورەی میزانیەکەیان بۆ بەرەودان بە بواری سەربازی و چەکداری بەکارهێنا. لەئەنجامدا ئابووری وڵاتەکە دووچاری کەساد هات و نەیانتوانی لێکۆڵینەوە بکەن لەبارەی ئەوەی دەبێت پەرە بە چ پیشەسازییەك بدەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر کەسێك یان کۆمپانیایەکت هەبێت پاڵنەری بەدەستهێنانی قازانجی هەبێت، ئەوا دەتوانن ئەوە یەکلابکەنەوە کە دەبێت لەچ بوارێکدا سەرچاوەکانیان بخەنە گەڕ و لەچ بوارێکیشدا ئەم کارە نەکەن. کەواتە بەتایبەتکردن پەیوەستە بە بوونی میکانیزمی گونجاوەوە بۆ خستنەگەڕی سەرمایە و سەرچاوە لەو بوارانەدا کە لەدەرئەنجامدا قازانجی لێدەکەوێتەوە. یەکێکی دیکە لەئایدیاکان بریتییە لەوەی ئەگەر پیشەسازی لەلایەن کارمەندە حکومیەکانەوە بەڕێوەببردرێت، ئەوا هیچ پاڵنەرێکیان نابێت بۆ برەوپێدانی، لەبەر ئەوەی ئەو کارمەندانە هەرچۆنێك بێت مووچەی خۆیان وەردەگرن، کەواتە ئەمە دەبێتەهۆی خنکاندنی داهێنانکاری و تازەگەری، کەواتە لەهەمان کاتدا دەبێت سەیری لایەنە مرۆییەکەی ئەم پرۆسەیە بکەین. بەتایبەتکردن بریتییە لەکردنە دەرەوەی حکومەت لەپرۆسەی بەرهەمهێنان و خاوەندارێتی، کەواتە ئەمە هۆکاری ئەوەیە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بە دەست هەمان ئەو کێشانەوە دەناڵێنن کە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت بەدەستیەوە گرفتاربوون، کە سەرەڕای ئەوەی نەیانتوانی وەك پێویست سەرچاوە و سەرمایە بۆ گەشەپێدانی ئابووری بەکاربهێنن، ئەوا گەندەڵیش لەئارادابوو، ئێمە دەزانین گەندەڵی زۆر بەربڵاو بوو لەوڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت و لەهەمان کاتدا گەندەڵی لەوڵاتە تازە گەشەکردووەکانیشدا تەشەنەی کردووە. کەواتە بەتایبەتکردن چەند شتێکت پێدەبەخشێت، یەکەم پێت دەڵێت لەچ بوارێکدا وەبەرهێنان بکەیت، دووەم پاڵنەری ئەوەت دەداتێ کە برەو بە کارەکەت بدەیت و سێیەم دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی گەندەڵی، بەڵام ئەم پرۆسەیە لەسەرەتادا وەك شۆکێك وایە، وێرانکاری لێدەکەوێتەوە، لەمیسردا کاتێك ئیسلاحی زەوی و زار کرا، ئەم دەرئەنجامەمان بینی، ڕەنگە ئەمە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بگۆڕێت، بەڵام تێپەڕاندنی قۆناغی یەکەم کاتی دەوێت، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد کێشە و گرفت لەقۆناغی سەرەتای ئەم پرۆسەیەدا دروست دەبێت و دەبێت خۆمانی لەگەڵدا بگونجێنین، بەڵام ئەگەر وڵاتەکە خاوەنی هێزێکی کاری بەتوانا و ڕۆشنبیر بێت، ئەوا دەتوانێت بە خێرایی قەرەبووی ئەو خەسارەتانە بکاتەوە، کەواتە هەرچۆنێك بێت، دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاوبێت کە لەسەرەتای ئەم پرۆسەیەوە خەسارەت ڕوودەدات)).




پرۆفیسۆر عەتیات کە وەك کەسێکی ڕۆژهەڵاتی میسری ئاگاداری زیاتر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە لەوڵاتێکی وەك میسر یان ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا، بۆیە دیسان پرسیارمان لێکردەوە ئایا تاچەند بواری ئەوە هەیە ئەم پرۆسەیە لەوڵاتانی تازە پێگەیشتووش سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا خاتوو عەتیات بە گوڵانی ڕاگەیاند: (ئەگەر ئێمە باس لەئەزموونی وڵاتی میسر بکەین، ئەوا دەبینین لەم وڵاتەدا پیشەسازیگەلێك هەبوون کە قازانجیان هەبوو، بەڵام لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا بوون، ئێمە دەزانین حکومەت ناتوانێت وەك بازاڕ ڕەفتار بکات و سەرچاوەکان بە ئاڕاستەیەك بخاتەگەڕ کە پێویستە. دواتر کە بڕیاری بەتایبەتکردن درا، حکومەت ئەم کەرتانەی فرۆشتەوە، بەڵام لەسەرەتادا گەندەڵیەکی یەکجار زۆر ڕوویدا، لەبەر ئەوەی بەرپرسە باڵاکان، یاخود بەڕێوەبەری ئەو کەرتانە بەشێکی زۆری ئەو سەرچاوانەیان دزی، بەڵام دواتر ئەم پرۆسەیە هەنگاوی باشتر دەنێت، لەبەر ئەوەی پاڵنەری قازانجکردن لەئارادا دەبێت، کەواتە لەسەرەتادا ڕەنگە خەسارەتێکی زۆر و گەندەڵیەکی زۆر ڕوبدات، بەڵام ئەگەر توانرا ئەم کۆسپە تێپەڕێنرێت، ئەوا سەرچاوەکان بەباشی بەگەڕ دەخرێن و ئەو کاتەش دەرئەنجامەکە بریتی دەبێت لەدروستبوونی هەلی کار و باشتر سوودوەرگرتن لەسەرچاوەکان. کەواتە دەبێت خۆت لەگەڵ ئەو گەندەڵی و کێشانەدا بگونجێنیت کە لەسەرەتای پرۆسەی بەتایبەتکردندا ڕوودەدات، سەبارەت بە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپاش، دەتوانین ئاماژە بە سەرکەوتنی کۆماری چیك بکەین لەم پرۆسەیەدا، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکردلەسەرەتادا گرفت و خەسارەت ڕوودەدات، بەڵام هەروەك پێشتر باسم کرد ئەگەر هێزێکی کاری ڕۆشنگەرت هەبوو کە ئاستێکی پەروەردەی باشیان هەبێت، ئەوا سەرکەوتوو دەبێت، کە ئەم چینە لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دووردا بەدی کرا و ئێستاش چین ئەزموونێکی سەرکەوتوو پێشکەش دەکات لەم ڕووەوە. لەم پرۆسەیەدا دوو شت زۆر گرنگن، یەکەمیان ئەوەیە بڕیاری ئەوە بدەیت چ بوارێکی پیشەسازی بە تایبەت دەکەیت، چونکە ئەگەر لەم ڕووەوە بڕیاری هەڵە بدەیت، ئەوا تەواوی پرۆسەکە لەناو دەبەیت، کەواتە دەبێت لەسەرەتادا ستراتیجیەتێك بۆ بەتایبەتکردن دابڕێژیت. دووەمیان هێزێکی کاری خاوەن توانا و پەروەردەی ئاست بەرزت پێویستە)).

**هیچ پێویست ناکات وڵاتێکی خاوەن نەوتی وەك عێراق پەنا بۆ بەتایبەتکردن ببات. لەبەر ئەوەی هێزێکی دەرەکی نییە ناچاری بکات بەتایبەتکردن ئەنجام بدات**

ئەوەی پرۆفیسۆر عەتیات ئاماژەی پێکرد هەندێك هۆشداری بوو لەسەر چۆنیەتی پیادەکردنی ئەم پرۆسە گرنگە،

ئیڤان ماکنزی بۆ گوڵان:

# پێویستە حکومەت هەر لەسەرەتاوە وردەکارییەکان دیاری بکات، نەک بەو ئاسانییە و بەشێوەیەکی ڕەها کەرتەکان ئازادبکات بۆ کۆمپانیا تایبەتەکان



بەلام پرۆفیسۆر مایکل هادسۆن کە ئوستادی ئابوورییە لەزانکۆی ئابووری سەرۆکی سەنتەری (ISLTE) بۆ دیراساتی ڕەهەندە ئابوورییە دوورمەوداکان، بۆچوونێکی دیکەی سەبارەت بە پرۆسەی بەتایبەتکردن هەیە و لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی خستەڕوو و وتی: (هەندێ لەوڵاتان ناچار دەکرێن پەنا بۆ بەتایبەتکردن ببەن، ئەویش یان لەئەنجامی داگیرکردنی وڵاتەکەوە، یان ڕووخانی ڕژێمی وڵاتەکە، یاخود فشاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یان بەهۆی فشاری داراییەوە لەسەر ئەو حکومەتەی کە قەرزێکی زۆری لەئەستۆیە، بەتایبەتکردن تێچووی ژیان و گوزەران بەرز دەکاتەوە، بەتایبەتکردن تێچووی خزمەتگوزارییەکان بەرز دەکاتەوە، لەبەر ئەوە ئەمە ڕێگەیەکی تێکدەرانەیە. هەر بۆیە من پێموایە دەبێت وڵاتان بەرهەڵستی لە بەتایبەتکردن بکەن، لەبەر ئەوەی یەکێك لەئامانجەکانی بریتییە لەگۆڕینی ئاراستەی کارکردن لەیەکێتییەکانی کارەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەیان، بۆ دووبارە بنیادنانەوەی خزمەتگوزارییەکانی کار، ئەویش بەوەی کە نرخ و تێچووی خزمەتگوزاریە گشتییەکان بە ڕادەیەکی زۆر بەرز بکرێتەوە. لەبەر ئەوەی پێشتر حکومەت هاوکاری و یارمەتییەکی زۆری پێشکەش دەکرد بۆ دابینکردنی ئەو خزمەتگوزاریانە. بەتایبەتکردن لەوڵاتانی دیکەدا دەقا و دەق پێچەوانەی ئەو شێوازەیە کە بەهۆیەوە ئەمریکا دەوڵەمەندبووە، دەوڵەمەندی ئەمریکا بەهۆی بەتایبەتکردنی سەرچاوە سروشتییەکانی وڵاتەکەوە نەبووە، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە لەبواری گشتیدا هێڵرانەوە، ئەویش بەوەی بەڕێوەبردنی ئەو سەرچاوانە بەدوور بوو لەقەرزکردنەوە، هەروەها هەوڵدار تێچووی دابینکردنی خزمەتگوزاریە گشتییەکان کەم بکرێتەوە، بەڵام لەحاڵەتی بەتایبەتکردندا کۆمپانیا بەتایبەتکراوەکان تێچووی خزمەتگوزارییەکان بەرز دەکەنەوە، قازانج دەدەن بەو بانقانەی قەرزیان لێوەرگرتوون، کە لەئەنجامدا دەبنەهۆی ئەوەی ئابووری وڵاتەکە کەمتر توانای ململانێکردنی هەبێت، کەواتە بەتایبەتکردن دەبێتە ڕێگەیەك بۆ خۆکوشتنی ئابووری و بالادەستبوونی ئەو وڵاتانەی دەتوانن بەرەنگاری بەتایبەتکردنی بوارە گشتییەکانیان ببنەوە. هەر بۆیە هیچ پێویست ناکات وڵاتێکی خاوەن نەوتی وەك عێراق پەنا بۆ بەتایبەتکردن ببات، لەبەر ئەوەی هێزێکی دەرەکی نییە ناچاری بکات بەتایبەتکردن ئەنجام بدات. ئەگەر ئابووری عێراق بە تایبەت بکرێت، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانن ئەمە لەئەنجامی هێرشی سەربازیی ئەمریکاوە کراوە، لەبەر ئەوە دەبێت دوای جێهێشتنی وڵاتەکە لەلایەن ئەمریکاوە بگەڕێنەوە بۆ ئابووری سروشتی وڵاتەکە کە پێشتر ئەم دۆخە لەئارادابوو، چونکە ئامانجی بەتایبەتکردنی ئیفلیجکردنی ئابووری وڵاتانی جیهانی سێیەمە، واتە نابێتەهۆی هێنانەدی ئابووری بازاڕ، بەڵکو دەبێتەهۆی هێنانەدی ئابوورییەك کە وەبەرهێنەرە دەرەکییەکان سەپاندویانە بەسەر وڵاتەکەدا. هەروەها ئەمە لەناوبردن و پێچەوانەکردنەوەی پرۆسەی بە دیموکراتیکردنە، ئەمە بە لیبرالیزەکردن نییە، بەڵکو کارێکی تەواو پێچەوانەی لیبرالیزەکردنە. ئەم پرسیارەی ئێوە لەئەنجامی گوێگرتنی زۆری ئێوەوە هاتووە بۆ پڕوپاگەندەی ڕۆژئاوا و ئێوە دەستەواژەی هەڵە بەکار دەهێنن. ئەوەی پەیوەندی بە گەندەڵیشەوە هەبێت، من دڵنیام ئەو وڵاتانەی لەسایەی داگیرکاری سەربازییەوە دەست بەتایبەتکردن دەکەن، ئەنجامەکەی تەنیا دروستبوونی گەندەڵی دەبێت، کەواتە چارەسەرەکە ئەوەیە ئەم بەتایبەتکردنە هەڵوەشێنرێتەوە و ئەو کەرتانە بگەڕێنەوە بۆ بواری گشتی)).

هەر لەدرێژەی وتووێژەکەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر هادسۆن پرسیاری ئەوەمان لێکرد ئایا دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ئەوانیش دەوڵەتانی جیهانی سێیەم نەبوون ئێستا بەهۆی پرۆسەی بەتایبەتکردنەوە بوونە وڵاتانی جیهانی یەکەم؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە پرۆفیسۆر هادسۆن وتی: (نەخێر نەبۆتەهۆی سەرکەوتنی ئابووری لەو وڵاتانەش، بەڵکو سەرکەوتنی ئەم وڵاتانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خاوەن ئابوورییەکی تێکەڵ بوون، لەبەر ئەوەی بەتایبەتکردن لەهیچ وڵاتێکدا نەبۆتەهۆی سەرکەوتنی ئابووری. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هۆکاری سەرکەوتنی پرۆسەی بەتایبەتکردن، دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت کە سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بەندە بە تەبەنی کردنی سیستمێکی باشی باجەوە دەکرێت، هەروەها بەهۆی دانانی ڕێسا و یاسی گشتییەوە دەکرێت بۆ ڕێکخستنی بوارە گشتییەکان، هەروەك ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەلایەن ئەمریکاوە کراوە. بۆیە دووبارەی دەکەمەوە بۆ وڵاتێکی وەك عێراق کە بەشی خۆی دەوڵەمەند بوو بەهۆی گرتنبەری ئابوورییەکی تێکەڵاوەوە، لەبەر ئەوە ناچار نییە هیچ یەکێك لەبوارە گشتییەکانی خۆی بفرۆشێت، ئێستاش ئەمریکیەکان هەوڵدەدەن دەست بەسەر سەرچاوەکاندا بگرن، وەك ڕێگەیەك بۆ بەدەستگرتن بەسەر سەرچاوە ناوخۆییەکاندا، کە دەبێت بەرەنگاری ئەم هەوڵە بکرێت و پێچەوانە بکرێتەوە کاتێك داگیرکارە ئەمریکاییەکان وڵاتەکەیان جێهێشت)).

ئەم بۆچوونە جیاوازانە سەبارەت بە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی پرۆسەی بەتایبەتکردن ئەوەمان پیشاندەدا، سەرکەوتنی

ئەم پرۆسەیەش وەك سەركەوتنی لایەنی سیاسیی پرۆسەی دیموكراتی پەیوەستە بە چەند مەرجێك و زەمینە سازانی پێشوەختەوە.

### پرۆسەی بەتایبەتكردن و بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری بەخێرایی

وەك لەسەرەتای ئەم راپۆرتە ئاماژەمان پێكرد پرۆسەی بەتایبەتكردن وەك ئامانجێك بۆ بەگەڕخستنی توانا مرۆیی و سروشتییەكان بۆ ئەوەی ژێرخانی داڕووخاوی وڵاتانی دوای یان وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بە خێرایی بونیاد بنرێتەوە، بەڵام كاتێك سەرەتای ئەم پرۆسەیە وەك ئەو پرۆفیسۆرانەی پێشتر باسیان كرد، كۆمەڵێك كێشە بەدوای خۆیدا بهێنێت و ببێتە هۆكاری چەشنێك لەگەندەڵی هەتا دەگاتە ئەو ئاستەی كە گەندەڵی ببێتە دیاردەیەك لەناو كۆمەڵگە، پرسیار ئەوەیە ئایا چۆن ئەم پرۆسەیە راست دەكرێتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەو هەڵوەستەكردن لەسەری، پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر ئیڤان ماكنزی ئوستادی

## ئەو وڵاتانەی لەسایەی داگیركاری سەربازیەوە دەست بەتایبەتكردن دەكەن، ئەنجامەكەی تەنیا دروستبوونی گەندەڵی دەبێت

سیاسەتی حكومڕانی لەزانكۆی ئیلینیۆز لەشیكاگۆ كرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە و وتی: (زۆرجار كە پرۆسەی بەتایبەتكردن پیادەدەكرێت وەكو رێگەچارەیەكە بۆ خەرجكردنی بڕێكی كەمتر لەپارەكانی حكومەت لەبواری جێبەجێكردنی ئەركە گرنگەكان. بەواتایەكی تر، زۆر ئەركی گشتی هەن كە لەتێڕوانینی حكومەت مەرج نییە ئەم ئەركانە لەلایەن كارمەندانی حكومی جێبەجێ بكرێت، بۆیە بە كارمەندانی ناحكومی دەسپێردرێت، كارمەندانی كەرتی تایبەت و كۆمپانیاكانی بزنس بۆ جێبەجێكردنی ئەركەكانی حكومەت، لێرەوە دەبێت ئەو راستیەمان لەبەرچاوبێت هەموو وڵاتێك رووبەڕووی بارودۆخێكی دیاریكراو دەبێتەوە. هەربۆیە گرنگ نییە بپرسین ئایا كام شێوازی بەتایبەتكردن باشە و كامەیان خراپە، بەڵكو گرنگترین شت ئەوەیە بپرسین: ئایا كام حكومەت كارایە بۆئەوەی پرۆسەی بەتایبەتكردن دەست پێبكات لەگەڵ چۆنیەتی بەتایبەتكردنەكە؟ ئەمە پرسیارە هەرە گرنگەكەیە و هەمان ئەو پرسیارەیە كە لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هەمیشە دێتەكایەوە و كێشەیەكی بەردەوامە. پێویستە ئەركێكی دیاریكراوی حكومەت وەرگرین و بپرسین بزانین ئایا حكومەت پێشوەختە دایناوە لەگرێبەستێكی دیاریكراودا چی بكات یان نا، هەروەها ئەگەر هات و ئەم كارەیان كردووە، ئایا بەشێوەیەكی دروست ئەنجامیانداوە و ئایا بەپێی ستاندەرە گشتییەكانە. هەربۆیە، لێرەدا دەبینین ئەركێكی دیاریكراو هەیە و پێشوەختە بۆی دانراوە چی بكرێت و هەموو پێوەر و ستاندەرەكان رەچاوكراوە بۆ زانینی ئەوەی كە ئایا



ریچارد ئەریکسۆن بۆ گوڵان:

# لە پرۆسەی بەتایبەتکردندا ژینگەیەک دروست دەبێت بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵی، بەڵام لەهەمانکاتدا دەبێتە مایەی ئاشکراکردنی گەندەڵیش



بەشێوەیەکی دروست بەتاییبەتکردن کراوە یان نا؟ بەڵام ئەگەر بێت و بوارێکی ئاڵۆز خێخێە بکرێت و دواتر پشت بە هەڵسەنگاندنی سیاسی ببەسترێت بۆ زانینی دروستی و نادروستی لەسەرکەوتنی پرۆسەکە، هاوکات کاتێکی زۆر بخایەنێت لەجێبەجێکردنی و حکومەت لە وردەکارییەکانی بکۆڵێتەوە بۆ دڵنیابوون لەئەرکەکە، بەڕای من زۆر زەحمەتە ئەم جۆرە بوارانە بەتاییبەت بکرێن. لەهەمان کاتیشدا، هیچ دەسکەوتێکی ئابووری وەدەستناهێندرێت لەبەتاییبەتکردنی ئەم جۆرە بوارانە. هەربۆیە، دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لەکارمەندەکانی حکومەت و بەتاییبەتکردنی ئەرکەکان و پێدانی پارەکان بۆ کۆمپانیا تاییبەتەکان هیچ دەسکەوتێکی ئابووریی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکو دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵی، لەبەرئەوەی گەندەڵی یەکێکە لەدەرهاوێشتەکانی پرۆسەی بەتاییبەتکردن، لەبەرئەوەی لەپرۆسەی بەتاییبەتکردن پارەکانی حکومەت بە کۆمپانیا تاییبەتەکان دەدرێت و لەئاکامیشدا ئەم کۆمپانیا تاییبەتانە هەڵدەستن بە پێدانی بەرتیل بە کارمەندەکانی حکومەت و دەسەڵاتیان لەسەر بارودۆخەکە دەسەپێنن. هەربۆیە، زۆر زۆر گرنگە ئیجرائات و کاری پێویست بگیرێتەبەر لەپێناو دڵنیابوون لەسەر نەبوونی گەندەڵی و ڕێگەگرتن لەکارمەندەکانی حکومەت لەوەرگرتنی بەرتیل و جەختکردنەوە لەگرێبەستە تاییبەتەکان لەو بارەیەی کە پارەی لێ نەدزرێت. ئەم جۆرە حاڵەتانە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا روودەدات، هەروەها هەمان حاڵەت لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات، لەپۆڵەندا و روسیا ...و تاد روویانداوە. بەڕای من بەشێك لەم کێشەیە پەیوەستە بە کەلتووری سیاسی. لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیای مەزن و فەڕەنسا و چەندین وڵاتی تر، ئەم وڵاتانە خاوەن نەریتێکن کە بریتییە لەپرۆفیشناڵکردنی بیرۆکراسییەت. بەواتای هاووڵاتیان ماوەیەکی زۆر بەسەردەبەن لەبەرەوپێشەوەبردنی پیشەکانیان، هاوکات حکومەت چاودێریی هاووڵاتیان دەکات و ئەگەر دیاردەی گەندەڵی رووبدات، ئەوکات سزادەدرێن. ئێمە پشکێنەری گشتیمان هەیە کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەبارەی چۆنیەتی خەرجکردنی پارەکان لەلایەن حکومەت، کەلتووری سیاسی و بیرۆکراسییەتی پرۆفیشناڵ ڕێگە بە هاووڵاتیان نادات دزی لەپارەکانی حکومەت بکەن. لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو، دەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی داگیرکەرەکان، دەبینین سیستەمی بیرۆکراسییەت هەمیشە گەندەڵ بووە، هیچ کەلتوورێکی بیرۆکراسیی راستگۆنەبوو بۆ بونیادنانی سیستەمێکی دروست، لەبەرئەوەی هەر لەسەرەتاکانی بونیادنانی بیرۆکراسییەتەوە لەم وڵاتانەدا، هەر لەسەردەمەکانی کۆڵۆنیالیزم-ەوە، کارمەندانی حکومەت بەرتیل وەردەگرن و هەمیشە گەندەڵ بوونە. ئێستاش سیستەمێکی بیرۆکراسی گەندەڵ بوونی هەیە کە خاوەن کەلتوورێك نییە لەراستگۆیی و پرۆفیشناڵی، هاوکات مووچەی کارمەندەکان لەئاستێکی نزمدایە، پاشان دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت پارەی حکومەت بکەوێتە ژێر دەستیان و توانایان هەبێت بۆ فرۆشتنی موڵکەکانی دەوڵەت، لێرەدا هەلی بزنس بۆ کاربەدەستەکانی حکومەت دەڕەخسێت و هەلەکە بۆ خۆیان دەقۆزنەوە و خۆیان دەوڵەمەند دەکەن. هەربۆیە، پێویستە بتوانین سیستەمێکی بیرۆکراسیی پرۆفیشناڵ بونیادبنێین، بەپێچەوانەوە کارمەند و کاربەدەستەکانی حکومەت پرۆسەی خێخێە بۆخۆیان دەقۆزنەوە و خۆیانی پێ دەوڵەمەند دەکەن)).

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بەو لایەنەی کە پرۆفیسۆر ماکنزی ئاماژەی پێکرد، هەندێك بوار نابێت بە تایبەت بکرێن و ئەگەر بەتاییبەت بکرێن ئەو بوارانە سوودی نابێت، پرسیاری ئەوەمان لێکرد ئەگەر لەحاڵەتێکدا ئەو لایەنانە بەتاییبەت کران، ئایا بواری ئەوە دەمێنێتەوە جارێکی دیکە بگەڕێنرێنەوە بۆ کەرتی گشتی؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا پرۆفیسۆر ماکنزی وتی: (ئەمە لەچەندین حاڵەتدا روویداوە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و زۆرجار لەم بارەیەوە قسەم لەسەری کردووە، ئەم دیاردەیە من ناوم لێناوە بە «خەسخەسەنەکردن — deprivatization». کە هەڵدەستین بە دووبارە گەڕاندنەوەی کەرتێك بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەت کە پێشتر خەسخەسەکراوە. ئەم شتەش روویداوە، بۆ نموونە لە»سکەکانی شەمەندەفەر» لە»ئیست کۆست — کەناری رۆژهەڵات» و گەڕاندنەوە و خەسخەسەنەکردنی سکەکانی شەمەندەفەر و وەرگرتنەوەی لەکۆمپانیای «کۆن رەیڵ» کە حکومەت جۆرە کۆنتڕۆڵێکی لەسەری هەبوو. ئەم کارە دەکرێت، بەڵام بە مەرجێك، کاتێك کە هەڵدەستن بە خەسخەسەکردنی کەرتێك و ئەگەر هات و کۆمپانیا دووچاری گەندەڵی بوو، ئەوکات دەتوانی ئەو کەرتە یان ئەو پیشەسازییە لەو کۆمپانیایە وەرگریتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە لەکاتی خەسخەسەکردنی کەرتەکان ناکرێ کۆنترۆڵ و ئازادییەکی رەها بە کۆمپانیاکان ببەخشرێت، لەبەرئەوەی کاتێك کە بڕیار دەدرێت لەسەر خەسخەسەکردنی شتێك، پێویستە حکومەت بەشێوەیەکی رەها ئەو شتە ئازاد نەکات، بەڵکو پێویستە حکومەت رۆڵێکی سەرپەرشتیاری بهێڵێتەوە لەسەر ئەو کەرتە، هەروەها مافێك بپارێزێت بۆ گەڕاندنەوەی کەرتەکە. ئەم



کارانەش لەڕێگەی گرێبەست-ەوە ئەنجام دەدرێت، حکومەت مافی هەیە بۆ گرێدانی گرێبەست لەبەتایبەتکردنی کەرت و پیشەسازییەکان، هەربۆیە پێویستە لەسەر حکومەت هەمیشە مافەکانی بپارێزێت و تەحەففوزی هەبێت لەگرێبەستەکان بۆ گەڕاندنەوەی کەرتەکان، ئەویش ئەگەر هات و کۆمپانیا تایبەتەکان بەپێی ستاندەرە گشتییەکان کارەکانیان ئەنجام نەدا. هەربۆیە، پێویستە حکومەت هەر لەسەرەتاوە وردەکارییەکان دیاری بکات، نەك بەو ئاسانییە و بەشێوەیەکی رەها کەرتەکان ئازادبکات بۆ کۆمپانیا تایبەتەکان. بەداخەوە ئەم شتە لێرە روویدا لە»شیکاگۆ»، کاتێك کە حاکمی «شیکاگۆ» هەڵسا بە تایبەتکردنی شوێنەکانی وەستانی ئۆتۆمبێل، ئاکامەکەشی کارەساتی لێ کەوتەوە، بەڵێندەرە تایبەتەکان هەر لەسەرەتاوە و یەکسەر هەڵسان بە زیادکردنی کرێی وەستانی ئۆتۆمبێل بە دووقات «دەبڵ» و بەشێوەیەکی ناڕەوا و زیادەڕۆ سزا «غەرامە»یان لەسەر هاووڵاتیان دەسەپاند و حکومەت لەم هەڵە گەورەیەدا بڕە داهاتێکی زۆری زەرەرکرد، بەداخەوە حکومەت نەیتوانی کەرتەکە بگەڕێنێتەوە لەبەرئەوەی بەندبوون بە گرێبەستێکی درێژخایەن. ئەمەش ئەو هەڵەیەیە کە نابێت حکومەتەکان تێیکەون، نابێت حکومەت گرێبەستی درێژخایەن واژۆبکات و هاوکات پێویستە تەحەففوز بە مافەکانی بکات لەگرێبەستەکان بۆئەوەی توانای گەڕاندنەوەی کەرتەکان و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکانی هەبێت لەحاڵەتی سەرپێچیکردنی کۆمپانیا تایبەتەکان لەمەرج و ستاندەرەکان)).

دەربارەی ئەو هۆکارانەشی کە دەبنە هۆی شکستهێنانی پرۆسەی بەتایبەتکردن و هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لەراوێژکارانی ئابووری جیهانی بۆ ئەوەی بتوانن یارمەتی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو بدەن، پرۆفیسۆر کاکنزی لەمبارەوە بەمجۆرە بۆچوونی خۆی بۆ گولان روونکردەوە و وتی: (ئەو وڵاتانەی کە خاوەن خراپترین ئەزموونن لەپرۆسەی بەتایبەتکردن، ئەو وڵاتانەن کە پەنایان بردۆتە بەر راوێژکارانی ئەمریکی، لەبەرئەوەی لەناکاو هەڵساون بە چەسپاندنی بەتایبەتکردنی بنەڕەتی و لەیەك کاتدا بلیۆنەها دۆلاریان سەرفکردووە لەسەر پیشەسازییەکانی وڵات. ئەمەش هەمان بارودۆخی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات و وڵاتانی یەکێتی سۆڤیێتی جاران بوو لەرووسیا، بەشێوەیەك کە هەڵسان بە خەسخەسەکردنی هەموو کەرتەکان لەیەك کات، ئاکامەکەشی سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵی بوو. بەڕای من گواستنەوە لەئابووریی دەوڵەت بۆ ئابوورییەکی ئازاد کارەساتە، چونکە هەموو شتەکان پێکەوە ئەنجام دەدرێن لەیەك کاتدا. لەلایەکی ترەوە نەبوونی ئەزموون، بۆنموونە لەوڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات، کارەساتێك بوو و بووە هۆی سەرهەڵدانی ئاستێکی بەرز لەگەندەڵی. لەکاتێکدا سەبارەت بە وڵاتانی ئاسیا، من پێموایە کە پرۆسەی خەسخەسەیان پیادە نەکردووە، بەڵکو من ناوی لێدەنێم بە «ئابووریی تێکەڵاو»، با سەیرێکی وڵاتی «چین» بکەین، بەڕای من گواستنەوە لەوڵاتی «چین» زۆر سەرکەوتووە بەرەو ئاراستەی ئابووریی بازاڕ، بەشێوەیەك کە بازاڕیان بەشێوەیەکی

**گەندەڵی یەکێکە لەدەرهاوێشتەکانی پرۆسەی بەتایبەتکردن، لەبەرئەوەی لەپرۆسەی بەتایبەتکردن پارەکانی حکومەت بە کۆمپانیا تایبەتەکان دەدرێت و لەئاکامیشدا ئەم کۆمپانیا تایبەتانە هەڵدەستن بە پێدانی بەرتیل بە کارمەندەکانی حکومەت**

هاوکات کۆنترۆڵ و چاودێریی حکومەتیان هێشتۆتەوە لەسەر بازاڕ لەپێناو ڕێگەگرتن لەسەرهەڵدانی پشێوی و ئیحتیکار. بەڕای من ئەم بارودۆخە هەمان شتە لەزۆربەی وڵاتانی ئاسیا. بەپێی زانیارییەکانم، هیچ وڵاتێك نییە لەئاسیا کە هەڵسابێت بە ئازادکردنی هەموو کەرتەکان و پێدانیان بە کۆمپانیاکان و لەژێر چاودێریی حکومەتی نەهێشتبێت و کۆمپانیاکان بەئارەزووی خۆیان بجووڵێنەوە، هیچ وڵاتێکی ئاسیا ئەم جۆرە کارەی ئەنجام نەداوە و هاوکات زۆر سەرکەوتووە. لەکاتێکدا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لەئاستێکی زۆر بەرزدان لەگەندەڵی و کۆمپانیا و کاربەدەستەکان پارەیەکی زۆر دەدزن و هەموو پارەکان تەحویلی بانکەکانی «سویسرا» دەکەن، لەئاکامیشدا بێکاری و گەندەڵی لەوڵاتەکانیان تەشەنە دەکات و ئاستی داهاتی تاك و مووچەی فەرمانبەران ڕوو لەدابەزین دەکات و ئاستی گەندەڵی و بەرتیل وەرگرتن ڕوو لەفراوانی دەکات، ئەم لایەنانەش زیان بە وڵاتەکە دەگەیەنێت و دیختاتە قەیران و کارەساتی گەورەوە. ئێمە لێرە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمان کێشەمان هەیە، تێکۆشانی بەردەوامان هەیە لەپێناو مانەوەی ڕکابەرییەکی ڕەوا لەپیشەسازییەکان، هەر لەساڵانی ١٨٠٠ـەکانەوە، تەمەنی ئەم کێشەیە زیاتر لە١٥٠ ساڵە لەم وڵاتە، بەردەوام هەوڵدان هەیە لەلایەن سەرمایەداران و کۆمپانیاکان بۆ ئیحتیکارکردنی ئابووری، کە تیایدا کۆمپانیا گەورەکان هەڵدەستن بە دەرکردنی کۆمپانیاکانی تر لەبوارەکانی بزنس. ئەم کێشەیە لەم وڵاتەدا هەیە لەبوارەکانی پیشەسازیی کۆمپیوتەر، هەروەها لەبواری نەوتی کە ژمارەیەك کۆمپانیا ڕکابەرن لەم بوارە، ٢ – یان ٣ کۆمپانیا هەن، وێڕای هەبوونی ئەم کێشەیە لەچەندین کەرتی تر. ئێمە یاسامان هەیە کە ڕێگە بە حکومەتی نیشتمانی دەدات بۆ لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە و بەدواکەوتن و سزادانی ئەو کۆمپانیانەی کە هەڵدەستن بە ئیحتیکارکردن یان بەستنەوەی مامەڵە بازرگانییەکان و نەهێشتنی ڕکابەری، بەڵام بەڕای من بەبێ حکومەتێکی نیشتمانی بەهێز و ئۆفیسی چاودێریی بەهێز، پێموایە ئەم ئەرکە جێبەجێ ناکرێت، پێویستە دەسەڵات هەبێت بۆ هێنانی ئەم کۆمپانیانە بۆ بەردەم دادگا و سزادانیان، ئەگەر بێت و هەڕەشەیان لەسەر نەبێت بۆ داخستن، ئەوە کۆمپانیاکان بەردەوام دەبن لەئیحتیکارکردنی بازاڕ و نەهێشتنی ڕکابەری، هاوکات بەئارەزووی خۆیان دەجووڵێنەوە و لەئاکامیشدا تەنیا هاووڵاتیان باجەکەی دەدەن)).

## عەتیات ئۆت بۆ گوڵان:



**دەبێت لەدەسپێکی پرۆسەی بەتایبەتکردندا سەرەتا ستراتیژیەتێک بۆ بەتایبەتکردنی کەرتەکان دابڕێژێت. هەروەها هێزێکی کاری خاوەن توانا و پەروەردەی ئاست بەرزیش بوونی هەبێت**

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بە پرۆسەی پەرەپێدان لەو وڵاتانەی خاوەنی سەرچاوەی داهاتی سروشتین وەك پەترۆل و لەنێوشیاندا وڵاتێکی وەکو عێراق، پرۆفیسۆر ماکنزی بە گوڵانی ڕاگەیاند: (زۆربەی وڵاتانی خاوەن سەرچاوەی نەوتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و وڵاتانی تر بۆ نموونە عەرەبستانی سعودیە و عێراق و کوێت ...وتاد. پارەیەکی زۆریان خەرج کردووە لەسەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەبونیادنان و دروستکردنی ڕێگاوبان و پرۆژە گشتییەکان، بەتایبەتی کاتێك کە نرخی نەوت ڕووی لەبەرزبوونەوە کردووە، دەبینین بڕە پارەیەکی زۆریان لەسەر پرۆژەکان خەرجکردووە، لەبەرئەوەی خاوەن سەرچاوەی نەوتین و بە داهاتەکانی نەوت هەڵدەستن بە تەمویل کردنی پرۆژە گشتییەکان، بەڵام لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت حکومەتەکان هەڵساون بە داگرتنی ئاستی پرۆژەکان و کەمکردنەوەی بڕی خەرجکردنی پارەکان لەپرۆژە گشتییەکان. زۆر وڵات دەبینین پشت دەبەستن بە یەك جۆر بەرهەم و ئاستی ئابووری و ئاییندەی ئەو وڵاتە پەیوەستە بە زیادبوون و دابەزینی نرخی بەرهەمەکەی، هەربۆیە، پشت بەستن بە یەك جۆر بەرهەم شتێکی زۆر مەترسیدارە. بەڕای من پێویستە لەسەر حکومەتەکان بە وریاییەکی زۆرەوە هەڵسن بە جێبەجێکردنی پرۆژە گشتییە گەورەکان، بۆ نموونە وڵاتی «لیبیا» پاپەندبوونێکی فراوانی هەبوو لەپرۆژەی ئاوی سەوز کە بەناو بیاباندا دەڕوات، گۆڕانکاری سیاسی کاریگەریی لەسەر ئەم جۆرە پرۆژانە دەبێت. هەربۆیە، بەڕای من پرۆسەی خەسخەسەکردن زۆر جار سەرکەوتوو دەبێت، سەرەتا پێویستە گرێبەستە حکومییەکان دیاریکراو بکرێت، بەڵام هەمووشتێك لەوردەکارییەکان دەدۆزرێتەوە، هەمووشتێك پەیوەستە بە وردەکارییەکان بۆنموونە لەبارەی چۆنیەتی دیاریکردنی ئەرکەکان و چۆنیەتی دڵنیابوون لەسەرهەڵنەدانی گەندەڵی، لەگەڵ چۆنیەتی سەرپەرشتیکردنی ئەرکەکان و دڵنیابوون لەوبارەیەی کە ئەرکەکان بەشێوەیەکی دروست جێبەجێ دەکرێن و بەو شێوەیەی کە حکومەت دایناوە)).

### پرۆسەی بەتایبەتکردن و سەرهەڵدانی گەندەڵی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی

لەگەڵ ئەوەی پرۆسەی بەتایبەتکردن لەپرۆسەی بونیادی دیموکراتی یان وڵاتانی تازە پێگەیشتوو هۆکارێکە بۆ دروستبوونی دیاردەی گەندەڵی، بەڵام لەهەمانکاتدا هۆکارێکیشە بۆ ئاشکراکردنی دیاردەی گەندەڵی و هەوڵدان بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنیشی، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر ڕیچارد ئەریکسۆن ئوستادی زانستی ئابووری لەزانکۆی ئێست کارۆلینا و پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسیستمی ئابووری بازاڕ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (مەبەست لەبەتایبەتکردن ئەوەیە هەموو

چالاكییەكانی بەرهەمهێنان و چالاكییە ئابوورییەكان ببنە هۆكاری خوڵقاندنی بەهایەكی ئابووری. هەربۆیە پرۆسەی بەتایبەتكردن دەبێتە هۆكاری جیاكردنەوەی ئابووری لەسیاسەت و دەرفەت دەرەخسێت بۆ گەشەكردنی بواری ئابووری و پێشكەوتنی تەكنۆلۆژی، ئەم ژینگەیە لەگەڵ ئەوەی دەبێتە هۆكاری سەرهەڵدانی گەندەڵی، بەڵام زیاتر دەبێتە مایەی ئاشكراكردنی گەندەڵیش. وەك بەكارهێنانی پۆستی حكومی و دەسەڵاتی سیاسی لەپێناو وەدیهێنانی مەبەستی تایبەتیدا، هەربۆیە لەگەڵ پیادەكردنی پرۆسەی بەتایبەتكردندا ئەم شتە زیاتر ئاشكرا دەبێت، هۆكاری ئاشكرابوونیشی ئەوەیە كە ئەم دیاردەیە لەناكاو دەردەكەوێت. كۆمپانیا تایبەتەكان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی خۆیان هەڵدەستن بە پێدانی بەرتیل، كاربەدەستەكانی حكومیش لەمەوقعێكن كە سوود لەو پارانە وەردەگرن و دەتوانن بەرتیل وەرگرن. هەڵبەتە لەهەر ژینگەیەك كە تیایدا دامەزراوەی سیاسی و ئابووریی لاواز هەبێت، بێگومان پرۆسەی بەتایبەتكردن بەشێوەیەكی خێرا سەركەوتن بەدەست ناهێنێت، هاوكات هیچ پەرژینێكی توند بوونی نابێت لەنێوان رەفتارەكانی حكومەت و چالاكییە ئابووریەكان.سەبارەت بەو وڵاتانەشی كە خاوەنی سەرچاوەی سروشتین و دەست بە پرۆسەی تایبەتكردن دەكەن، لەگەڵ ئەوەی هەندێك جار دەبێتە هۆكاری سەركەوتنی پرۆسەكە، بەڵام هەندێك جاریش دەبێتە هۆكاری شكستپێهێنانی

**ئەو وڵاتانەی كە خاوەن خراپترین ئەزموون لەپرۆسەی بەتایبەتكردن. ئەو وڵاتانەن كە پەنایان بردۆتە بەر راوێژكارانی ئەمریكی، لەبەرئەوەی لەناكاو هەڵساون بە چەسپاندنی بەتایبەتكردنی بنەڕەتی**

لەم حاڵەتەدا پێی دەوترێت لەعنەتی نەوت، بەهەرحاڵ، كێشەی راستەقینە لەپیادەكردنی پرۆسەی بەتایبەتكردن ئەوەیە كاتێك كە كارەكانی حكومەت بەشێوەیەكی فراوان بەتایبەت دەكرێن، ئەوكات پێویستە دەوڵەت هەڵبستێت بە رەخساندنی هەلی كاری نوێ و كردنەوەی كەرتی نوێ و كەمكردنەوەی رێساكانی ئابووری بۆئەوەی كرێكارەكان شوێنێك بدۆزنەوە لێی كاربكەن. بەواتای دەستپێكردن بە كار و چالاكیی نوێ. لەكاتێكدا ئەگەر ئەم كارە نەكەن، ئەوكات بارەكە دەبێتە مایەی دروستبوونی (چینێكی نوێ لەئەلیگاركی) كە زۆر نزیكن لەسیستەمی سیاسی كە هەڵبەتە هیچ بایەخێك بە پێشكەوتنی ئابووری نادەن. بۆ ئەوەی ئەم بارە راستبكرێتەوە، بەشێكی زۆر لەبەتایبەتكردن پەیوەستە بە دروستكردنی پشك و دەستكردن بە دامەزراندنی كۆمپانیای هاوبەش. پێویستە ئەم جۆرە كۆمپانیانە نەمێنن و هەڵستن بە دامەزراندنی چەندین كۆمپانیا لەدەرەوەی چوارچێوەی كۆنترۆڵی دەوڵەت، پاشان بەشێوەیەكی كراوە كۆمپانیاكان بفرۆشرێن و زەمینە برەخسێندرێت بۆ دروستبوونی ركابەری لەلایەن كۆمپانیای دەرەكی، ئەمەش لەپێناو خوڵقاندنی ژینگەیەك كە تیایدا كۆمپانیاكان بەپێی پێوەرە ئابوورییەكان كاربكەن، نەك ژمارەیەك كۆمپانیا كە بەپێی ئەجێندایەكی سیاسیی دیاریكراو كاربكەن و دەسەڵاتەكانی دەوڵەت بۆ خۆیان برفێنن. بەخشینی بازاڕ بە ژمارەیەك كۆمپانیای ئیحتیكاری دەبێتە هۆی ئیحتیكاركردنی بازاڕ و لەكۆتاییشدا زەحمەت دەبێت خەسخەسەكردن جێبەجێ بكرێت، هەربۆیە پێویستە پیشەسازییەكان لەو كۆمپانیا ئیحتكارییانە بستێندرێتەوە و دابەش بكرێنە سەر ژمارەیەك كۆمپانیا. توێژی ناوەند سەرهەڵدات لەمیانی كاركردنی هاوڵاتیان لەژمارەیەك كۆمپانیای فراوان و جۆراوجۆر و جیاواز، ئازادكردن باشترین رێگەچارەیە بۆ رەخساندنی ئەم ژینگەیە بەتایبەتی ئەگەر هات و كۆمەڵگەكە لەژێر دەسەڵاتێكی توندی دەوڵەت بوو. چینی ناوەند بریتییە لەبەرێوەبەرەكانی ئاستەكانی خوارەوە و مامناوەندی لەگەڵ زۆربەی كرێكارە ئەقدەمەكان كە ركابەری لەنێوانیاندا هەیە هەر یەكێك و بەپێی پسپۆری و شارەزایی و لێهاتووی لەكارەكانی. دروستكردنی چینی ناوەند بە شەو و رۆژێك رووندادات، تەنانەت بە یەك هەفتەش نابێت، بەڵكو چەندین ساڵ دەخایەنێت، كە دەست بەم پرۆسەیە بكەین لەوانەیە یەك نەوە بخایەنێت تاكو چینێكی ناوەندی چەسپاو دروست بێت.))



### تاهیر هەورامی وەزیری تەندروستی بۆ (گــوڵان):

# لێژنەمان بۆ ڕێگرتن لە دەرمانی تەزویرو ماوە بەسەرچوو پێکهێناوە

تەندروســتی ئەو بوارەیە کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بەهەمووانەوە هەیە، بەڕادەیەك ئێستاکە باشکردنی کەرتی تەندروستی بۆتە پێوەرێك بۆ حوکمڕانی باش و ســەرکەوتنی بەرنامە چاکسازییەکان. لەم ڕوانگەیەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپەیامەکەیدا تەئکیدی لەسەر کۆنترۆڵکردنی خۆراك و دەرمانی بەســەرچوو کردەوە. لەهەرێمی کوردســتان گەر بمانەوێت بڕ گــەو خاڵەکانی ئەو پەیامە جێبەجێ بن بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بەکەرتی تەندروســتییەوە هەیە پێویســتە سیستەمی تەندروستی بگۆڕدرێت و کەموکوڕییەکانی نەخۆشخانەو گرانی نرخەکان و دەرمانی ئێکسپایەرو بەسەرچوو چارەسەر بکرێت، ناکرێت لەم هەرێمەدا بیمەی تەندروستیمان نەبێت و نرخەکان بەرادەیەك بێت بەهاوشــێوەی ئەو وڵاتانەی کە داهاتی تاکەکەسییان ١٠ ئەوەندەی ئێمەیە. لەلایەکی ترەوە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردســتان پێداویستییەکانی تەندروستی زیاتر دەبێت، ئاخۆ وەزارەتی تەندروســتی بۆ ئەمبوارە خــۆی ئامادەکردووە. بۆ تاوتوێکردنی ئــەم لایەنانەو چەند تەوەرەیەکی تــری پێوەندیدار بەبواری تەندروســتی و نەخۆش و چارەسەرییەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاســتەی دکتۆر تاهیر هەورامی وەزیری تەندروســتی کرد.




**لەبواری تەندروستی کار لەسەر پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم دەکەین**

*** ئێوە وەکو وەزیری تەندروستی چۆن تەماشای پەیامەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەن؟**

- پەیامەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی لەئەنجوومەنی وەزیرانیش تاوتوێ کراوە، لە پاشان ئێمە لەوەزارەتی تەندروستی لەگەڵ لیژنەی راوێژکاری کۆبووینەوە خاڵ بەخاڵی پەیامەکەمان خستەبەر گفتوگۆ، هەموو برگەکانی پەیامەکە بە هی خۆمانی دەزانین و ئەرکە لەسەر هەموولایەکمان کاری لەسەر بکەین، بەڵام سێ لە خاڵەکان پێوەندی راستەوخۆی بەوەزارەتی تەندروستییەوە هەیە ئەویش خاڵەکانی (خۆراک و داودەرمان و کوالێتی و نەخۆشخانەکانە).

بۆ بواری داودەرمان لە وەزارەت ژووری عەمەلییان داناوە بۆ بەدواداچوونی دەرمانی تەزویر و بەسەرچوو و بەجددی دەستمان بەکارکردن کردووە و تا ئێستا چەند کەسێك داودەرمانی تەزویر و بەسەرچووی لە دەست گیراوە و رەوانەی دادگاکراون، هەروەها ئەو رێوشوێن و خاڵانەی کە پێویستە بۆ ئەوەی رێگا لە داودەرمانی خراپ و تەزویر و بەسەرچوو بگرین، ماوەیەکە بەجددی کاری لەسەر دەکەین، ئەم رێوشوێن و خاڵانەشمان کە ئامادەکردووە بەنووسراوێکی فەرمی بەرزی دەکەینەوە بۆ نووسینگەی جەنابی سەرۆکی هەرێم، هەروەها لە بواری خواردنەوە چەند هەنگاو و رێوشوێنێکمان گرتۆتە بەر لەمانە لە خاڵە سنوورییەکان کۆنترۆڵی جۆری دانراوە و پشکنینێکی ورد ئەنجام دەدرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین لەم لایەنەوە تا ئاستێکی باش بەسەرگرفتەکان زاڵبووین، هاوکات بۆ بەدواداچوونی خواردنی بەسەرچوو و تەزویر لە هەموو شارو شارۆچکەکان تیمی تایبەت هەیە کە بەردەوام دەگەرێن و لەهەر بازاڕ و دوکانێك خواردنی بەسەرچوو و تەزویر ببیننەوە ئەوە دەستی بەسەردا دەگرن و لەگەڵ خاوەنی دوکان و شوێنەکەش لێپێچینەوەی یاسایی پیادە دەکرێت، بەڵام ئەوەی لەبواری هاتنی خواردن و دەرمان دەمێنێتەوە خاڵە سنوورییەکانی نێوان عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانە، چونکە لەم سنوورەش بەشێکی زۆر خواردن و داو دەرمان دێتە هەرێم بۆ ئەو سنوورەش لەبازگەکان دەمانەوێت کەس و کارمەندی شارەزا دابنێین و بەدواداچوون و پشکنین ورد لەبارەی خواردن و دەرمان ئەنجام بدەن و بەم کارەش



دەتوانین ڕێگا لەخواردن و دەرمانی خراپ و بەسەرچوو و تەزویر بگرین، هەروەها بۆ ئەوەی باشتر داوودەرمان کۆنترۆڵ بکەین و رێگا نەدەین چیتر داودەرمانی خراپ و بەسەرچوو بێتە هەرێمی کوردستان داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە هەستێت بەداخستنی ئەو دوکان و شوێنانەی کە بەنایاسایی داوودەرمان دەفرۆشن، چونکە فرۆشتنی داودەرمان تەنیا کاری پزیشکی دەرمانسازە و دەبێ ئەو کەسە کۆلێژی دەرمانسازی تەواو کردبێ و سێ ساڵیش بەسەر دەرچوونەکەی ڕۆیشت بێت، ئەگینا نەپزیشك نەکارمەندی تەندروستی ناتوانێت دەرمان بفرۆشێت، هەروەها پزیشکی دەرمانسازیش تەنیا بەپێی راچێتەی پزیشك دەتوانێ دەرمان بدات بە نەخۆش، بۆیە هەر کەسێك لە دەرەوەی ئەو ڕێنماییانە دەرمان

**داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە هەستێت بەداخستنی ئەو دوکان و شوێنانەی کە بەنایاسایی داوودەرمان دەفرۆشن**

بفرۆشێت ئەوە نایاساییە، هەروەها بەردەوام پشکنین بۆ هەموو دەرمانخانەکان ئەنجام دەدەین لەهەرحاڵەتێك دەرمانی تەزویر و بەسەرچوو دۆزرایەوە ئەوە بەپێی یاسا لێپێچینەوە لەگەڵ دەرمانسازەکە ئەنجام دەدەین، بۆ پتر کۆنترۆڵ کردنی داودەرمانی تەزویرو بەسەرچوو لەهەفتەی رابردوودا لەگەڵ دوو کۆمپانیای نێودەوڵەتی دەرەوەی عێراق گرێبەستمان کردووە بۆ ئەوەی ئەو داوودەرمانەی دێتە ناو هەرێمی کوردستان سەمپڵی لێوەربگرین و بینێرینە ئەو دوو کۆمپانیایەو ئەوانیش سەمپڵەکان تاقیکردنەوە و پشکنینی بۆ ئەنجام دەدەن، ئەگەر هەر دەرمانێك بەسەرچوو یان تەزویر یان خراپ بێت ئەوە بەپێی یاسا لێپێچینەوە لەگەڵ خاوەنی دەرمانخانەو کۆمپانیاکە دەکرێت و کۆمپانیاو خاوەن کۆمپانیاکەش دەخرێنە لیستی رەشەوە.

**دەرمانی بەسەرچوو لەکوێوە دەهێنرێتە کوردستان؟**

*** لە بارەی کوالێتییەوە ئایا ئێوە تاقیگەی باش و هاوچەرختان بۆ ئەمە هەیە، لەمبارەیەوە کێشەتان چییە؟**

- لەمبارەوە لە سنوورەکانی ئیبراهیم خەلیل و باشماخ تاقیگەی باشمان هەیە و بۆ سنووری حاجی ئۆمەرانیش لەبەر بارودۆخی ناوچەکە تاقیگەیەکی باش لە قەزای سۆران دانراوە لەسەر ئاستێکی بەرز کارەکان پیادە دەکات، لەلایەکی تر ئێمە تیمی باش و لێهاتوومان هەیە کە تا ئێستا لە ماوەی ئەمساڵدا توانیویانە بە هەزارەها تەن دەرمان و خواردن بگەرێنینەوە بۆ ئەو دیوی سنوور یان بسووتێنرێت، هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین کە ئێمە بەچوار رێگاو سنوور دەرمان بۆ هەرێمی کوردستان دێت.

یەکەمیان: لە رێگای حکومەتی ناوەندی عێراقی فیدراڵ بەدەستمان دەگات کە(١٧٪) ی عێراقە ئەو دەرمانە کوالیتی تەواو و بەرزە.

دووەم: سەرچاوەی هاتنی دەرمان ئەوەیە کە ئێمە دەرمان لە کۆمپانیای باوەرپێکراوی خۆمان دەکرین، ئەمەش جۆری باشە.

سێیەم: رێگاو سەرچاوەی تر ئەوەیە کە ئەو دەرمانەی لەبازگەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی دێتە ژوورەوە دەبێ لەبازگەکان رێگا بەو دەرمانانە نەدرێت بێتە ژوورەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی شارەزا دەرمانەکە دێت و ئەو سەرچاوەیەش دەرمانی زۆر خراپ دەخاتە بازاڕەوە.

چوارەم: سەرچاوە دەرمانی قاچاغ کە بە کوڵ و ولاغ دێتە ژوورەوە ئەم جۆرە دەرمانەش خراپە، چونکە بە کۆنترۆڵی جۆریدا نەرۆیشتووە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە بۆ دەبێ رێوشوێنی توندو گونجاو بۆ هاتنە ژوورەوەی دەرمان بگرینەبەرو بۆچی داوا دەکەین کە وەزارەتی ناوخۆ دوکانە نایاساییەکانی دەرمان فرۆشی دابخات، ئەمەش لەبەر سێ هۆیە کە زەرەرێکی زۆر گەورە بەئاسایشی نەتەوەیی دەگەیەنێت، یەکەم دەرمانی بێهۆشکەرەکە نابێت بەبێ راچێتەی پزیشکی پسپۆر بەنەخۆش بدرێت، بەڵام ئەگەر دوکانی لاکوڵان بێت ئەوە بۆ قازانجی خۆی بە هەموو کەسێکی دەفرۆشێت.

دووەم شت کە زۆر ترسناکە داودەرمانی ئەنتی بایۆتیکە کە زۆر بەکارهێنانی هۆکارێکە کە میکرۆب بەرگری لەبەرانبەر دروست دەکات و نامرێت، بۆ نموونە لەکاتێکدا نەخۆشییەك تووشی مرۆڤ دەبێ چارەسەری نییە بۆی هەیە لە ساڵی یەکەم(١٥٠) کەس تووشی ئەو نەخۆشیە ببێت و ساڵی دووەم دەبێتە( ٥٠٠) تووشبوو

و لەساڵی دواتر دەگاتە (٢٠٠٠) کەس و چارەسەریشی نەدۆزراوەتەوە لە ئەنجامدا دەبێتە کارەساتێکی مرۆیی بۆیە پێویستە کەس لە خۆیەوە یان لە ڕێگای دوکانی نایاسایی دەرمانی ئەنتی بایەتیك وەرنەگرێت.

سێیەم هۆکاری هەندێ دەرمان هەیە وا لە مرۆڤ دەکات لەسەری ڕابێت و ژیانی بەبێ ئەو دەرمانە بۆ نەچێتە سەر، ئەوەش وا دەکات کە مرۆڤ زەرەری ماددی و مەعنەوی و کۆمەڵایەتی و .. تاد، بکات لەئەنجامدا وڵات و نەتەوە زەرەر دەکەن، واتە کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت.

**ئەگەر هەر دەرمانێك بەسەرچوو یان تەزویر یان خراپ بێت ئەوە بەپێی یاسا لێپێچینەوە لەگەڵ خاوەنی درەمانخانەو کۆمپانیاکە دەکرێت و کۆمپانیاو خاوەن کۆمپانیاکەش دەخرێنە لیستی ڕەشەوە.**

## وەزارەتی تەندروستی خەریکی گۆڕینی سیستەمی تەندروستین

*** بۆچی هەوڵنادەن لەم کابینەیەی حکومەت دەستپێشخەری بکەن، بۆ ئەوەی سیستەمی تەندروستی بگۆڕن و سیستەمی چاودێری و بیمەی تەندروستی دابنێن؟**

- ئێستاکە خەریکی گۆڕینی سیستەمی تەندروستین، خەریکی دانانی سیستەمی خێزانین، لە دهۆکە و هەولێر و سلێمانی چەند ناوەندێکی تەندروستی خێزانی هەیە و کار و پلانمان لەمەودوا ئەوەیە کە لەشارەکانی کوردستان ناوەندی تەندروستی خێزانیی زیادو بەرفراوان بکەین، هەروەها لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا بەهاوکاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی خەریکی ئەوەین کە بیمەی تەندروستی دابنێین، بۆیە لەگەڵ عێراق خەریکین بەیەکەوە، چونکە ئێمە ناتوانین ئەو سیستەمە بەتەنیا پیادە بکەین، ئێستا ئێمە هەندێ داوودەرمان هەیە بە پارەیەکی یەکجار زۆرو گران بۆ هەندێ نەخۆشی دەکڕین هەر بۆ نموونە هەر دەرزیەکی شێرپەنجە بە(٣) هەزار دۆلار دەکڕین کە نەخۆشی تووشبوو بە نەخۆشییەکە(٢٠) دەرزی پێویستە ئەمەش پارەیەکی زۆرە لەکاتێك نەخۆشی هەر شارێکی عێراق سەردانی ئەو نەخۆشخانانە بکات و پێویستی بەو داوودەرمان و دەرزیانە هەبێت ئەوە بەبێ جیاوازی لەگەڵ هاووڵاتیانی هەرێم دەبێت بۆیان دابین بکرێت، بۆیە ئێمە بەبێ عێراق ناتوانین سیستەمی بیمەی تەندروستی لە کوردستان دابنێین،هەروەها ئێمە لە هەر ڕووداو کارەساتێك هاتبێتە پێش و ڕووی دابێت کێشەیی بودجەمان نەبووە و نابێت..

## پێویستە سەلامەتی نەخۆش زامن بکرێت

*** بۆچی هەوڵنادرێت پێوەندی نێوان نەخۆش و پزیشك بەرەو ئاڕاستەیەکی باش بڕوات؟**

- لەم ڕۆژانەدا هەر بۆ ئەو مەبەستەو بۆ دروستکردنی پێوەندی باش و ڕاست لەنێوان نەخۆش و پزیشك کۆنفرانسێکمان سازکرد کە چوار ڕۆژی خایەند هەر لەم کۆنفرانسەدا باسی سەلامەتی نەخۆشیش کراوە، مەبەست لەسەلامەتی نەخۆش ئەوەیە کاتێك نەخۆش دێتە لای پزیشك لەپاشان بەهۆی داوودەرمان و هەڵەی پزیشك و کارمەندی تەندروستی تووشی ئازار و ئێشی زیاتر نەبێت، هەروەها وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ گیئمسی بەریتانی گرێبەستێکی مۆرکردووە کە یاسایەکمان لەسەر شێوەی بەریتانیا بۆ دابنێت تا هەڵسوکەوتی خراپ لە نێوان پزیشك و کارمەند و نەخۆش نەهێڵێت و لێپێچینەوە بکات لەگەڵ ئەو کەسانەی کە مامەڵەی خراپ لەگەڵ نەخۆش دەکەن تا بۆ دواجار باشتر خزمەتی نەخۆش بکرێت.

## ماوەی کارکردنی عیادە شەعبییەکان زیاد دەکرێت بەنرخێکی زۆرکەم بەهەموو پشکنینەکانەوە

*** ئایا بەنیازن پێداچوونەوەیەك بەنرخی عیادەی پزیشکەکان بکەن، چونکە هاووڵاتیان گلەیی لە بەرزی نرخەکان دەکەن؟**

- حکومەت، وەزارەتی تەندروستی لە ٩٠٪ خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی بە خۆڕایی پێشکەشی بەهاووڵاتیان دەکات، هاوکات دەبێ بتوانین کێبڕکێ لەگەڵ کەرتی تایبەت بکەین، هەر بۆیە لەم ماوەیەدا نووسراوێکمان بۆ سەندیکای پزیشکان کردووە کە دانیشتن لەگەڵ نەخۆشخانە ئەهلییەکان بکەن بۆ دانانی نرخێکی تایبەت بەنەخۆشخانە ئەهلییەکان و نرخەکەش بەشێوەیەك بێت کە بە بەراورد بەنەخۆشخانە حکومییەکان بگونجێت و لە هەمان کاتتدا پرۆژەیەکمان پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە بۆ زیادکردنی ژمارەی ئەو عیادە شەعبیانەی کە لە گەڕەکەکان خزمەت بە هاووڵاتیان دەکەن، لەمبارەوەش لەلایەن حکومەتەوە ڕەزامەندی لەسەر ئەم داواکارییە دراوەو ماوەی کارکردنی عیادە شەعبییەکان زیاد دەکرێت تا کاتژمێر(٦-٧)ی ئێوارە و بەنرخێکی زۆرکەم بەهەموو پشکنینەکانەوە، بۆی هەیە نەخۆش تەنیا(١٠) هەزار دینار خەرج بکات، لەلایەکی تر ئەو عیادانە پزیشکی تایبەتمەند و پسپۆڕی جۆراوجۆری لێیە، هەروەها نرخی نەخۆشخانەکانی دڵی هەولێر و دهۆك دادەبەزێنین بۆ ئاستی نرخی نەخۆشخانەی دڵی سلێمانی یان دەیکەین بەخۆڕایی بۆ هاووڵاتیان کەحکومەت پارەی چارەسەری نەخۆش بدات بەنەخۆشخانەکان، بەڵام لەبارەی نرخی عیادەی پزیشکەوە خۆی نرخی عیادەی پزیشکەکە کەمە، گەرچی لەئەنجامی تاقیگە و سۆنار و پشکنینی ترو داوودەرمان نرخەکە بەرز دەبێتەوە، هەروەها بەدواداچوون دەکەین بۆ ئەوەی بزانین پزیشك لەگەڵ پشکنین هەر خۆی سۆنار بەکار دەهێنێت، ئەگەر سۆناریش هەر خۆی بیکات ئەوە نابێت پارەی سۆنارەکە بەجیا وەربگرێت، بەڵکو دەبێت بۆ هەقی خۆی و سۆنارەکە تەنیا نرخی عیادەکە وەربگرێت.

**سەرچاوە دەرمانی قاچاغ کە بە کۆڵ و وڵاغ دێتە ژوورەوە ئەم جۆرە دەرمانەش خراپە، چونکە بە کۆنترۆڵی جۆریدا نەڕۆیشتووە**

## نەخۆشخانە(٤٠٠) قەرەوێڵەییەکەی سلێمانی لەماوەی دوو ساڵی تر تەواو دەبێت

*** ئایا چەند پرۆژەی بواری تەندروستی هەیە بەهۆی دواکەوتنی بودجە یان هەر هۆکارێکی تر دواکەوتووە و کەی تەواو دەبن؟**

- زۆربەی لەو پرۆژانەی کە بە هەر هۆکارێك راوەستابێت کێشەکانیان چارەسەرکراوە یەکێك لەم پرۆژانە نەخۆشخانەی(٤٠٠) قەرەوێڵەییەکەی سلێمانییە، ئێستا دراوەتە کۆمپانیایەکی تر لەدەست پێکردنی کارکردن لەسەر پرۆژەکەوە.

*** ئایا ئێوە لە ماوەی ئەو(٣-٤)**

**مانگی کەلە پەیامەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی دانراوە بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری دەتوانن ئەو خاڵ و کارانەی پێوەندی بەئێوەیە چارەسەری بکەن و بودجە و خەرجی زیاترتان پێویست نییە؟**

* بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی کارو خاڵەکانی پێوەندیدار بە وەزارەتی تەندروستی بودجەی زیاتری پێویست نییە، چونکە دانانی کەسی شارەزا و کابینەیەك لە بازگەکانی نێوان هەرێم و عێراق پارەیەکی زۆری ناوێت، هەروەها پشکنینی داوو دەرمان لە تاقیگەکاندا لەسەر حیسابی کۆمپانیای دەرمانەکەیە نەك ئێمە، هاوکات ئەو ماوەیەی دانراوە بۆ چارەسەرکردن و ڕێگاگرتن لە خواردن و دەرمانی خراپ و بەسەرچوو و تەزویر زۆرە، بەڵکو دەتوانین لە ڕێگای وەزارەتی ناوخۆوە تەنیا بە(١٠) ڕۆژ عیادەی لاکۆلانەکان دابخەین و بەداخستنی ئەو عیادە نایاساییانە زۆربەی کێشەکانمان چارەسەر دەکرێت و دانانی کابینە و کەسی شارەزا لەبازگاکاندا ئەمەش لەماوەیەکی زۆر کەمدا دادەتوانرێت جێبەجێ بکرێت.

*** ئایا لەناو وەزارەت یان هەر فەرمانگەیەکی وەزارەتی تەندروستی بێت کەسی گەندەڵ هەبووە؛ لەپاش دەرکەتنی ئەو کەسە چیتان کردوە؟**

## ژمارەی (١٢٢) بە تەلەفۆن لێ بدە لە ماوەی تەنیا(٧) خولەك ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن و کارمەندێکی شارەزای فریاگوزاری کە شوفێرەکەشی خولی فریاگوزاری سەرەتایی دیتوە دەکاتە لات

- لە دەستبەکاربوونم لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا(٦) کۆمپانیا خراوەتە لیستی ڕەشەوە، (٤) کومپانیاش دراوەتە دادگا و لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵ کراوە و غەرامەی چەند کۆمپانیایەکمان کردوە، (١٢) فەرمانبەرمان لەسەر بروانامەی ساختە دەرکردوە، (٦٥) فەرمانبەرمان سزای ئیداریی داوە، هەروەها هەر ئێستاکە دوو، سێ کۆمپانیای تر هەیە بەهۆکاری گەندەڵیکردنەوە وا خەریکین بیانخەینە لیستی ڕەشەوە.

### بەهۆی ئەو پشێوییەوە ڕۆژ هەبووە (١٦٠) تا (٢٠٠) بریندار گوزاراوەتەوە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی

*** ئایا ئەو باروودۆخ و پشێویەی لەماوەی دوو مانگی ڕابردوو لەسلێمانی ڕوویدا چەند کاریگەری و باری قورس بوو لەسەر بواری تەندروستی و نەخۆشخانەکان؟**

- بێگومان ئەوە ئەرکێکی زۆر قورس بوو، چونکە ڕۆژ هەبووە (١٦٠) تا (٢٠٠) بریندار گوزاراوەتەوە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام ئێمە سیستەمێکی فریاگوزاری تایبەتمان لەکوردستان داناوە و ئێستا کە لە سلێمانی جێبەجێ دەکرێت و لە ماوەی سێ مانگی تر لەهەولێر و دهۆکیش ئەو سیستەمی فریاگوزارییە پیادە دەکرێت، ئەو سیستەمەش بەمجۆرەیە ژمارەی (١٢٢) بە تەلەفۆن لێ بدە لە ماوەی تەنیا(٧) خولەك ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن و کارمەندێکی شارەزای فریاگوزاری کە شوفێرەکەشی خولی فریاگوزاری سەرەتایی دیتوە دەکاتە لات و ئەو کارەش ڕێکخراوی یونۆپس لەسەر حیسابی قەرزی بانکی نێودەوڵەتی بۆمان ئەنجامی دەدات، ئەدای ئەو سیستەمەشمان لە سلێمانی بۆ دەرکەوت کە زۆر سەرکەوتووە، لەئاکامی ئەو پشێوییەی لە پارێزگای سلێمانی کەوتوە ژمارەیەکی زۆر لە بریندارى لێکەوتەوەو تەنانەت هەندێ لە کارمەندانمان تووشی برینداربوون بوون و ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتنیش زیانیان لێدرا.

### ڕێژەی پزیشکمان بەپێی ژمارەی دانیشتووانی کوردستان نییە

*** ئێمە وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان زۆربەی قەزا و ناحیەکانی کوردستانمان بۆ بەدواداچوونی کارە خزمەتگوزارییەکان بەسەر کردۆتەوە لەهەموو شوێنەکان گرفت و کێشەی پزیشکی پسپۆڕ و ئافرەتیان هەیە، بۆچی ناتوانرێ ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت؟**

- یەکێك لە کێشەکانی ئێمە ئەوەیە کە ڕێژەی پزیشکمان بەپێی ژمارەی دانیشتووانی کوردستان نییە، بەڵکو کەمە، بۆیە ناتوانین پزیشك بۆ ئەو شوێنانە بنێرین، چونکە پزیشك ئامێر نییە تاوەکو بیکڕین و بۆیان دابین بکەین، هەروەها بەگشتی لە کوردستان کێشەی نەبوون یان کەمی پزیشکی تەخدیرمان هەیە، بۆیە لەمبارەوە پێشنیارمان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کردووە کە(٦٥) پزیشکی تەخدیرمان لە دەرەوەی وڵات بۆمان بێنن بەتایبەتی هەولبدەین لە وڵاتی هیندستان پزیشکەکان بێنین، حکومەت ڕەزامەندی لەسەرداوە و بودجەشی بۆ تەرخان کردووە، لەزانکۆکانی خۆمان قووتابیان زۆر کەم دەچن بۆ پسپۆڕایەتی تەخدیر و ئافرەتان خۆی کێشەکە لێرەدایە، هەروەها ئەگەر بەراوردی هەرێمی کوردستان ئێستاکە لەگەڵ ساڵی ١٩٩١ بکەین بەمجۆرەیە لە ساڵی (١٩٩١) کەمتر لە(٩٠٠) پزیشك و نزیکەی (٢٠) نەخۆشخانە و (١٢٨) بنکەی تەندروستی لەهەرێمی کوردستان هەبوو، بەڵام ئێستا کە(٨٨٠) بنکەی تەندروستی

## نووسراوێکمان بۆسەندیکای پزیشکان کردووە کە دانیشتن لەگەڵ نەخۆشخانە ئەهلییەکان بکەن بۆ دانانی نرخێکی تایبەت بەنەخۆشخانە ئەهلییەکان و نرخەکەش بەشێوەیەك بێت کە بە بەراورد بەنەخۆشخانە حکومییەکان بگونجێت

و زیاتر لە(٦٠) نەخۆشخانە و لە نێوان (٧ بۆ٨) هەزار پزیشك و (٢٠) هەزار کارمەندی تەندروستی لەهەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام کە بێینەسەر ستانداردی جیهانی و کە باسی ناوچە و قەزاکان دەکەین دەبێ پزیشکی خێزانی لێ بێت، ئێمە ئەو سنوورەی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمە پێنج ملیۆن و سێ سەد هەزار کەسە، هەر(١٠) هەزار کەس یەك پزیشکی خێزانی دەوێت، واتە دەبێت (٥٣٠) پزیشکی خێزانیمان هەبێت، گەرچی کەمتر لە (٥٠) پزیشکی خێزانیمان هەیە، ئەگەر بۆ هەر(٥٠) هەزار کەس یەك پزیشکی دەروونیت پێویست بێت ئەوە ژمارەکە دەکاتە پتر لە(٣٠٠) پزیشك گەرچی ئێمە نزیکە(٢٠) پزیشکی دەروونیمان هەیە، بەڵام ئەگەر بەراورد بەکاری پزیشکی بکەین ئێستا کارو نەشتەرگەری و چارەسەر و پشکنینەکان زۆر زیاتر و باشترە بەڕادەیەکی وایە نەشتەرگەری جۆراوجۆر لە نەخۆشخانەی زۆربەی قەزایەکانیش ئەنجام دەدرێت و کاتی خۆی تەنیا چەند جۆرە نەشتەرگەرییەکی دیاریکراو دەکرا، بەڵام ئێستاکە گەورەترین نەشتەرگەری دڵ و چاندنی گورچیلە جۆری تر ئەنجام دەدرێت، گەرچی هەر پێویستە پتر کار بۆ بەرەو پێشەوەبردنی بواری تەندروستی بهاوین و چاکسازی و گۆڕانکاری جۆریی و چۆنایەتی بەردەوام ئەنجام بدەین.



# قەڵادزێ بەرف...
# لەبواری خزمەتگوزاریدا پێ...

قەڵادزێ مێژوویەکی کۆنی هەیەو کۆمەڵێك شوێنەواری تێدایە، یەکێك لەمانە قەڵاتی قەڵا دووزێیە کە دەکەوێتە دەروازەی شارەکە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئایینی ئیسلام، لە ساڵی (١٩٣٧- ١٩٣٨) یەکەم قایمقام لە قەڵادزێ دەستبەکاربووە، پێشـــتر لە ســاڵی ١٩٢٠ تا ١٩٣٧ خەڵکی دەڤەرەکە خۆیان ئیدارەی ناوچەکەیان کردووە، قەزای پشدەر ناحیەکانی (ناودەشت، ژاراوە، هێرۆ، هەڵشۆ، ئیسێوە)و ١٩٦ گوند لەخۆ دەگرێت، ژمارەی دانیشتووانی قەزاکە بەگشتی ١٢٠ هەزار کەسو سەنتەری قەزا(٧٥) هەزار کەسی تێیدا دەژی، قەڵادزێ ناوچەیەکی بە پیت و بەرەکەت بووە بەتایبەتی لە توتن و گوڵەبەڕۆژەدا، بەڵام بە وتەی خەڵکی ناوچەکە تاڕادەیەکی زۆر چاندنی توتن و گوڵەبەرۆژە بەرەو نەمان چووە، چونکە ئێستا لەناوچەی پشدەر لەلایەن





## ـــــراوان بـووه..

# ـــويستى بەئاوڕلێدانەوە هەيە

حکومەت و هاووڵاتیانیشـــەوە گرنگی بەکەرتی کشـــتوکاڵ نەدراوە، قەڵادزێ دوای ساڵی (١٩٩١) بەتایبەتی دوای ئازادی عێراق لە٢٠٠٣بەدواوە بەرفراوانییەکی گەورەی بەخۆوە بینیووە، بۆیە لەبواری خزمەتگوزاریدا پێویســـتی زۆری بە ئاوڕلێدانەوە هەیە، ئێمە وەکو گۆڤاری گوڵان سەردانی قەزای پشدەرمان کرد و راوبۆچوونی چەند هاووڵاتییەکمان وەرگرت و هەریەکەیان کێشە و گرفتێکی لە بواری خزمەتگوزاری خستەڕوو، زۆربەی هاووڵاتیان گلەییان لەکەمی ئاوی خواردنەوە هەبوو، هەروەها باسی خراپی سیستەمی کۆکردنەوەو لەناوبردنی زبڵۆخاشاکیان دەکرد، دواتر گلەیی و گازاندەی هاووڵاتیان و چەند پرسیارێکی ترمان ئاراستەی (حەسەن ئەحمەد) قایمقامی قەزای پشدەر کرد، ئەویش ڕای خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان بەمجورە دەربڕی.





**(حەسەن ئەحمەد) قایمقامی قەزای پشدەر بۆ (گوڵان):**

# دەستەی وەبەرهێنان هیچ کارو پرۆژەیەکی لە قەڵادزێ ئەنجام نەداوە

### کێشەمان لەوەرگرتنی پارەی کارەبا هەیە

سەبارەت بەگرفتی کارەباو چۆنیەتی چارەسەکردنی ئەو بوارە، قایمقامی قەزای پشدەر وتی: بەهۆی بەرفراوانبوونی شارەکە و پتر گەڕانەوەی خەڵك بۆ ناوچەکە، ئەو وێستگە کارەبابییەی هەبوو باری زۆر قورس بوو، بەڵام بە هاوکاری وەزارەتی کارەبا و لایەنی پێوەندیداری تر وێستگەیەکی دیکە لەقەڵادزێ دامەزرا، هەروەها پرۆژەیەکی ستراتیژی کارەبامان بۆ کراوەو بەدوو هێڵ وێستگەیەکی کارەبا دامەزراوە، بەهێڵێکی (kv١٣٣)و هێڵێکی (kv١٣٢) کارەبا دەگەیەنێ، ئێستا هێڵە(kv١٣٣)کە تەواوبووەو کاردەکات و هێڵە(kv١٣٢)ش لە ژێر ئەنجامدانە، بەتەواوبوونی ئەو وێستگەیە لەبواری تەحویل و زیادکردنی بڕی کارەباوە تاماوەی زیاتر لە (٣٠) ساڵی تر گرفت و کێشەی کارەبامان نامێنێت.

ئێمە تاڕادەیەك کێشەمان لەوەرگرتنی پارەی کارەباوە هەیە، لەمبارەیەوە کێشەکە پتر ئەوەیە کەهەندێك هاووڵاتی زۆر هاوکار نین و کێشەکەش نەبۆتە دیاردە، بەڵکو حاڵەتە کە هەندێ ماڵ یان دوکان و شوێن پارەی کارەبا نادەن.

### هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی قەڵادزێ دەگەڕێتەوە بۆ دەرخستەکەی

سەبارەت بەوەی کەگرفتی ئاوی خواردنەوە لەقەڵادزێ هەیەو ماوەیەکە پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاوی خواردنەوە لە ژێر ئەنجامدانەو تەواو نەبووە، دەتوانین بڵێین پرۆژەکە دواکەوتووە، ئایا هۆکاری دواکەوتنەکە چییە؟ قایمقامی قەزای پشدەر وتی: ئاوی خواردنەوە یەکێکە لەو گرفتانەی کە لەشاری قەڵادزێ هەیە، بەڵام پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاوی خواردنەوە لەژێر جێبەجێکردنە کە زیاتر لە(٤٠) ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، هۆکاری دواکەوتنەوەکەش ئەوەیە کە لەسەرەتادا دیزاینێکی بۆ کرا بەپێی ئەو دیزاینەش تەنیا(١١) ملیار دیناری بۆ دانراوە ئەو کاتە ساڵی ٢٠٠٤ بوو ژمارەی دانیشتووانی ناو قەڵادزێ نزیکەی(٣٠) هەزار کەس دەبوو، بەڵام ئێستا ژمارەی دانیشتووانەکەی گەیشتۆتە (٧٥) هەزار کەس، هەر بۆیە دیزاینێکی تریان بۆ پرۆژەکە ئەنجامداو(١٧) ملیار دینار بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە تەرخانکرا، بەڵام لەپاشان تیمێکی تر لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هات سەیری پرۆژەکەیان کرد کەپرۆژەیەکی ستراتیژییە و بۆ ماوەی زیاتر لە(٢٥ تا ٤٠) ساڵ کێشەی ئاو چارەسەردەکات، چۆن دەبێت هەندێ کە مواسەفاتی ستانداردی جیهانی هەیە لە پرۆژەکە نەبێت، بۆیە دیزاینێکی تریان بۆ کردو بڕی (٤٢) ملیار دیناری بۆ تەرخانکرا، لەلایەکی تر هەندێ کێشەو گرفتی زێدەڕۆیی لە شوێنی پرۆژەکە هەبوو ئەویش چارەسەرکراو ئەم پرۆژەیە ئێستاکە چەند قۆناغێکی باشی بڕیوە.

### سیستەمی ئێستای خۆرزگارکردن لەزبڵوخاشاك کۆن و خراپەو سەرکەوتوو نییە

سەبارەت بەکۆکردنەوەو خۆ رزگارکردن لە زبڵوخاشاك کە گرفتی زۆربەی شارو شارۆچکەکانە، ئایا ئەو گرفتە بەهەمان شێوەی شارەکانی تری کوردستانە؟

قایمقامی قەزای پشدەر وتی: ئێمە لە ڕووی پاککردنەوەی ناو شار و گەڕەکەکان کێشەمان نییە، رۆژانە سەنتەری قەڵادزێ هەموو گەڕەکەکانی پاك دەکرێتەوە.

هەروەها لەماوەی رابردوودا لە هەردوو قەزای رانیەو پشدەر کۆنفرانسێکمان سازکرد و چەند کۆمپانیایەکی ناوخۆو بیانی داوەتکران و لە کۆنفرانسەکە بەشداربوون بۆ ئەوەی کارگەیەکی ریسایکلین بۆ هەردوو قەزا دابمەزرێت، بۆ ئەو مەبەستە ئێستاکە خەریکی تەندەرو دەرخستەن لەماوەیەکی تری زۆر کورت دا ڕایدەگەیەنین، بەڵام ئێستا ئەو زبلۆخاشاکەی کە رۆژانە کۆدەکرێتەوە دەگوازینەوە بۆ پشت شار کە شوێنێکە پێی دەڵێن سەرمێل لەم شوێنە دەخرێتە ژێر گڵ یان دەسووتێنرێت، بەڵام ئەو خۆ رزگارکردنەی ئێستا زۆر سەرکەوتوو نییە و سیستەمێکی کۆن و خراپە.

### گوندەکانی دەڤەرەی پشدەر ڕێگاوبانی بۆچووە، بەڵام هەندێکی قیرتاو نەکراوە

سەبارەت بەرێگاو بانەکانی قەڵادزێ بەگشتی و گوندەکان بە تایبەتی چیتان کردووە، ئایا تۆڕی ڕێگاوبانی گوندەکان باشە؟ لەمبارەوە قایمقامی قەزای پشدەر وتی: تەواوی گوندەکانی دەڤەرەکە ڕێگاوبانی بۆچووە، بەڵام هەندێکی قیرتاو نەکراوە، لە ساڵی ٢٠١١ ئەوەی خراوەتە پلان بۆ قیرتاوکردن ئەو ڕێگایەیە کە پشدەر بەشارباژێرەوە دەبەستێتەوە ئێستا لە ژێر ئەنجامدانە، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە ناوچەکەمان ژمارەیەك پردی لێ هەیە بە حوکمی ئەو ئاو و زێیانەی بە ناوچەکە تێپەڕدەبێت، بەڵام پردەکانی قەڵادزێ لەحاڵی زۆر خراپدان و پێویستیان بە چاککردن یان سەر لە نوێ دروستکردنەوە هەیە بەتایبەتی پرد هەیە لە بارودۆخێکی زۆر ترسناك دایە دەترسین لە ڕووداوی مرۆیی، بەدەیان جار داواکاریمان بۆ ئەو مەبەستە بەرزکردۆتەوە، گەرچی تا ئێستا وەڵامیان نەبووە، دووبارە لە ڕێگای ئێوەوە( گۆڤاری گوڵان) داواکارین لە حکومەت و لایەنی پێوەندیدار لە کوردستان بە هانای ناوچەکەوە بێن بۆ چاککردن یان سەر لە نوێ دروستکردنی ئەو پردانە بەتایبەتی ئەو پردەی لە حاڵەتێکی خراپدایە کە پردی بەستەستێنە.

### ماوەی (٨) مانگە کۆمپانیایەکی تورکی لە ماستەرپلانی قەڵادزێ کاردەکات

سەبارەت بەنەبوونی ماستەرپلانی قەڵادزێ کە ڕێگرە لەبەردەم فراوانبوونی شارەکە قایمقامی قەزای پشدەر

وتی: ماستەرپلان نەخشە ڕێگایە بۆ گەورەبوونی شارو ئەنجامدانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، ماوەی (٨) مانگە کۆمپانیایەکی تورکی لەماستەرپلانی قەڵادزێ کاردەکات لە ماوەی دوو تا سێ مانگی تر کارەکانی بە کۆتایی دەگات.

### سنووری قەڵادزێ فراوان بووە(٥ تا ٦) گوند کەوتۆتە ناو سنووری شارەوانییەکەوە

سەبارەت بەزێدەڕۆیی چیتان کردووە، چونکە لەزۆربەی شارۆچکەکان لە ئەنجامی نەبوونی ماستەرپلان و کێشەیی زەویوزار و تاپۆوە گرفتی زێدەڕۆی هەیە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا قایمقامی قەزای پشدەر وتی: زۆر خانووبەرە بەسەرپێچی دروستکراوە لە هەموو قەزاو ناحیەکانیش لەمبارەوە کێشەو گرفتیان هەیە بەتایبەتی ئەو قەزا و ناحیانەی کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس ڕاگوازراینەوە و خاپوور بووینەو لەدوای ڕاپەڕین(١٩٩١)و بەتایبەتی دوای ئازادی عێراق(٢٠٠٣) هاووڵاتیان هاتوونەتەوە لەسەر شوێنی خۆیان خانوویان دروستکردۆتەوە، هەندێکیش لەسەر موڵکی حکومەت یان لەسەر موڵکێك خانووی دروستکردووەو تاپۆی نییە و ئیفراز نەکراوە، بەڵام شێوەی دروستکردنەکان کە کۆڵان و شەقام و شۆستەی هێشتۆتەوە ئەمەش بۆتە ئەمری واقیع کە دەبێ خانووەکانیان لەسەر تاپۆ بکەین، هاوکات ئێستا کێشەیەکی تری یاسایی هەیە کەسنووری قەڵادزێ فراوان بووە(٥ تا ٦) گوند کەوتۆتە ناو سنووری شارەوانی ئەو خەڵکەی لەوێ دەژین تاپۆیان نییە و لەلایەن ڕژێمی بەعس بۆ ئەوگوندانە حاڵەتی سیاسیش هەیە، بەڵام خەڵکەکە(٥ دۆنم، ١٠ دۆنم تا ١٥ دۆنم) لەبەردەست بووە ماوەی(١٠٠) ساڵە کاری لەسەرکردووەو خاوەنی ئەو زەوییانە بەپێی یاساکە کەوتۆتە ناوسنووری شارەوانی و نابێ قەرەبوو بکرێنەوە، چونکە تاپۆی نییەو ئێمەش مامەڵە لەگەڵ تاپۆ دەکەین، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە قسەمان لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت کردووە بۆ ئەوەی بڕیارێك بە ئیستیسنا دەربچێت، تاوەکو خەڵکی ئەو گوندانەش قەرەبوو بکرێنەوە.

**مووچە و دەرماڵەی ئەو پزیشکەی دێتە ئەو شارۆچکە دوورە دەستانە هەمان مووچە و دەرماڵەی شارە گەورەکانە.بۆیە پێویستە لەم بارەیەوە وەزارەتی تەندروستی چارەیەك بدۆزێتەوە**

### کێشەمان لەبواری پزیشکی پسپۆڕو ئافرەتاندا هەیە

سەبارەت بەبواری تەندروستی قایمقامی قەزای پشدەر وتی: بەتەواوبوونی نەخۆشخانە (١٠٠) قەرەوێڵەیەکە کە لە قۆناخی کۆتاییدایە کێشەی تەندروستیمان لەبواری بینایە نامێنێت، بەڵام ئێمە کێشەیی کەمی پزیشك و کارمەندی تەندروستیمان هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو شوێن و ناوچانەی سنوورین و دوورە دەستن کەمتر پزیشك و کادیری تەندروستی بۆی دەچن، چونکە ڕێگاکە دوورە و مووچە و دەرماڵەی ئەو پزیشکەی دێتە ئەو شارۆچکە دوورە دەستانە هەمان مووچە و دەرماڵەی شارە گەورەکانە، لەلایەکی تر لە بواری عیادەکردنەوەدا قازانجی کەمترە لەوەی لەشارە گەورەکان بێت، بۆ ئەم گرفتەش زۆر هەوڵدراوە کە چارەسەر بکرێت، بەڵام بێ سوودە چونکە ئەوە داودەرمان و کەرەستەی بواری پزیشکی نییە، بەڵکو ئەمە پزیشکە، پزیشکیش بەتایبەتی پزیشکی پسپۆڕ ناتوانرێ دابین بکرێت و گرفتمان لەبواری پزیشکی ئافرەتیش هەیە کە ئەم لایەنە زۆر کاریگەری لەسەر خەڵکەکە هەیەو پێویستە لایەنی پێوەندیدار زۆر بەجددی ئەم لایەنە چارەسەر بکات.

سەبارەت بەوەی ئایا لەدامەزراندن و گواستنەوەدا پرس بە بەرپرسی یەکە ئیدارەیەکە وەکو قایمقام دەکرێت؟ قایمقامی قەزای پشدەر وتی: لە دامەزراندن و گواستنەوە بەتایبەتی لەگواستنەوە پرسمان پێ دەکەن، بۆ نموونە دکتۆرەیەکی ئافرەت لە قەڵادزێ بوو، داوای گواستنەوەی کرد و هەقی خۆشی بوو بگوازرێتەوە و لەلایەن بەرپرسێکیشەوە داوامان لێکرا بۆگواستنەوەی ئەو دکتۆرە بەڵام بەدیلمان نەبوو بۆیە ڕەزامەندیمان لەسەر گواستنەوەی نەدا تاوەکو بەدیلەکەی پەیدابوو.

پەروەردەو خوێندن کەلەگەڵ فراوانی ناوچەکەدا پێداویستیەکانی ئەم کەرتە گرنگە زیاتر بووە لەمبارەیەوە قایمقامی قەزای پشدەر وتی: لە هەموو گوندەکان ئەگەر ١٠ قوتابیان هەبێت قوتابخانەی لێیە، لەناو سەنتەری شارەکەش ژمارەی قوتابخانەکان زۆرە، بەڵام تا ئێستا کێشەیی دوو دەوامی لە یەك بینایەی قوتابخانە هەیە بۆیە بەمجۆرەش سیستەمی تازەی خوێندن زۆر زەحمەتە جێبەجێ بکرێت و سەرکەوتوو نابێت، چونکە بینایەی قوتابخانەکان بەپێی ژمارەی دانیشتووانەکەی کەمن، لەلایەکی تریشەوە پێداویستی ئەو سیستەمە تازەیەی خوێندن دابین نەکراوە.

### خەڵك کەمتر ڕوویان لەکشتوکاڵ کردووە

سەبارەت بە کەرتی کشتوکاڵ ئایا لایەنی پێوەندیدار بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ئەم کەرتە چی لەم دەڤەرە کردووە، قایمقامی قەزای پشدەر وتی: حکومەت و لایەنی پێوەندیدار تا ڕادەیەك کاریان کردووە، بەڵام خەڵك کەمتر ڕووی لەکاری کشتوکاڵی کردووەو زیاتر ڕوویان لەدامەزراندن کردووە، گەرچی دەزانین ناوچەی قەڵادزێ بە توتن و گوڵەبەڕۆژ بەناوبانگە، ئێستا زۆر بەکەمی کار لەمبوارەدا دەکرێت و بە گشتی کەرتی کشتوکاڵ ئێستا لەقەزای پشدەر زۆر لاوازە و گرنگی پێ نادرێت، بۆیە لێرەدا دەڵێم پێویستە حکومەت سیستەمی ئیداری بەگشتی لەهەموو بوارەکان گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدات، با لێرەدا نموونەیەك باس بکەین، مووچەی مانگانەی پۆلیسێك(٤٠٠ بۆ ٥٠٠) هەزار دینارە ئەگەر ماوەی ساڵێك حیساب بکەیت و بەراوردی بکەیت لەگەڵ ئەو جووتیارەی کە کاری کشتوکاڵی دەکات دەبینی داهاتی پۆلیسەکە زیاترە لەجوتیارەکەو لەئەنجامدا جووتیارەکە کاری جووتیاری ناکات، بەڵکو ڕوو لەدامەزراندن دەکات.

لەتەوەرەیەکی تردا قایمقامی قەزای پشدەر وتی: لە هەموو دنیا ئاوایە کە کۆلیژەکان دابەش بکرێت بەسەر قەزاو ناحیەکاندا، نەك تەنیا بچێتە قەزایەك، بەڵکو کۆلێژ هەیە با لەگوندێك بێت، چونکە بوونی زانکۆ لەشارەکان هۆکاری قەرەباڵغی و هەڵاوسانی نرخ و کرێی خواردن و خانوو و هاتووچۆی لە دوایە، بۆ نموونە دەکرێت کۆلێژێکی کشتوکاڵی لەگوندێك بێت کە سوودی بۆ گوندەکە و قوتابییانیش هەیە لەشاری قەڵادزێ کۆلێژی پەروەردە هەیە و بڕیارە کۆلێژی پەروەردەی بونیادیش بێتەوە بۆ قەڵادزێ.

سەبارەت بەوەی ئایا دەستەی وەبەرهێنان کار و پرۆژەی لەقەزای پشدەر ئەنجامداوە؟ قایمقامی قەزای پشدەر وتی: دەستەی وەبەرهێنان هیچ کارو پرۆژەیەکی لە قەڵادزێ ئەنجام نەداوە، بەڵام بە هیواین لەماوەی چەند هەفتەیەکی تر بەردی بناغەی(١٠٠٠) خانووی نیشتەجێبوون دابنێین کە کۆمپانیایەکی ئێرانی مووتەمەکین ئەنجامی دەدات و دەڵێت هیچ پارەش لە حکومەت وەرناگرم تاوەکو پرۆژەکە تەواو دەبێت.

### سەبارەت بەدەسەڵاتی ئیداری و دارایی ئایا بۆتان دابەزیوە؟

**بینایەی قوتابخانەکان بەپێی ژمارەی دانیشتووانەکەی کەمن. لەلایەکی تریشەوە پێداویستی ئەو سیستەمە تازەیەی خوێندن دابین نەکراوە**

قایمقامی قەزای پشدەر وتی: دەسەڵاتە ئیدارییەکە کەم تا زۆرێك دابەزیوەو کاری پێکراوە، بەڵام داراییەکە تا ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، چونکە دارایی پێویستی بەیەکەی ژمێریاری و دابینکردنی بودجە هەیە.

سەبارەت بەوەی ئایا لەیادی کارەساتی قەڵادزێ چی دەکەن؟ قایمقامی قەزای پشدەر وتی: بێگومان لەساڵیادی ئەم ڕۆژەدا ڤیستیڤاڵێك ساز دەکەین و بەسەرپەرشتی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و لەلایەن حکومەتیشەوە گرنگی باش و تایبەتی پێدراوەو ماوەی ڤیستیڤاڵەکەش (٣-٤) ڕۆژ دەخایانێت.

لەکۆتاییدا قایمقامی قەزای پشدەر وتی: وەکو قەزای پشدەرو هەموو ئەو قەزاو ناحیانەی ڕاگوازرا بوون لەهەموو بوارو سێکتەرەکان بەگشتی کێشەو گرفتمان هەیە، چونکە بودجەکە بۆ قەزاو ناحیەکان دادەنرێت، بەپێی ژمارەی دانیشتووانە نەك بەپێی کەموکوڕی و پێداویستی خزمەتگوزارییەکان، هەرچەندە دەبێت ئەوەش بڵێین لەلایەن حکومەتەوە پرۆژە زۆر کراوە بەردەوامیشە بەڵام ڕاگەیاندنەکان کەمتەرخەمن و نەیانتوانیوە بەتەواوی کار و پرۆژەکان بخەنەڕوو.